# شیکردنەوەی دەروونی

تیری ئیگلتۆن

# شیکردنەوەی دەروونی

نووسینی: تیری ئیگلتۆن

وەرگێڕانی : سەلاّح حەسەن پاڵەوان

سلێمانی / 2004

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی گیرفانی ژمارە ( 49 )**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

# شیکردنەوەی دەروونی

نووسینی: تیری ئیگلتۆن

وەرگێڕانی : سەلاح حەسەن پاڵەوان

بابەت: دەرونزانی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولڕەحمان

هەڵەچن: نیشتمان محەمەد فاضل

تیراژ: 500 دانە

ژمارەی سپاردن : 224 ی 2004

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

**www.sardam.info**

## سەرەتا :

ئـەوەی لـەم پێشـەکییەدا مەبەسـتمە بیخەمـە ڕوو ڕوونکردنـەوەی ئـەو لایەنەیـە، ئایـا بۆچـی ئـەم بابەتـە پێویستە گرنگی پێ بدرێت، بە ڕای من لەبەر دوو هۆ:

یەکـەمیان لەبەرئـەوەی بابەتـە دەروونییـەکان و ئەوانەی دەربارەی شیکردنەوەی دەروونین ڕوویەکی دوو لایـەنیان هەیـە، لـە لایـەك لـە خانـەی زانستن و لـە لایـەکی دیکـەش بەشـدارن لـە بوارەکـانی ئـەدەب و ڕۆشـــنبیری و دەوڵەمەنـــدکردنی ڕێچـــکەکانی ڕۆشنبیریمان و پاڵپشتێکن بۆ گەشـەدان بـە ڕەخنـەی زانستی، هەروەها ئەم بابەتەش بەشێکە لەو هەوڵـە بۆ دامەزرانـدنی پردێـك لـە نێـوان ڕۆشـنبیری و زانسـتە مرۆییەکانی دیکە. بریتیـە لـە خستنەگەڕی زانست و شیکردنەوەی دەروونی لە بواری ئەدەب و هونەردا.

مـن بـەش بـە حـاڵی خـۆم پـاش خوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی تـیری ئیگڵتـۆن لـە نێـو کتێبەکـەی "پێشـەکییەك بـۆ تیئـۆری ئـەدەبی" ئـەم بەرهەمـەم دەرهێنا و کردم بە کوردی هەروەك چۆن پێشتریش بەرهـەمی (پـاش بوونیادگـەری) ئـەم نووسـەرەم وەرگێـڕا، ئـەویش لەبـەر گرنگـی بابەتەکـەی و لەبـەر

ئـەوەی ئـەم بەرهەمانـە زۆر بـە کـەمی لـە نووسـینی کوردیـدا بـەدی ئـەکرێن و بەرهەمێکـە لـە مـەودای تیئۆرەکـانی ئـەدەب و شـیکردنەوەی دەروونـی ئەسوڕێتەوە، هەروەها پێشتریش لە کتێبەکەی تریدا "پـاش بونیادگـەری" ئـەو تیئۆرانـەی خسـتۆتە ژێـر لێکۆڵینـەوە، وەك ئاشکراشـە ئـەم بابەتانـە بـۆ لێکۆڵینـەوە و ڕەخنـەی ئـەدەبی گـەلێ گـرنگن، بـەڵام نووسەر لەم نووسینەیدا ئەو ڕاستیانە ئەخاتە ڕوو کە بەشـێکن لـە پێکهاتـەی دەروونـی لـەنێو دەقـە ئەدەبییەکانـدا، نووسـەر لـە پێشـەکی نووسـینەکەیدا ئـەوە ڕوون ئەکاتـەوە کـە ئـەم کتێبـە هەوڵدانێکـە بـۆ شـیکردنەوەی هەنـدێ لـە ڕایـەکانی فرۆیـد دەربـارەی گرێی ئۆدیب و گەشەی منداڵ و ئەو هۆکارانەی ڕۆڵ دەگێڕن لە پەروەردەکردنی دەروونا.

دیـارە خسـتنەڕووی ئـەم بۆچـوون و دەربڕینانـە هەروا سـەرپێییانە نین بـەڵکو نووسـەر ئەگەڕێتـەوە بۆ ئەو پەیوەندیانـەی کە ئەدەب و بیر و سایکۆلۆژیا بە یەکتری ئەبەستێتەوە، نەك تـەنیا لـەم مەودایانە بەڵکو زیـاتر ئـەڕوات تـا ئەگاتـە ئـەو حاڵەتـەی کـە بڵێـت پەیوەندیـەکانی مـرۆڤ لـە سەرچـاوەی نـاکۆکی بـە سـایکۆلۆژیەکانەوە سـەریان هەڵـداوە، بەمـەش

ناوەستێت خۆی ئەکات بە نێو ئەو شاکارانەی کە باس لە کێشە دەروونیەکانی مرۆڤ ئەکەن و باس لە هەڵقولانی گرێی ئۆدیبی و کێشەی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەکات، هەروەها باس لەو هۆکارانە ئەکات کە مرۆڤ وا لیَ ئەکات لە بازنە دەروونییەکان بسورێتەوە و هەتا گەورەبوون و لەدایکبوونیش پێیانەوە بتلێتەوە. لەلای فرۆیدەوە ئەمانبات بۆ لای جاك لاکان و لەوێشەوە بە دنیای ڕۆمانەکەی (د. ه. لارنس)مان ئەناسێت و ئەمانباتەوە بۆ لای جۆلیا کریستیفا هەر بەمەش ناوەستێت لەو سنوورانەمان نزیك ئەکاتەوە کە ئیتر گومان لە لای خوێنەر دروست بکات لە بارەی ڕاستی بوونی گرێی ئۆدیبی، هەروەها پاش وردەڕوانینێکی زۆر ئەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کێشە و ململانیَ ئابووریانەی کە کۆمەڵگاکان پێوەی ئەناڵێنن، تا لە دوا پلەی لێکدانەوەکانی ئەمانخاتە نێو گومانەوە، واتە گومانکردن لە ڕاستی ئەو تیۆرانەی کێشەی مرۆڤ بە کێشەی دەروونیەوە ئەبەستنەوە، نەك ئەمەش نووسەر خۆی لە هەندیَ جێگادا کێشە چینایەتییەکان خۆی ئەکاتە سەنگی مەحەك بۆ لێکدانەوەی ئەو تیئۆرانەی فرۆید و نووسینەکانی د. ه. لارنس.

لە دوا وێستگەی نووسینەکەیدا بە دوودڵییەوە ئەڕوانێتە ڕاستی ئەم یاسایانە بەڵام گومان لە فرۆید ناکات، بەڵکو گومان لە خودی ئەو لێکدانەوە ئەکات کە بۆ فرۆید کراون.

ئەوەی کە ماوە بڵێم ئەم کتێبە یەکێکە لەو هەوڵدانەی کە ئەدرێ بۆ تیئۆرەکردنی ئەدەبی شیکردنەوەی دەروونی. هەروەها هەوڵێکە بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەو ڕۆمانەی کە لێکدانەوەی خوێنەر لە لێکدانەوەی نووسەر جودائەکاتەوە.

هەرچەندە ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبەکەی "پێشەکیەك بۆ تیئۆری ئەدەبی" بەڵام ئەکرێت وەکو بابەتێکی سەربەخۆ تەماشای بکرێت یان بخوێنرێتەوە.

دواجار ئەوە ماوە بڵێم کە ئەم بەشەم وەرگێڕا پشتم بە سێ وەرگێڕاوی ئەم کتێبە بەست کە ئەویش وەرگێڕانی (عەرەبی و فارسی) و "ئینگلیزییەکەی" بێگومان برای ئازیز کاك (سالار عەلی) بەراوردی وەرگێڕانەکەی منی کرد لەگەڵ تێکستە ئینگلیزییەکەی، بۆیە زۆر شت هەن لە هەردوو وەرگێڕانە عەرەبی و فارسییەکەی بە جوانی نەخراونەتە ڕوو، هەربۆیە ئەم تێکستە بە پشتبەستن بە تێکستە ئینگلیزییەکە پاکنووس کراوەتەوە.

## شیکردنەوەی دەروونی

لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا[1] ئاماژەم بۆ پەیوەندی نێوان تیئۆری ئەدەبی هاوچەرخ و شڵەژاوی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای سەدەی بیستەم کرد، بەڵام ئەم شڵەژاویانە بە تەواوەتی بریتی نەبوون لە دەرئەنجامی جەنگ و بارە ئاڵۆزە ئابوورییەکان و شۆڕشەکان، بەڵکو زیاتر ئەو کەسانە پێوەی ناڵاون کە خۆیان تێیدا ژیابوون، ئەم قەیرانە بریتییە لە قەیرانی هەلومەرج و کەسایەتی مرۆیی و هەروەها قەیرانی ئاشووبی کۆمەڵایەتی. ئەمەش مەبەست لەوە نیە کە شڵەژاوی و ترسی ئازار و پارچەپارچە بوونی دەروونی و ئەزموونی تایبەت بە جیاوازی نێوان ماتیۆئارنۆڵد تا پەولْ دۆمانە، بەڵکو ئەم ئەزموونە

---

[1] لێرەدا نوسەر مەبەستی لە بەشەکانی "پێشەکییەك بۆ تیئۆری ئەدەبی"یە، کە ئەم کتێبە لە ڕاستیدا لە پێنج بەشی سەرەکی و پێشەکیەك و ئەنجامێك پێکهاتووە –وەرگێڕ-.

پەیوەستە بە هەموو مێژووی تۆمارکراو. ئەوەی کە گرنگە ڕەنگە ئەمە بێت لەم قۆناغەدا ئەم جۆرە ئەزموونانە بە شێوەیەکی نوێ وەك ئەوەی ببێ بە بەشێکی ڕێکخراوی زانین تۆمارکراوە. ئەم بەشە پێی ئەوترێ "شیکردنەوەی دەروونی" ئەم قوتابخانەیە لە لایەن "سیگمۆند فرۆید"ەوە لە ڤیەننا لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم گەشەی پێدرا و ئێستاش ئەمەوێ هەندێ لە ڕایەکانی بخەمە ڕوو.

"لە شیکردنەوەی کۆتاییدا پاڵپێوەنەری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاڵپێوەنەرێکی ئابوورییە" ئەم وتەیە وتەی فرۆید بوو کە لە میانەی "چەند وانەیەکی سەرەتایی دەربارەی شیکردنەوەی دەروونی" خستیە ڕوو، نەك وتەی کارڵ مارکس. هەتا ئەمڕۆش ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بڵاوبوەتەوە بریتی بووە لە پێویستی کارکردن" بە پێی بۆچوونی فرۆید ئەم پێویستییە پتەوە ئەو مانایە ئەبەخشێت کە هەندێ لە ئارەزووەکانمان بۆ خۆشحاڵی و چێژ تەرخان بکەین. ئەگەر ژیان لە پێناوی مانەوە ناچاری نەکردینایە بە کارکردن، ڕەنگە زۆر بە ئاسانی شەو و ڕۆژ خەریکی تەمبەڵی و پاڵکەوتن بووینایە. هەرکەسە ئەبێت ئەم سەرکوتکردنە کە فرۆید ناوی لێ ناوە چەپاندنی

"بنەچەی چێژ" لە پێناوی "بنەچەی واقیع" لە بیری خۆی بەرێتەوە، بەڵام بۆ هەندێك لە ئێمە یان چاكتر بڵێین بۆ هەموو كۆمەڵگا گەر هاتوو ئەم سەركوتكردنە زیاد لە پێویست بوو ئەوكاتە ڕەنگە تووشی نەخۆشیمان بكات. هەندێ جار ئازایانە حەز بەوە دەكەین خۆشحاڵییەكانمان وەلاوە نێین، بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە، ڕەنگە دواخستنی خۆشییە كاتیەكان وا پێویست كات لە كۆتاییدا بە شێوەیەكی بەرفراوان تر بە چنگی بهێنینەوە. ئامادەین چەپاندنێ قبووڵ بكەین ئەگەر بزانین ئەو چەپاندنە دەسكەوتێكی سوودمەندی تێدایە، بەڵام ئەگەر داوای چەپاندنی زیاترمان لێ كرا ئەوا نەخۆش ئەكەوین. ئەم جۆرە نەخۆشییەش پێی ئەوترێت (نیۆرسیس)[2]، هەروەك وتم هەموو مرۆڤەكان ئەبێت تا ڕادەیەك بچەپێنرێن، بە پێی بۆچوونی یەكێك لە شیكەرەوانی فرۆیدیزم ئەكرێ وەچەی مرۆڤ ناوی لێ بنرێت "گیانلەبەری نیۆرسیس"ی ئەم جۆرە نیۆرسیسییە وەكو مرۆڤ پەیوەندی بە ئەفراندنمان و هۆكاری دڵتەنگیمانەوە هەیە. ڕێگایەك لە ڕێگاكانی مامەڵەكردن لەگەڵ ئارەزووە تێرنەبووەكانمان بریتییە لە پاڵاوتن و

[2] Neurses واتە نەخۆشی تێكچوونی عەسەبی فرمانداری.

لێگرتنەوە[3]، مەبەستی فرۆید لەم کارە بریتیە لە ڕێنوێنیکردن و دۆزینەوەی ڕێگای زیاتر بەرەو مەبەست و بەهای کۆمەڵایەتی زیاتر. ڕەنگە ئێمە لەگەڵ دروستکردنی پرد و کڵێساکان نائاگایانە لە گەڕاندا بین بە دووی ڕێگایەك بۆ مەبەستە سێکسییە ناکامەکانمان. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە هەمان ئەم جۆرە سست کاریانە هۆکاری هاتنەکایەوەی شارستانیەتن: لە ئەنجامی گۆڕینی ڕێچکەی غەریزەکانمان و ناچارکردنیان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئامانجە ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مێژووی ڕۆشنبیری.

ئەگەر مارکس لە میانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە و ئەو شێوە سیاسەتانەی کە پێویستێتی ڕوانیبێتە پێویستی ئێمەی مرۆڤ بۆ کارکردن، ئەوا فرۆید کاریگەری ئەو پێویستییە لەسەر ژیانی دەروونی شی ئەکاتەوە، ئەو نهێنی و ناکۆکیانەی کە فرۆید

[3] ئەم وشەیە لە فەرهەنگدا بە چەند مانایەك هاتووە/ یەکەم واتە گەرمکردنی مادەیەکی ڕەق تا ئەو حاڵەی گەرم ئەبێت ئینجا ئەپاڵێورێ، یان گۆڕینی وزەیەك بۆ شتێکی باڵاتر لە ڕووی ڕەوشت و ڕۆشنبیریەوە، واتە باڵایی و مەزنی و پاراوی sublimating.

**خستنەڕووەکانی خۆی لەسەر بونیاد ئەنێت، ئەمەیە کە ئێمە تەنیا لە ئەنجامی هاتنە خوارەوەی گشت ئەو ڕەگەزانەی کە ئێمەیان دروست کردووە بووین بەو شتەی کە هەین. ئەڵبەتە ئاگاداریەکی وامان لە بارەی ئەم دەسکەوتە بە دەستەوە نیە. هەروەك چۆن پیاوان و ژنان بە پێی بۆچوونی مارکس هیچ ئاگادارییەکیان لە بارەی ئەم دەسکەوتە کۆمەڵایەتیانەوە نییە کە شێوەیەك بە ژیانیان ئەبەخشێت. لە ڕاستیدا بە پێی پێناس ناتوانین ئاگاداری ئەو واقیعە بین، چونکە ئەم ئارەزووە تێرنەکراوانەی خود ئەخەینە جێگایەك کە پێی ئەوترێت ناهۆشمەندی. بەڵی ئەو پرسیارەی بەردەوام ئەکرێت ئەمەیە بۆ ئەبێت لە جێگای هێلکە شەیتانۆکە و کیسەڵ، مرۆڤ گیانلەبەرێکی (نیۆرسیس)ی بێت؟ ڕەنگە ئەم دیدگایە تەواو جۆرێك بووبێت لە بە ئەنجامکردنی ڕۆمانتیکی ئەم جۆرە بوونەوەرانە و ئەم بوونەوەرانەش ڕەنگە لە نهێنیدا زۆر لەوە نیۆرسیستر بن کەوا بیری لێ ئەکەینەوە، بەڵام وا دیارە ئەوان لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکان بە تەواوی هاوسەنگی پەیدا ئەکەن، سەرەڕای بوونی حاڵەتێ یان دوو حاڵەتی تۆمارکراو لە بارەی ئیفلیجی هێستریایی لای ئەم بونەوەرانە. یەکێك لەو سیفەتە**

دیارانەی مرۆڤ لە سەرجەم گیانلەبەرانی تر جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە بە هۆی کامڵبوونەوە بەردەوام بەبێ هیچ شێوازێکی بەرگری لە دایك ئەبین، بۆ مانەوەی خۆشمان بەردەوام لەژێر چاودێری ئەندامە گەشەکردووەکانی وەچەی خۆمانین هەر بۆ نموونە دایك و باوکمان. لەبەرئەوەی مرۆڤ بە تەواوی بێ دەسەڵاتە و هەموو پشتێکی بەوانە بۆ مانەوەی خۆی و ژیان بەسەربردن. ئەوەشی بەم کارە هەڵدەستێت دایك و باوکن. ئێمە هەموومان "پێش گەشەکردن" لەدایك ئەبین. بەبێ ئەم چاودێریکردنە بەردەوام و نەبڕاوەیە هەر زوو ئەمرین. مەسەلەی پەیوەست بوون بە دایك و باوکەوە بە پلەی یەکەم هۆکارێکی ماتەریالی و هەلومەرجی خۆراك پێدان و پاراستنێتی لە ئازار. ئەمەش مەسەلەی تێرکردنی ئەو شتەیە کە پێی ئەوترێت "غەریزەکانمان"[4] مەبەست لەم غەریزانەش ئەو پێویستییە بایەلۆژییە جێگیرانەیە کە لە لای مرۆڤ هەیە بۆ دەستکەوتنی خۆراك و گەرمی.. هتد. (ئەم جۆرە غەریزانە کە پارێزگاری دەروون ئەکەن، ئەبینین نەگۆڕە و وەك

[4] Instinets

پاڵپێوەنــەرەکان)[5] نــین کــە زۆر جــار سروشــتیان ئەگۆڕێت). بەڵام پشت بەستنمان بە دایك و باوك بۆ ئـەم ئەرکانـە تـەنیا پەیوەسـت نییـە بـە پێویسـتییە بایەلۆژیەکانمانەوە. منداڵی شیرەخۆرە لە پێناوی شیر مـەمکی دایکـی ئەمـژێت، بـەڵام لـە ئەنجامـدا بـۆی دەرئەکەوێت ئەم چالاکییە لە بنەڕەتەوە چالاکییەکی بایەلۆژی و چێژبەخشە" بە پێی بۆچوونی فرۆید ئەمە سـەرەتای سـەرهەڵدانی چـالاکی سێکسـییە. دەمـی منـداڵ نـەك تـەنیا وەکـو ئەنـدامێك گرنگـە بـۆ مانـەوەی ماتـەریالی بـوونی ئـەو، بـەڵکو ئەشـبێتە ناوچـەیەکی شەهوەتئامێز، کە منداڵ پاش چەند ساڵێك ئەم کارانە دووبارە ئەکاتەوە، بە مژینی پەنجە کەڵەکەی و دوای ماوەیـەکی دیکـەش بـە ماچـکردنی. پـاش ئـەم هـەموو قۆناغـە پەیوەنـدی لەگـەڵ دایکـدا مەودایـەکی ژیـانی پەیدا کردووە: سێکسایەتی کە سەرەتا پەیوەست بوو بـە غـەریزە بایۆلۆژییەکانـەوە جۆرێك لـە پاڵپێوەنـەری دروسـت کردبـوو، بـەڵام ئێسـتا خـۆی لـەو غەریزەیـە جوودا کردۆتەوە و سەربەستییەکی بەخۆ بەخشیوە. بە بڕوای فرۆید چێژی سێکسـی جۆرێکە لـە "لادان"،

[5] Drives

لادانــی غــەریزەی پارێزگــاریکردنی خــود بــەرەو ئامانجێکی دیکە.

لەگــەڵ گــەورەبوونی منــداڵ زۆربــەی ناوچــە شەهوەتئامێزەکانی دێنە ئاراوە. ئەم قۆناغە فرۆید ناوی لێناوە "دەمە قۆناغ"، بە یەکەمین قۆناغی ژیانی سێکسیی دائەنرێت و ئەم قۆناغەش هاوڕێیە لەگەڵ پاڵپێوەنەری جووتبوون لەگەڵ شتەکان. لە قۆناغی کـۆم، لـەم قۆناغـەدا کـۆم ئـەبێت بـە ناوچـەیەکی شەهوەتئامێز، بەوەی کە منداڵ لە کاتی دانیشتندا هەســت بــە چــێژێك ئــەکات، لــەم قۆناغــەدا بەراوردکارییەکی نوێ لە نێوان چالاکی و هەڵچوون سەرهەڵ ئەدات کە لە دەمە قۆناغدا نەزانرابوو. ئەم قۆناغە قۆناغێکی سادەیە منداڵ لەم قۆناغەدا بە ئەنجامدانی چالاکی فڕێدان و لەناوبردن هەست بە چێژێکی سێکسی ئەکات" بەڵام ئەم چێژە هاوڕێیە لەگــەڵ حــەزی چـاودێری و پاراســتنی موڵکایــەتی. منــداڵ شــێوەیەکی نـوێ فێرئـەبێت لـە دەسـەڵات و کۆنترۆڵکردن و چارەسەرکردنی حەزەکانی کەسانی دیکە لە ڕێگـای "قبـوڵ" کردنـی فڕێـدان و یـاخود "ڕێلێگرتنی" فڕێدان. قۆناغی "زەکەر"[6] ئەم قۆناغە

[6] لێرەدا مەبەست لە کۆئەندامی زاوزێی نێرە واتە کێر.

بەوە دەست پێ ئەكات، هەموو بیر و هۆشی منداڵ لای ئەو كۆئەندامەیە، بۆیە ئەم قۆناغە پێی ئەوترێ قۆناغی زەكەر لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا بە پێی بۆچوونی فرۆید تەنیا كۆئەندامی پیاوان ئەناسرێتەوە. لە ڕوانینی فرۆیدەوە كچی منداڵ لەم قۆناغەدا ئەبێ بە كلیتوریس[7] ڕازی بێت نەك بە گولینك (مەهبەل) كە ئەمەش هاوبەرامبەرە لەگەڵ زەكەری پیاو. ئەوەی لەم قۆناغەدا ڕووئەدات — هەرچەندە ئەم قۆناغانە تێكەڵ بە یەكتر ئەبن، بۆیە نابێ وا تەماشای بكرێت كە ئەم قۆناغانە بریتین لە بەدواهاتنێكی ورد– بریتییە لە پرۆسەی ڕێكخستنی دوابەدوای یەكهاتنی پاڵپێوەنەرە لیبیدۆییەكان، ئەڵبەتە هەتا ئێستاش هەر لە دەوری لەشی منداڵدا ئەسوڕێتەوە. ئەم پاڵپێوەنەرانە لەوپەڕی گۆڕاندان و بە هیچ جۆرێك وەك غەریزە بایەلۆژییەكان جێگیر نین: ئامانجەكانیان لە پڕ و قابیل بە گۆڕانن، پاڵپێوەنەرێكی سێكسی ئەتوانێ جێگەی خۆی ببەخشێتە پاڵپێوەنەرێكی سێكسی دیكە. بەرامبەر بەمە ئەو وێنەیەی ئەتوانین دەربارەی سەرەتای

---

[7] لێرەدا مەبەست لە بەشێكە لە كۆئەندامی زاوزێی ئافرەت كە بە كوردی وشەی میتكە بەكارئەهێنرێت.

ساڵەکانی یەکەمی ژیانی منداڵ بەدەستەوەی بدین ئەوەیە کە منداڵ لەم ساڵانەدا تەنیا بوونەوەرێك نییە لە بەرامبەر ئامانجێکی پایەدار وەستابێت و داوای بکات، بەڵکو مەیدانێکی دژوار و بگۆڕە کە تیایدا کەس، واتە خودی منداڵ کۆئەبێتەوە و پەڕاگەندە ئەبێت، لەم قۆناغەدا منداڵ خاوەنی شوناسنامەیەك نییە و، سنورەکانی نێوان ئەو و جیهانی دەرەوە ئاشکرا نییە. لە دەروونی ئەم مەیدانەی هێزی ژیان، شتەکان و هەندێ لە بەشەکانی شتەکان بە ڕێکوپێکی و یەك لە دوای یەکتری جێگیر ئەبن و لەناو ئەچن و وەك دەستگایەکی وێنەی جوڵاوە جێگای خۆیان ئەگۆڕن، لە نێوان ئەم شتانە ئەوەی بە بەرجەستەیی ئەبینرێ لەشی منداڵە کە یاری پاڵپێوەنەرەکان بەسەریدا ئەخزێن. ئەکرێ ئەم کردارە ناوبنرێت "ئاوتۆ– ئیرۆتیزم. چێژی سێکسی لە خود"، هەندێ جار فرۆید گشت چێژە سێکسیەکانی منداڵ ئەخاتە ئەم خانەیەوە: منداڵ لە لەشی خۆیەوە سێکسی چنگ ئەکەوێت، بەبێ ئەوەی هێشتا توانای هەبێ ئەو شتە بە تەواوی لە قەڵەم بدات. کەواتە ئەبێت ئەوەی فرۆید ناوی لێناوە (نێرسیسی) لە چێژی سێکسی لە خود – ئاوتۆ ئیرۆتیزم جیابکرێتەوە" نێرسیسی حاڵەتێکە

تیایدا لەش یا خودی کەسەکە بە تەواوی جووڵەی شەهوەتئامێز تیایدا دروست ئەبێت یاخود ئەبێتە جێگای سەرسوڕمان.

ئاشکرایە لەم حاڵەدا ئەوە لە منداڵ چاوەڕوان ناکرێت تا ببێتە هاووڵاتییەك یا بتوانێت بۆ تاقە ڕۆژێکیش ئەرکێکی دژوار ئەنجام بدات. بەڵکو منداڵ لەم قۆناغەدا بە پێی ئەو ناولێنانەی فرۆید لەژێر دەسەڵاتی بنەچەی چێژە، بوونەوەرێکی ئاژاوەچییە، سادیزمە، هێرش بەرە، بە خۆیەوە خەریکە، بەردەوام وێڵە بە دوای چێژدا، هیچ ڕێزێك دانانێن بۆ جیاوازی نێوان توخمەکان. هێشتا ناکرێت بەو بووترێت "بوونەوەرێکی خاوەن سێکس"، ئەو لە ژێر کاریگەریی پاڵپێوەنەرە سێکسیەکانەوە ئەسوڕێتەوە، بەڵام ئەم وزە ژیانییە توانای جیاوازی کردنی نییە نێوان نێر و مێ، گەر بڕیار وا بێت بە پێی ئاداب منداڵ لە ژیانیدا سەرکەوتوو بێت ئەبێت چاودێری بکرێت، میکانیزمی ئەنجامی ئەم چاودێری کردنە، ئەو گرێ "ئۆدیب"یە بەناوبانگەی فرۆیدە. ئەم منداڵەی لە قۆناغی پێش ئۆدیبییەوە کە پێشتر باسمان کرد دێتە ئەم قۆناغە نەك تەنیا کەسێکی ئاژاوەچی و سادیزمە، بەڵکو لەگەڵ مەحرەمانیشدا

زیناکــەرە. نزیکــی کــوڕ لــە جەســتەی دایــك بــە ناهۆشمەندی وای لێ ئەکات کە ئارەزووی یەکبوونی سێکسی لەگەڵ دایکیا بە ئەنجام بگەیەنێ، بەڵام کچ بە هەمان شێوە لە پەیوەندی سێکسیدا بووە لەگەڵ دایکیـا و یەکـەمین حـەزی سێکسـی هاوتوخمبـازی بووە. بەڵام لە دواییدا ئەم مەیلە وردە وردە گۆڕاوە بەرەو پاڵپێوەنەری سێکسی بۆ لای باوك. ئەتوانرێ بووترێ پەیوەندی دوولایەنەی نێوان منداڵ و دایك لە ئێستاوە ئەگۆڕێت بۆ پەیوەندی سێ لایەنەی نێوان دایك و باوك و منداڵ، بە پێی ڕوانینی منداڵ سۆزێك بەرامبـەر بـەو دایـك و باوکانـە دەرئەکـەوێت کـە لـە تـوخمی جیـاوازن، دایـك و بـاوکی هـاوتوخم وەکـو ڕەقیبێ دەرئەکەون.

ئەوەی وا لە منداڵ ئەکات بیر لە کاری زیناکردن لەگــەڵ دایکــی خۆیــدا نەکاتــەوە، هۆکــاری ئــەو هــە ڵسوکەوتەیە کە باوك بەرامبەری ئەینوێنێ، ئەویش بە مەبەســتی خەســاندنی. بۆیــە پێویســت نیــە ئــەم هەڕەشەیە ئاشکرا بێت" بەڵام کوڕ بە بینینی کچ کەوا خەسـێنراوە ئــەم مەســەلەیەش وەکــو شــێوەیەکی مــەجازی ڕەنگــە تووشــی ئــەمیش بێــت. بۆیــە بــە دڵەڕاوکێوە حەزی زیناکردن لە ناخی خۆیدا ئەکوژێ

و، خـۆی لەگـەڵ "بنەچـەی واقیـع"دا ئـەگونجێنێ و تەسلیمی باوك ئەبێ، نێوەندێك ئەخاتە نێوان خۆی و دایکییــەوە، بــەڵام بــە دڵنەواییــەکی ناهۆشمەندانــە هێـوری خـۆی ئەداتــەوە چـونکە نـەیتوانیوە بـاوکی لابەرێ و دایکیشی بکات بە موڵکی خۆی، بۆیە باوك ئەبێتە هێمایەك بۆ جێگا و ناجێگایەتی کە ئەکرێ لە ڕابردوودا منداڵ بتوانێت داگیری بکات و حەزەکانی خۆی بەدی بێنێت. گەر ئێستا نەبووە بە باوك ئەوا لە ئایندەدا ئەبێت بە باوك، منداڵ لەگەڵ باوکیا پـەیمانی ئاشتی ئەبەستێت بەم جۆرە دەست ئەکات بە پڕۆژەی نەخشـەی نوێنەرایـەتیکردنێکی پیاوانـە. ئـەو کاتـە ئەبێتە کەسێکی خاوەن توخم، بەسەر گرێی ئۆدیبدا سەرئەکەوێت، بەڵام لـە میانـەی ئـەم پرۆسـەیەدا حـەزە یاسـاغەکانی گوایـە وەژێـر گـڵ ئـەنێت یـاخود لـە شوێنێك حەشاری ئەدات ئەکرێ ئەو شوێنە ناوبنرێت ناهۆشمەندی. منـداڵی کوڕ وەکو پیاوێك لـە قۆنـاغی دروســتبوونە، لــە چوارچــێوەی ئــەو بۆچــوون و ئەرکانەی کە کۆمەڵگاکەی بۆ (نێر)ی داناوە نەشونما ئەکات. ئەویش ڕۆژێك دێت ئەبێ بە باوك لە پڕۆسـەی بەرهـەمهێنانی سێکسـی بەشـداری ئـەکات بـۆ ئـەوەی پارێزگــاری ئــەم کۆمەڵگایــە بکــات. پاڵپێوەنــەرە

سێکسییه سەرەتایەکانی منداڵ لە ڕێگای گرێی ئۆدیبەوە بە جۆرێك ڕێکوپێك کراوە کە بە دەوری کۆئەندامی زاوزێدا چەق ببەستێت. ئەگەر کوڕێ نەیتوانی بە سەرکەوتوویی بەسەر گرێی ئۆدیبیدا زاڵ بێت، لەوانەیە لە ڕووی سێکسەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەندە توانا و ئامادەیی نەبێت: ڕەنگە ئەو وێنەی زەینی دایکی خۆی لەسەر ڕووی هەموو ژنەکانی ترەوە دانێت، بە بڕوای فرۆید لەوانەیە ببێتە هۆی هاوتوخمبازی یاخود هەست بەو خاڵە بکات کە ژنان (خەسێنراون) ئەمەش گورزێکی ڕۆحی ئەوەندە قووڵی تێ ئەسرەوێنێ کە نەتوانێت هیچ چێژێك لەو پەیوەندییە سێکسییە لەگەڵ ئەواندا ببینێت.

بەڵام بەسەرهاتی تێپەڕبوونی کچی منداڵ بە قۆناغی گرێی ئۆدیبی تا ڕادەیەك ڕوون نییە، ئەبێ ڕاستەوخۆ بڵێین فرۆید دەسەڵاتی پیاوی بەسەر کۆمەڵگاکەیدا بە شێوەیەکی چاك بەرجەستە نەکردووە، ئەویش بە گێژبوونی بەرامبەر بە توخمایەتی ژنانە –کە فرۆید لە قۆناغێکدا ناوی لێناوە "کیشوەری تاریك". لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بواری ئەوەمان ئەبێت دەست بکەین بە لێکۆڵینەوەی شێوەی بیرکردنەوەی بێمانا و دەمارگیری فرۆید

بەرامبەر بە ژنان، كە ئەمەش گەلێك لە بەهای كارەكانی ئەوی هێناوەتە خوارەوە" ئەو ڕاپۆرتەی دەربارەی قۆناغی تێپەڕبوونی كچانە بە گرێی ئۆدیبی ئەوەندە ئاسان نیە لەم ڕەوشتە سێكسیانەی جیابكەینەوە. كچی منداڵ تێبینی ئەكات لە پلەیەكی نزمتردایە ئەویش لەبەرئەوەی "خەسێنراوە" بۆیە لە دایكی خەسێنراوی دوورئەكەوێتەوە، بەرەو بەلەسەكردنی باوكی ئەڕوات، لەبەرئەوەی چارەنووسی ئەم پڕۆژەی بەلەسەكردنە سەرنەكەوتنە، بۆیە ئەبێت لە ئەنجامدا بە دوودڵییەوە بۆ لای دایكی بگەڕێتەوە، خۆی لەگەڵ دایكیا بگونجێنێ و ڕۆڵی مێینە هەڵبژێرێ –بە ناهۆشمەندانە ئەو منداڵەی كە ئارەزووی بوو لە باوكی هەیبێت ئەیگۆڕێتەوە بەو زەكەرەی كە لە نەبوونیا حەسرەت ئەخوا و بەڵام هەرگیز ناتوانێت هەیبێت، هیچ بەڵگەیەكی ڕوون نیە بۆچی كچ ئەبێت ئەم ئارەزووە واز لێ بێنێت، لەبەرئەوەی خەسێنراوە كەواتە ناكرێ هەڕەشەی خەساندنی لێ بكرێت، بۆیە ئاستەنگە بزانرێت لەژێر چ پرۆسەیەك و كارێكدا گرێ ئۆدیبییەكەی ئەتوێتەوە. ئەم پرۆسەی خەساندنە زۆر دوورە لەوەی كە ڕێگر بێت لە بەردەم ئارەزووی سێكسی لەگەڵ

مەحرەماندا هەروەك لەلای كوڕان بینیمان، كە چۆن ئەم كردارە بۆ ئەم لە سەرەتادا مەیسەر بوو. سەرەڕای ئەمەش، كچ بۆئەوەی بچێتە نێو گرێی ئۆدیبییەوە ئەبێت "بابەتی عیشق"ی خۆی لە دایكەوە بۆ باوك بگۆڕێت، كەچی كوڕ بەردەوام ئەبێت و هەر خۆشەویستی لەگەڵ دایكی خۆی ئەكات" لەبەرئەوەی گۆڕینی خۆشەویست كارێكی گرانە و زۆر ئاڵۆزە، بۆیە گرفت بۆ ئافرەتان دروست ئەكات لە بارەی تێپەڕبوونیان بە قۆناغی گرێی ئۆدیبی.

پێش ئەوەی واز لە گرێی ئۆدیبی بهێنین ئەبێ لە دیدگای فرۆیدەوە گرنگی تەوەری ئەم گرێیە بخەینە بەر باس و لێكۆڵینەوەوە. ئەم گرێیە وەكو هەموو گرێكانی تر تەنیا گرێیەكی ئاسایی نییە، بەڵكو بونیادێكی گونجاوە كە ئێمە لەو بونیادەوە ئەبین بەو پیاو و ژنەی كە هەین. ئەمەش ئەو خاڵەیە ئێمە لە میانەیدا وەك مرۆڤ دروست ئەبین و پێ ئەگەین، یەكێك لە مەسەلەكانی ئێمە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە لە ڕووی دروستكردن و كاردا ناتەواو و عەیبدارە. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە گواستنەوە لە بنەچەی چێژەوە بۆ بنەچەی واقیع، لە ئابلۆقەی خێزانەوە بۆ مەیانی بەرفراوانی كۆمەڵگا، لەبەرئەوەی لە زیناكردن لەگەڵ

مەحرەمدا ئەڕۆین بۆ پەیوەندییەکانی پاش خێزانی، لە سروشتەوە جوڵە ئەکەین بۆ کولتوور، چونکە لەم قۆناغەدا ئەتوانین پەیوەندی مەلۆتکە لەگەڵ دایکیدا وەك پەیوەندییەکی سروشتی ببینین. منداڵی پاش گرێی ئۆدیبی وەك کەسێکە هەوڵ ئەدات لە نێو سیستمی کولتوریدا بە شێوەیەکی گشتی شوێنەوارێك بۆ خۆی داگیر بکات (لەگەڵ ئەمەشدا، وا دانرێت کە پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایکدا پەیوەندییەکی سروشتیە، ئەمەیان لە لایەك جێگای گومانە، ئەویش لەبەرئەوەی لە لایەنی کەمەوە لای منداڵ گرنگ نییە کێ واقیعی ئەم پەیوەندییە فەراهەم ئەکات). سەرەڕای ئەمەش بە بڕوای فرۆید گرێی ئۆدیبی سەرەتای دەرکەوتنی ئاکار و ویژدان و ماف و هەموو شێوە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکانە. یاساغی واقیعی یان یاساغی زیناکردن لەگەڵ باوکدا، سیمبولی هەموو هێزە مەزنەکانە کە ئەبێ بەرامبەری بوەسترێتەوە، هەروەها بە (چاندنی بیر بە ناهۆشمەندی)[8]ی ئەم یاسای باوك سالاریەیە کە لە دوایدا منداڵ دەست ئەکات بە دروستکردنی ئەو شتەی کە فرۆید پێی ئەڵێت (

[8] Introjecting

سوپەر ئیگۆ- خودی باڵا)" لەوێشدا دەنگی پڕ هەیبەت و ویژدان تەمێکردن ئامادەیی هەیە.

ئێستا وا پێ دەچێت هەموو شتەکان جێگای خۆیان گرتووە، تا نەخشەی سێکسی پێبگات. ڕازیبوونیش دوابکەوێت، دەسەڵات قبووڵ بکرێت، دووبارە دروستبوونەوەی خێزان و کۆمەڵگا بەردەوام بێت. بەڵام ئێمە ناهۆشمەندی یاخی و بەلەسەبوونمان لەیاد کرد. ئێستا منداڵ جۆرێك لە (خود) یاخود شوناسنامەی تاکەکەسی تەواوی بەخشیوە کە جێگایەکی تایبەتی لەنێو تۆڕی سێکسی و لە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئەمەش تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی حەزە گوناهەکانی خۆی و بە چەپاننیان لە ناهۆشمەندی بە ئەنجام ئەگات. ئەو مرۆڤەی لە پرۆسەی ئۆدیبییەوە سەرهەڵئەدات کەسایەتیەکی پارچەبووە، بە شێوەیەکی نادڵنیا و ناجێگیر لە نێوان هۆشمەندی و ناهۆشمەندیدا دابەش بووە" ناهۆشمەندیش ئەتوانێ هەمیشە بگەڕێتەوە لای و بێزاری بکات. لە گفتوگۆی ئاسایی ئینگلیزی لە جیاتی زاراوەی "ناهۆشمەندی" زیاتر سوود لە

واژەی "ژێـــر هۆشمەنـــدی"[9] وەرئـــەگرێت، بـــەڵام بەكارهێنانی ئەم زاراوەیە بە لایەنی كەمەوە نیشانەی ئەوی تری پەتی ناهۆشمەندییە هەروەها ئەوەش بە جۆرێك وێنە ئەكێشێت كە ئاماژەیە بۆ ئەو ژێر ڕووەی كە ئەكرێ بە ئاسانی دەست بیگاتێ. ئەمەش بە كەمی ئەڕوانێتە بێگانەبوونی تەواوی هۆشمەندی واتە ئەم داوایەی كە شوێنێك هەیە و شوێنێك نیە، بە تەواوی بەرامبەر بە واقیع ناچوونیەكە و لۆجیك و نەفیكردن، هۆكار و دژایەتی قبوولْ ناكات، بە شێوەیەكی تەواو پەیوەستە بە مەیانی گەمەی غەریزە و پاڵپێوەنەرەكان و گەڕان بە دووی چێژدا.

ئـەو شـاڕێگایەی كـە بـە ناهۆشمەنـدی ئـەگات (خـەوە). خـەو ڕێگـای ئـەوەمان پـێ ئـەدات ئـەو كاتـەی سـەرگەرمی كـارین، ئـاوڕێكی خێـرا و بـەرفراوان لـە ناهۆشمەندی بدەینەوە. بە پێی بۆچوونی فرۆید خەو ڕازیكردنـی حـەزەكانی ناهۆشمەندییـە، ئـەو حەزانـە ئەچنە قاڵبی هێماوە چونكە ئەم مادەیە گەر هاتوو

---

[9] Subconscious هەرچەند وەرگێڕی فارسی ئەم وشەیەی بە نیوە هۆشمەندی وەرگێڕاوە، بەڵام وەرگێڕانی ئەم وشەیە واتە بێ هۆشمەندی بەڵام ئەمە ناهۆشمەندی ناگەیەنێ (وەرگێڕ).

ڕاستەوخۆ دەربڕێت گەلێك ترسناك و كاریگەرە و لە خەو ڕامانئەچڵەكێنێ. بۆیە ئەبێت كەمێك بخەوین، ناهۆشمەندی ماناكانی خۆی بە شێوەیەك ئەشارێتەوە و خۆشیان ئەكات و ڕێگایان ئەگۆڕێت بە جۆرێك كە خەونەكانمان ئەبن بە كۆمەڵێ دەقی سیمبولی، ئەبێت ئێمە سیمبولەكانیان شیبكەینەوە. "خود"ی ڕەقیب لە كاتی خەونەكانیشماندا هەر خەریكی كاری خۆیەتی، لێرە و لەوێ چاودێری وێنەیەك ئەكات و هەواڵێك لە پڕ و خێرا دروست ئەكات، ناهۆشمەندیش بە شێوازی تایبەت و كاریگەر خۆی لەسەر ئەم ئاڵۆزییە زیاد ئەكات. ناهۆشمەندی بە شێوەی مەبەست و هەڵچووی خۆی، چەند وێنەیەكی تەواو لە یەك (دەستەواژەدا) كۆئەكاتەوە" یان مانای شتێك بە مانایەكی پەیوەستدار بەو شتەی ناوە لە خەوداcrab[10] ئەگۆڕێتەوە، بۆ نموونە من كە دوژمنایەتیم لەگەڵ كەسێكە ئەو دوژمنایەتیە بە هێرش بردنم دژ بە قرژاڵێك دەری ئەبرم. ئەم چڕكردن و جێگۆڕكێ بەردەوامەی مانا بەسەر ئەو شتەدا جێبەجێ ئەبێت كە ڕۆمان یاكۆبسن

[10] لێرەدا نووسەر ناوی خێزانی كەسێك بەكاردێنێت كە پێی ئەڵێن كراپ لە ئینگلیزیدا هاوبەرامبەرە لەگەڵ ناوی قرژاڵ.

بە دوو ئـەنجامی سـەرەتایی زمـانی دائـەنێت: خواسـتن (چـڕكردنەوەی ماناكـان لەگـەڵ یەكتریـدا)، مـەجازی (جێگۆڕكێ كردنی مانایەك لەگەڵ مانایـەكی دیكە. هـەر ئەم داوایە بوو وای لە شیكەرەوەی دەروونـی فەڕەنسـی جـاك لاكـان كـرد كـە بڵێـت: (ناهۆشمەنـدی وەك زمـان خـاوەنی بونیـادە). تێكسـتەكانی –خـەویش سـیمبولین لەبەرئـەوەی ناهۆشمەنـدی بـەو بەڵگەیـەی تـا ڕادەیـەكی زۆر لـە چوارچـێوەی وێنـەی بینیاریـدا دیـاریكراوە" لـە هونـەری پیشـاندانی ئـەو شـتەی كـە ئەیـەوێ بیڵێـت سسـتە، بۆیـە هەمیشـە ئـەبێت بـە شـێوەیەكی فێڵبازانـە مانـا پیتییـەكان بـۆ شـێوە بینیارییـەكان بگۆڕێـت. بەهەرحاڵ خەونەكان بە جوانی ئـەوە نیشـان ئـەدەن كـە ناهۆشمەنـدی خـاوەنی توانایـەكی چـڵێس و تەمبـەڵ و بێ وەسیلەیە كە مادده پەرش و بڵاوەكان تێكەڵ ئەكات و لـەو تێكەڵكردنـە ترخێنەیـەكی تێكـەڵاو دروسـت ئـەكات. ئـەوەی بـە هەڵـە پێـی دراوە ئەیخاتـە لاوە جـۆرێكی گونجـاوتر ئەخاتـە جێگـای ئـەو، لەگـەڵ ئـەو شتەش كـە تـازە هاتووەتـە بـازاڕەوە خـۆی ئـەگونجێنێ (چونكە خـەون بـە شـێوەیەكی فرسـەت خوازانـە لەسـەر نـوێنی "پاشماوەكـانی ڕۆژ" ئەجوڵێتـەوە) ئـەو ڕووداوانـەی بـە درێـژایی ڕۆژ ڕوویانـداوە، یـاخود ئـەو

هەستانەی لە کاتی خەودا تاقیکراونەتەوە لەگەڵ وێنەکانی قوڵایی سەردەمی منداڵ تێکەڵ ئەبن.

خەون سەرەکیترین ڕێگایە بۆ گەیشتنمان بە ناهۆشمەندی، بەڵام تەنیا ڕێگایەك نییە کە هەمانبێت. هەروەها هەندێ شتی دیکەش هەیە فرۆید پێیان ئەڵێت Paraparaxes خواست و مەبەستەکانی ناهۆشمەندی و تەتەڵەکردنە حیساب بۆنەکراوەکانی زمان، ناکامییەکانی بیرەوەری، پێشێلکردن و باش تێنەگەیشتن و باش نەخوێندنەوە، دانانی شتێك لە شوێنێك و لە بیرچوونەوەی، هەموو ئەمانە ڕەنگە تا خواست و نیازە بێ مەبەستەکانیش بڕکەن. ناهۆشمەندی تەنانەت لەو نوکتە و قسەخۆشانەشدا هەیە کە فرۆید بڕوای وایە ئەم شتانە ناوەڕۆکی سێکسیان هەیە و ناتەواو و وێرانکەرن. بەهەر حاڵ ناهۆشمەندی بە وێرانترین شێوە دەست وەرئەداتە شێوە جۆراوجۆرەکانی نارەحەتی دەروونی. ڕەنگە ئارەزوو ناهۆشمەندی دیاریکراومان هەبێت کە نەتوانین ڕەتیان بکەینەوە، هەروەها جورئەتی ئەوە نەکەین بە کردار ئەنجامیان بدەین" لەم جۆرە هەلومەرجەدایە کە ئارەزوو بۆ ڕێگایەك ئەگەڕێت بۆ ئەوەی لە ناهۆشمەندی بێتە دەرەوە، بۆیە پەنا ئەباتە

بەر زۆرکاری، (بەڵام (خود) لە پێناوی بەرگریکردندا ڕێگای لێ ئەگرێت، ئەنجامی ئەم ململانێیەش ئەو شتەیە کە پێی ئەوترێت (neurosie) عەساب. نەخۆش بە شێوەیەکی سازشکارانە هەندێ نیشانە لە خۆیدا نیشان ئەدات، لە هەمان کاتدا پارێزگاری ئارەزووی ناهۆشمەندی ئەکات، بەڵام ئەمانەش بە نهێنی دەرئەبڕێت. ئەم جۆرە نەخۆشە ڕەنگە ئەم حاڵەتانەی هەبێت وەسواسی (دەستلێدانی گشت دارتەلەکانی سەرشەقام) هیستریا (بە بێ هیش نەخۆشیەکی جەستەیی دیاریکراو دەستی بلەرزێت) یان فۆبیا (بە بێ هیچ هۆیەك لە شوێنی کراوە و هەندێ گیانلەبەران بترسێت). شیکردنەوەی دەروونی لە پشتی ئەم نیۆرسیۆسانەوە (عەسابانەوە) هەندێ لەو کێشمە چارە نەکراوانە دەستنیشان ئەکات کە ڕیشەیان بۆ قۆناغەکانی منداڵی ئەگەڕێتەوە، یان ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەبێت لە بەشەکانی ئۆدیبیدا بە دوویاندا بگەڕێین. لە ڕاستیدا فرۆید گرێی ئۆدیبی بە (ناوکی نیۆرسیس)ی دائەنێت. لە ڕاستیدا پەیوەندییەك لە نێوان جۆری نیۆرسیسی نەخۆش و ئەو خاڵەی پێش قۆناغی ئۆدیبیدا هەیە کە تیایدا گەشەکردنی دەروونی ئەو ڕاوەستاوە یان (جێگیرە). ئامانجی

شـیکردنەوەی دەروونـی، ئاشـکراکردنی ئـەو هۆکـارە شـاراوانەی نیۆرسیسـە (عەسـابە). بـە مەبەسـتی ڕزگارکردنی نـەخۆش لـە چنگی دژایەتیـەکانی خـود، لەناوبردنی نیشانە پەرێشانکەرەکانی ئەم نەخۆشییە. ئـەو بارودۆخـەی کـە ڕووبەڕووبوونـەوەی زۆر گرانـە بریتیـە لـە "شـێتۆکەیی"[11] لـەم قۆناغـەدا (خـود) بـە پێچـەوانەی نیۆرسـیس (عەسـاب) ناتوانـێ هـیچ ئارەزوویەکی ناهۆشمەندی سەرکوت بکات، بەڵکو لەم حاڵەتەدا پەیوەندی لە نێوان (مـن) و جیهانی دەرەوە ئەپچڕێت، ئـەو کاتـە ناهۆشمەنـدی دەست ئـەکات بـە بونیادنـانی ڕاسـتیەکی وەهمـی ئەڵتـەرناتیف. بـە دەربڕینێکـی دیکـە، کەسـی دووچـار بـە نەخۆشـی نیۆرسـیس (عەسـاب) لـە زۆر خـاڵی سـەرەکیدا پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ واقیعـدا لەدەسـت ئـەدات" هـەروەك ئـەو حاڵانـەی لـە نەخۆشـی پارانۆیـا و شیزۆفیرینیادا ڕووئـەدات: ئەگـەر کەسێکی تووشبوو بـە نەخۆشـی نیۆرسـیس تووشـی لـەرزینی دەسـت ئەبێت، ئەوا کەسی تووشبوو بە شێتۆکەیی ڕەنگە ئەو بڕوایـەی لا دروست بێت کـە دەستی بووە بـە لـووتی فیلێـك. "پارانۆیـا" تـا ڕادەیـەك ئامـاژە ئـەکات بـۆ

[11] Psychosis

حاڵـەتێکی ڕێکوپێـك لـە وەهـم، فرۆیـد تـەنیا وەهمـی چەوسـاندنەوە ناخاتـە پـاڵ ئـەو بـەڵکو وەهمـی چاوچـنۆکی و خۆبـەزل زانینـیش بـە بەشـێك لـەو دائـەنێت. فرۆیـد ڕیشـەی ئـەم جـۆرە پارانۆییـە لـە بەرگریکردنـدا دەستنیشـان ئـەکات بـەرگریکردنی ناهۆشمەندانەی دژ بە هاوتوخمبازی: زەین ئەم حەزە ڕەت ئەکاتـەوە کە عاشقێ بگۆڕێتـەوە لەگەڵ ڕەقیبێك یـان ئازاردەرێـك. بـە شێوەیەکی ڕێکوپێك واقیع ڕێك ئەخات و دووبارە ڕاڤەی ئەکاتەوە بۆ ئەوەی جەخت لەسـەر ئەم گومانە بکاتـەوە. شیزۆفیرنی، دابڕانـە لـە واقیع بینانە و گەڕانەوەیە بۆ لای خود هاوکات لەگەڵ دروسـتکردنی برێکـی زیـاد لـە ڕوانین بـەڵام لـە ڕووی پەیوەندیـەوە ناڕێـك و سسـت: هـەروەك بڵێـی "نیهـاد id" یـاخود حـەزی ناهۆشمەنـدی شـەپۆلێکە و زەینـی هۆشمەندی نقووم کردووە بە نالۆجیکبوونی، بەمەش پەیوەندیەکان ئەشێوێنێ، ئەشبێ بە سۆزداری زیاتر لەوەی بە پەیوەستێکی فیکری لە نێوان بۆچوونەکان. لـەم بۆچـوونەوە زمـانی کەسـی تووشـبوو بـە شیزۆفیرینیا وەکو زمانی شیعر وایە.

شـیکردنەوەی دەروونـی نـەك تـەنیا تیۆرێکـە دەربـارەی زەینـی مـرۆڤ، بـەڵکو هەڵدەسـتێ بـە

چارەسـەرکردنی ئـەو کەسانەشـی کـە بـە دەسـت نەخۆشـی زەینـی یـاخود پەرێشـانی دەروونیـەوە ئـەناڵێنن. لـە دیـدی فرۆیـدەوە نـەخۆش تـەنیا بـەوە چارەسەر نابێت کە هۆی نەخۆشیەکەی دەستنیشان بکـەین و پاڵپێوەنـەرە ناهۆشمەندیـەکانی بدۆزینـەوە، ئـەم بەشـە بەشـێکە لـە کـاری شیکەرەوەی دەروونـی، بەڵام ئەم بەشە هیچ کەسێك بە تەنیا چارەسەر ناکات، بە پێـی ئـەم بۆچوونە فرۆیـد کەسێکی عـەقڵانی نییـە بـڕوای وا بێـت ئەگـەر تـەنیا ئێمـە خۆمـان و جیهـان بناسین ئەوا ئەتوانین دەست بکەین بـە کـاری گونجاو. لە تیئۆری فرۆیدیدا کلیلی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە شـتێکە پێـی ئـەوترێت "گواسـتنەوە"[12] ئەمـەش چـەمکێکە هەنـدێ جـار خـەڵکی لەگـەڵ زاراوەی "هێنانـەناوە یـان خستنەسـەر"[13] تێکـەڵیان کـردووە، ئەم زاراوەش بە واتای هەستو ئارەزووەکانی خۆمـان بدەینـە پـاڵ کەسـانی تـر. لـە کـاتی چارەسـەرکردندا ڕەنگــە کەســی ژێــر شــیکەرەوە (نــەخۆش) بــە ناهۆشمەنــدی دەســت بکــات بــە "گواســتنەوە"ی

[12] Transference

[13] Projection ئەم وشەیە وەرگێڕە فارسیەکەی بە مانـای (هێنانە ناوەوە) وەریگێڕاوە.

ناکۆکییە دەرونییەکانی خۆی ئەو ناکۆکیانەی پێوەی ئەنالێت بۆ خودی شیکەرەوەی دەروونی. بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ باوکیا گرفتی هەبێت، ڕەنگە ناهۆشمەندانە شیکەرەوە بخاتە نێو قاڵبی ئەو ڕووداوەوە. ئەم بابەتەش گرفت بۆ شیکەرەوەی دەروونی دروست ئەکات، چونکە "دووبارەبوونەوەی" ئەم شێوە ململانێ بنەڕەتییە یەکێك لە شێوازە ناهۆشمەندەکانی نەخۆش پێکدێنێت بۆئەوەی دوورکەوێتەوە لە ئاشتبوونەوە لەگەڵیا. هەندێ کات ئەوەی ناتوانین بە دروستی وەبیری خۆمانی بهێنینەوە دووبارەی ئەکەینەوە، ناتوانین وەبیری خۆمانی بهێنینەوە لەبەرئەوەی دڵناخۆشکەرە. بەڵام دیاردەی گواستنەوە ڕێگا بە لێکۆڵەرەوە ئەدات تەماشای ژیانی دەروونی نەخۆش بکات لە جێگایەکی خاوەن دەسەڵاتەوە ئەتوانێت بچێتە نێو دەروونی نەخۆشەوە (یەکێك لەو هۆیانەی کە پێویستە شیکەرەوە دەروونییەکان خۆیان بخەنە ژێر شیکردنەوەوە ئەوەیە کە لە پرۆسەی ناهۆشمەندییەکانی خۆیان بگەن، بەم جۆرە ئەتوانن تا ئەو کاتەی ئەکرێت بەرگری لە ترسناکی –دژە گواستنەوەی– گرفتە تایبەتییەکانی خۆیان بۆ

نەخۆشـییەکانیان بکـەن). لـە ئەنجامـدا ئـەم نوانـدنی گواسـتنەوەیە و، دەرونبینیانـە و خۆتێهەڵقورتانانـەی کە لە ڕێی ئەمانەوە بۆ شیکەرەوەی دەروونی مەیسـەر ئـەبێت، مەسـەلەکانی نـەخۆش دووبـارە یـەك لـە دوای یـەك بـە پێـی خـودی هەلومـەرجی شـیکردنەوە دیـاری ئـەکرێت. تـا ئـەم کاتـە ئـەو مەسـەلانەی لـە ژووری تاقیکردنـــەوەدا چـــنگ کـــەوتوون هـــەرگیز لەگـــەڵ مەسـەلەکانی ژیـانی واقیعـی نـەخۆش یـەکگرتوو نین: ڕەنگـە جۆرێ پەیوەنـدی "خـەیاڵی" هـەبێت بـە ژیـانی واقیعییـەوە، هـەمان ئـەو پەیوەندیـەی کـە دەقێکـی ئـەدەبی هەیـەتی لـە کـاتی گواسـتنەوەی بابەتـەکانی تایبـــەت بـــە ژیـــانی واقیعـــی. کـــەس نیـــە ژووری تاقیکردنـەوە بـەجێبێڵێت و هـەموو ئـەو گرفتانـەی کـە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو ژوورەی هێناوە چارەسەر کرابێت و چاککرابێتەوە. ئەگـەری ئەوە هەیە کە نـەخۆش بـە بـەکارهێنانی هەنـدێ فڕوفێڵـی ئاشـکرا ڕێگـا لـەوە بگرێت کـە شـیکەرەوە بگاتـە ناهۆشمەنـدی ئـەو، بـەڵام ئەگـەر هـەموو شـتەکان بـە باشـی بڕواتـە پێشـێ ئـەوا پرۆسەی گواستنەوە و گەیانـدن ڕێگا بـەوە ئـەدات کـە کاربکـات بـۆ گواسـتنەوەی گرفتـەکانی بـۆ بـاری هۆشمەنـدی و هـەروەها بـە نەهێشـتنی پەیوەنـدی

گواستنەوە لە کاتێکی گونجاودا، ئەو کاتە شیکەرەوە هیوا ئەخوازێت کە نەخۆش (چ ئافرەت بێت یان پیاو) لــە گرفتــەکانی ڕزگــار بکــات. شــێوەیەکی تــری وەسفکردنی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە بڵێین نەخۆش (نەخۆشی ئافرەت) توانای ئەوەی ئەبێت هەستێت بە دووبارەکردنــەوەی ئــەو بەشــانەی تــری ژیــانی کــە چــەپێنراون: نــەخۆش توانــای ئــەوەی ئــەبێت بەسەرهاتێکی نوێتر و کاملتر لە بارەی ژیانی خۆیەوە بگێڕێتەوە" بەسەرهاتێك ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو نارەحەتیانەی کە نەخۆش پێوەی ناڵاوە ڕاڤەی بکات و بیگەیــەنێ. بــەم جــۆرە ئــەوەی پێــی ئــەوترێت "چارەسەرکردنی وتنی" ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستی بوو.

ڕەنگــە بتوانرێــت بــە چــاکترین شــێوە کــاری شیکردنەوەی دەروونــی لەبــەر ڕۆشــنایی یــەکێك لــە دروشمەکانی فرۆید کورت بکرێتەوە: "لەهەر کوێیە نیهاد بووە ئەشبێت بە خود"[14] لە شوێنێکدا ژنان و پیاوان کەوتبێتنە دوای هێزێکی ئیفلیج کەرەوە، کە نەتوانن هەست بەو هێزە بکەن، ئەو کاتە دەسەڵات

[14] یان ئەکرێ بەم جۆرە بووترێت "لە هەر کوێ (ئەو بوو ئەشبێت بە (من)".. وەرگێڕ.

عەقڵـە و کـۆنتڕۆڵیش بـۆ نەفسـە. ئـەم جـۆرە دروشمـە فرۆیـد ئەخاتـە جێگایـەك عـەقڵانی تـرە لـەوەی لـە ڕاستیدا بووە. هەرچەندە فرۆیـد کاتی خـۆی وتبووی لە کۆتاییدا هیچ شتێك ناتوانێ بەرگری بەرامبەر بە عـەقڵ و ئـەزموون بکـات. بـەڵام تـا ڕادەیـەك دوور بـوو لـەوەی کـە کـەمتر گرنگـی بـە زیرەکـی و سەرسـەختی زەیـــن بـــدات. مەزەنـــدەکانی فرۆیـــد لـــە بـــارەی بارودۆخەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی پارێزگارانە و نائومێدانەیـە: ئێمـە کەوتووینەتـە ژێـر کـۆنترۆڵی ئارەزووی ڕازی بـوون و تێربـوون هـەروەها قینمـان لـە هەموو ئەو شتانە ئەبێتەوە کە ئەبنە هۆی ناکامی ئەو ئارەزووانە. فرۆید لە دوا کارەکانی وا ئەڕوانێتە مـرۆڤ کـە گوایـە کەوتووەتـە ژێـر چـەپۆکی پاڵپێوەنـەرە ترسـناکەکەی مـەرگ و ماسۆشـییەتێکی بنەڕەتییـە "خـود" بەسـەر خۆیا ئەیسەپێنێ. ئامانجی کۆتـایی ژیـان مەرگـە، گەڕانەوەیـە بـۆ ئـەو هەلومەرجـە شانسـداریە بێگیانـەی کـە تیایـدا "خـود" نـاتوانرێ زیـانی لـێ بـدرێت. غـەریزەی ژیـان، یـاخود وزەی سێکسـی، هێزێکـە کـە مێـژوو دروست ئـەکات، بـەڵام لەگەڵ غەریزەی مەرگ لە ناکۆکیەکی پڕ لە ڕووداوە.

**ئێمە تەنیا لەبەرئەوە هەوڵ ئەدەین بەرەو پێشەوە بڕۆین بۆئەوەی بەردەوام بگەڕێینە دواوە.**

**بۆئەوە تێئەکۆشین بۆئەوەی بۆ حاڵەتی پێش هۆشمەندی بگەڕێینەوە. (خود) شایستەی بەزەیی پێهاتنەوەیە، بوونەوەرێکی دوودڵە، جیهانی دەرەوە پلیشاندویەتیەوە و سەرزەنشتکردنی (سەرەوەی من و منی باڵا) بە قامچیەکەی بەرقامچی داوە و، لە بەردەم داواکارییەکانی (نیهاد)ی چاوچنۆکی لوشدەر چۆکی داهێناوە. دڵسۆزی فرۆید بۆ "خود" دڵسۆزی بوو بۆ ڕەگەزی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کەوتووەتە ژێر فشاری بڕێکی زۆر داواکاری ئەو داواکارییە بە لێشاوانەی شارستانییەتی کە ناکرێ شانی بدرێتەبەر، ئەو شارستانییەی کە لەسەر چەپاندنی حەزەکان و پەکخستنی تێرییەکان دامەزراوە. فرۆید هەموو خستنەڕووە خەیاڵییەکانی بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجە سەرزەنشت ئەکرد، گەرچی زۆربەی ڕوانینە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتخوازانە و عورفیانە بوون، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەو تەئکیدی لەسەر ئەم کۆششانە نەدەکرد کە بۆ لەناوبردن و یان لە ڕووی کەمەوە چاککردنی خودی موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەتی میللیدا ئەکران. ئەم بڕوایەی فرۆید لەوێوە**

سەرچاوەی گرتبوو کە کۆمەڵگای هاوچەرخ بە هۆی ئەو داپڵۆسینەی کە پەیڕەوی ئەکات بووە بە کۆمەڵگایەکی چەوسێنەر. فرۆید لە کتێبی (ئایندەی وەهمێك)[15] ئەڵێت ئەگەر کۆمەڵگایەك لەم قۆناغەدا کە ڕازیکردنی دەستەیەك لە ئەندامەکانی وابەستەیە بە سەرکوتکردنی دەستەیەکی تر پشت گوێ نەخات، ئەوە ئاشکرایە کە دەستەی چەوساوە بە دوژمنایەتییەکی زۆرەوە هەڵدەستن دژ بەو کولتوورە، کە بوونی ئەو کولتورەش بە هۆی ئەوانەوەیە، بەڵام بەشی ئەوان لە سامانی ئەو کولتوورە گەلێ کەمە. فرۆید ئەڵێ: (ئەو شارستانییەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی بە ناڕازیبوون بەجێبێڵێت و پاڵیان پێوە نێت بۆ شۆڕش، ئەوا ئەو شارستانییە هەمیشەیی نییە و شایستەی ئەوە نییە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە).

هەر تیۆرێکی ئاڵۆز و خاوەن بناغەی وەك تیئۆری فرۆید ئەبێتە جێگای مشت و مڕ و گێرمە و کێشەیەکی زۆر، لە زۆر ڕووشەوە هێرش کراوەتە سەر فرۆیدیزم، هەروەها ناشبێت وای دانێین کە فرۆیدیزم بێبەرییە لە گرفت و ناتەواوی. بۆ نموونە یەکێك لەو گرفتانە ئەوەیە، چۆن فرۆید نموونەکانی خۆی تاقی

[15] The future of an illusion

ئەکاتەوە یان ئەکرێ بووترێ چ شتێك بەڵگەیەکە یا شایەدێکە بۆ پاڵپشتکردنی بۆچوونەکانی یان دژایەتی کردنی بۆچوونەکانی. لە میانەی گفتوگۆیەکی تایبەت یەکێ لە دەروونناسانی ڕەفتارگەری ئەمریکایی ئەوەی خستە ڕوو کە: "گرفتی کاری فرۆید ئەوەیە کە کارەکانی بێ گونن"[16] ئەڵبەتە هەموو ئەمانەش هەر هەموو پەیوەندییان بەوەوەیە کە ئایا مەبەست لە "ئەکرێ تاقیبکرێتەوە" چیە“ بەڵام ئەم داوایە تا ڕادەیەك لە ڕاست ئەچێت کە هەندێ جار فرۆید چەمکێکی زانستی هی سەدەی بیستەم بەکاردێنێت، ئەم چەمکە لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێك جێی قبووڵ کردن نیە. هەرچەندە فرۆید هەوڵ ئەدات کارەکانی پاك و تەمیز بێت و دوور بێ لە هیچ لایەنگیرییەك. بەڵام تێکەڵ بە شتێکە کە ئەکرێ ناوی لێ بنێین "گواستنەوەی هاوبەرامبەر" لە ڕێگای ئارەزووە هۆشمەندەکانی ئەوەوە شێوەی گرتووە و

---

[16] ڕەنگە ئەو کەسەی نووسەر مەبەستێتی بە هۆی هەڵەی زمانەوانیەوە لە جێی Testtable بە مانای ئەکرێ تاقیبکرێتەوە زاراوەی tesicleی بەکاری هێناوە بە واتای – گوون– کە نزیکیەکی تایبەتی پەیدا کردووە لەگەڵ تیئۆری فرۆیدی.

هەندێ جار لەژێر کاریگەری باوەڕە ئایدیۆلۆژیەکانی هۆشمەندی ئەو تووشی لادان بووە. بەهاکانی سێکسگەرایی کە پێش ئەم باسە لە بارەیەوە گفتوگۆمان کرد یەکێکە لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان. فرۆید لە هەڵسوکەوتیدا پیاوانەتر نەبوو لە پیاوانی ڤیەننای سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام بزووتنەوەی ژنان بە توندی فرۆیدیان دایە بەر ڕەخنە، لەبەر ئەوەی بڕوای وابوو ژنان توخمێکی سلبین و نێرسیس و مازۆشین و ئیرەییان بە زەکەری پیاو دێ و لە ڕووی پێکهاتنەوە لە پیاوان کەمترن(1) ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی ئەم دوو ئاوازەی فرۆید بپێوین کاتێک باسی ژنێکی جوانی وەکو (دورا) ئەکات، لەگەڵ منداڵێکی بچکۆلەی وەکو (هانز)، تا لە ڕێگای ئەم پێوانەیەوە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە چ جیاوازییەك لە هەڵوێستی سێکسیدا هەیە. لە ڕووی (دورا) وە ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کەسێکی توند و بەدگومان و بە شێوەیەکی نائاسایی دوورە لە ئامانجەکانییەوە" بەڵام (هانسۆکە)* میهرەبان و ڕووخۆشە، هەروەها ئەو فەیلەسوفە بچکۆلەیەیە کە ڕێبازەکەی فرۆیدی خۆش ئەوێت.

هەروەها بێزاری لەوەی کە شیکردنەوەی دەروونی وەك کارێکی پزیشکی جۆرێکە لە دەسەڵاتی

کۆمەڵایـەتی سـتەمکارانە، کەسـەکان پـۆلێن ئـەکات و ناچاریان ئـەکات گوێڕایـەڵ بـن بـۆ پێناسـە خـود بـە خودییەکانی حاڵـەتی (بە ئادەتبوون، بە ئاساییبوون normality) کارێکی ترسناکە. لـە ڕاستیدا زیاتر و بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەم تاوانبارکردنـە ئاراسـتەی چارەسـەرکردنی پزیشـکێتی دەروونـی کـراوە، تـا ئـەو جێگایەی بە پێی بۆچوونی فرۆید پەیوەست ئەبێت بە (بە ئادەتبوون، بە ئاساییبوون)ەوە، ئەم تاوانبارکردنە نابەجێ دراوەتـە پـاڵ فرۆیـد، کـاری فرۆیـد بـە ئاشـکرا ئـــەوەی نیشـــانداوە کـــە لیبیـــدۆ لـــە هەڵبـــژاردنی بابەتـەکانی خـۆی تـا چ ئەندازەیـەك (شـێوەگرتو) و بگۆڕە، هـەروەها بـۆ نموونـە لادانـە سێکسـیەکان چـۆن بەشـێك لـەو شـتە پێکـدێنن کـە پێـی ئـەوترێت تایبەتمەندییـــە سێکســـییە (بـــە ئـــادەتبوون، بـــە ئاساییبوون)ەکان، یان چۆن تایبەتمەندییە سێکسییە ناجۆرەکان بە هیچ شێوەیەك بریتی نین لە ڕاستییەکی سروشـتی و ڕوون. ڕاسـتە کـە ڕێبـازی شـیکردنەوەی دەروونـی فرۆیـدی هەمیشـە لەگـەڵ جـۆری چـەمکی ئاسایی سێکسی کار ئەکات، بەڵام ئەم چەمکە بە هـیچ جۆرێك بەخشراوێك نییە لە سروشتەوە.

هەندێ ڕەخنەی تری ناسراو ئاراستەی فرۆید ئەکرێت، بەڵام ئەو ڕەخنانە بە ئاسانی ناسەلمێنرێن. یەکێك لەو ڕەخنانە پەیوەستە بە هەستی ناسراوەوە: چۆن ئەکرێت کچێکی منداڵ حەز بکات منداڵێکی لە باوکی خۆی هەبێت؟ ئەمە ڕاست بێت یان نە، "هەستی ناسراو" نابێت ڕێگای بڕیارپێدانمان پێ بدات. مرۆڤ پێش ئەوەی لەسەر ئەم جۆرە پرنسیبە مەزەندانە هێرش بکاتە سەر فرۆید یان نەفی بکاتەوە، ئەبێ تەواو ئەو سەیروسەمەرە پەتیانەی عەقڵی ناهۆشمەندی وەبیربهێنێتەوە کاتێك لە خەودا خۆی ئەسەلمێنێ و لە دواییشدا لە جیهانی بێداری وەك (خود) دەرئەکەوێ. یەکێك لە ڕەخنە باوەکانی دیکە ئەوەیە کە فرۆید "هەموو شتێك بۆ سێکس ئەگەڕێنێتەوە" یان بە واتایەکی تر فرۆید کەسێکی "پان-سێکسوالیزم"ە[17]. ئەم تاوانبارکردنە لە ڕاستیدا ڕاست نییە: فرۆید زیاد لە پێویست هزرەڤانێکی دوولایەنخواز بوو، بێ هیچ دوو دڵییەکە دوولایەنخوازی بوو تا ئەوپەڕی، هەمیشە بەرامبەر بە هەر پاڵپێوەنەرێکی سێکسی هێزێکی ناسێکسی قووت ئەکردەوە، بۆ نموونە (خود) بۆ

[17] Pan- sexualist

پارێزگـــاریکردنی نـــەفس. نـــاوکی ڕاســـتەقینەی تاوانبـارکردنی فرۆیـد بـە تـاوانی پـان– سێسـکوالیزم ئەوەیە کە فرۆید زیاد لـە پێویست گرنگی بـە تایبەتـە سێکسـییەکان لـە ژیـانی مرۆڤـدا ئـەدات، کـە بـە پێکهێنــەری هــەموو چــالاکییەکانی دائــەنێت لــە ژیانمانـدا" بـەڵام نـاکرێ بـەم شـێوە بیرکردنەوەیـە بوترێت کەمایەتی سێکسی.

یەکێك لەو ڕەخنانەی هەندێ جار لە باڵە سیاسییە چـەپەکانەوە دژ بـە فرۆیـد ئەبیسـترێ ئەمەیـە کـە ئەندێشەی ئەو ئەندێشەیەکی تاکخوازیـە (تاکڕەوی)– کـە گوایـە ئـەو هۆکـار و ڕوانینـە دەروونناسـیەکانی "تایبـــەتی" لـــە جێگـــای هۆکـــارە کۆمەڵایـــەتی و مێژووییـەکان دانـاوە. ئـەم تاوانبارکردنـە بـە تـەواوی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی هەڵەیە لە تیئۆری فرۆیـدی. ئەڵبەتـە ئـەو مەسـەلەیە زۆر گرنگـە کـە چـۆن هۆکـارە کۆمەڵایـــەتی و مێژوویـــەکان بـــە ناهۆشمەندیـــەوە ئەبەسـترێن. بـەڵام یـەکێك لـە خاڵـەکانی کـاری فرۆیـد ئەوەیە کە ڕێگا ئەدات بیر لە گەشەکردنی کەسایەتی مـرۆڤ لـە ڕووی کۆمەڵایـەتی و مێژوویـەوە بکرێتـەوە. ئـەوەی فرۆیـد پێشکەشـی ئـەکات لـە ڕاسـتیدا هیچـی کەمتر نییە لە تیئۆری ماددی دروستبوونی کەسایەتی

مـرۆڤ. ئێمـە لـە ئـەنجامی پەیوەنـدی هاوبەرامبـەری جەستەکانە ئەبین بەو شێوەیەی کە ئێستا هەین – واتـە جەسـتەمان شـێوە ئـەگرێت لـە ئـەنجامی گۆڕینەوەیەکی ئاڵۆز کە لە قۆناغی منداڵی ڕووئەدات لە نێوان جەستەمان و ئەو جەستانەی کە دەورەیان داوین–. ئەم ڕوانینە، گۆڕانکاریەکی بایۆلۆژی نیە: لە ڕاسـتیدا فرۆیـد بـڕوای بـەوە نییـە کـە ئێمـە تـەنیا جەسـتەمانین و عەقڵیشـمان تـەنیا ڕەنگدانـەوەی جەستەمانە. ئەم جۆرە مۆدێلەی فرۆید پێشکەشی ئـەکات، مـۆدێلێکی دژە کۆمەڵایـەتی ژیـان نییـە، لەبەرئـەوەی ئـەو دەسـتانەی دەوریـان داویـن و پەیوەنـدی ئێمـەش لەگەڵیانـدا هەمیشـە لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـەوە دەستنیشـان ئـەکرێت. ڕۆڵـی دایـك و باوك، کارەکانیان لە بواری چاودێریکردنی منداڵ و ئـەو بۆچـوون و باوەڕانـەی کـە پەیوەنـدییان لەگـەڵ هەموو ئەو شتانەدا هەیە، بریتین لە کۆمەڵێ مەسەلەی کولتوری و ئەتوانن لە کۆمەڵگا و سەردەمی مێژوویدا تـا ڕادەیـەکی زۆر جیـاواز بـن. "منـداڵی" دوایـن داهێنانێکە لە مێژوودا درێژبوونەوەیە بۆ سەرەتاکانی مێـژووی جۆراوجـۆر کـە تیایـدا وشـەی "خێـزان" ئەگرێتە خۆی، وای لێ ئەکات ئەو وشەیەش لە خۆیدا

بەهایـەکی دیـاریکراوی هـەبێت. تـەنیا ڕایـەك لـەم ڕوانگەیەدا هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت بریتیە لەو ڕایەی کە کچان و ژنان لە کوڕان و پیاوان کەمترن. وا پێدەچێت ئەم دەمارگیریە هەموو کۆمەڵگا ناسراوەکان پێکەوە ئەبەستێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم دەمارگیرییە ڕەگێکی قوڵی لەنێو گۆڕانی سێکسی و خێزانیماندا داکوتاوە، بۆیە لای هەندێ لە لایەنگرانی قوتابخانەی بزووتنەوەی ئافرەتان شیکردنەوەی دەروونی گرنگییەکی سەرەکی پەیداکردووە.

یەکێك لە تیۆر دانەرانی فرۆیدی کە بریتییە لە دەروونناسی فەرەنسی ژاك لاکان کەوا لایەنگرانی بزووتنەوەی ئافرەتان بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بۆ بردووە، لاکان لایەنگری بزووتنەوەی ئافرەتان نیە، بە پێچەوانەوە بیروبۆچوونی سەبارەت بە بزووتنەوەی ئافرەتان گەلێ لووتبەرزانە و سەرزەنشت کەرانەیە. بەڵام کارەکانی لاکان کۆششێکی بێوچانە بەرەو دووبارە نووسینەوەی فرۆیدیزم، لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەستە بە بابەتی مرۆڤ، پایەگای لە کۆمەڵگا و، لە هەمووی گرنگتر پەیوەندی لەگەڵ زماندا. گرنگیدانی بە زمان ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە لاکان تا چ ڕادەیەك گرنگی بە تیۆردانەرانی ئەدەبی داوە. ئەوەی لاکان

ئەیەوێ لە (نووسینەکان)[18]ی خۆیدا بیخاتەڕوو بریتییە لە دووبارە ڕاڤەکردنی فرۆیدیزم لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی بونیادگەران و پاش بونیادگەران دەربارەی وتوویژ. هەرچەندە هەندێ جار ئەم ئامانجە ئەبێتە هۆی ئەوەی کارەکانی ئاڵۆز و تا ڕادەیەك تاریك بن، بەڵام گەر بمانەوێ پەیوەندی هاوبەرامبەری پاش بوونیادگەری و شیکردنەوەی دەروونی تێبگەین ئەوا ئەبێت ئەو شتە لەبەرچاو بگرین: منداڵ لە پێناوی ژیانی خۆی وابەستەیە بەم جەستەیەوە، بەڵام بەرامبەر بەمەش ئەتوانین بڵێین کە منداڵ ئەوەی دەربارەی جیهانی دەرەوە ئەیزانێت بە جۆرێك و وەك شتێك بە پشت بەستن بە خود مومارەسەی ئەکات. بە پێی بۆچوونی لێکۆڵەرەوەی فرۆیدی میلانی کلاین[19] وەك پێدەچێت تێکەڵکردنی ئەو شوناسنامانە ئەوەندە دڵخۆشکەرە نییە: منداڵ لە سەرەتای قۆناغی ژیانی ئەو غەریزانە پەروەردە ئەکات کە تایبەتن بە دەستدرێژکردنی تاوانکارانە بۆ سەر جەستەی دایکی خۆی، بەو خەیاڵەی بە پارچەپارچەکردنی ئەو جەستەیە بۆ پارچەی شێوەبەخش شادمان ئەبێت،

---

[18] Ecrits

[19] Melanie Klein

منـدالّی تووشـی وەهمـی پـارانۆیی بـووە لەسـەر ئـەو بناغەیـەی گوایـە ئـەم جەسـتەیەش لای خۆیـەوە ئـەو لەنێو ئەبات(2).

ئەگــەر منــداڵێكی بچــووك بهێنینــە بەرچــاومان بەرامبەر بە ئاوێنەیەك لە خۆی وردئەبێتەوە –واتـە بـە پێی زاراوەی "قۆنـاغی ئاوێنـەیی"[20] لاكـان –ئەتوانین ئەوە ببینین كـە چۆن لـە میانـەی ئـەم حاڵەتـە خەیاڵیـە بوون، (خود)ی منداڵ، یاخود بۆچوونی یەكپارچەیی لە بارەی خودەوە، یەكەمین گەشەكردنی خۆی دەست پـێ ئـەكات. منـداڵ كە هێشتا لـە ڕووی جەستەییەوە هاوئاهەنگی پەیدا نەكردووە، لە ئاوێنەوە وێنەی خود ئەبینێ كە بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوە بەڵام وێنەیەكی تاك و ڕازیكەر، هەرچەندە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەم وێنەیـەدا هێشـتا پەیوەندیـەكی خەیاڵیـە– ئـەو وێنەیـەی لـە ئاوێنەكەدایە ئەوە و ئەو نیە، چونكە هێشتا سنووری نێوان زەین و (عەینی) ڕوون نییە –وا دیارە پرۆسـەی پێكهاتنی تەوەرەیـەك بۆ خـود دەست پـێ ئـەكات. بـە تـەواوی ئـەو خـودەی لـە قۆنـاغی ئاوێنەیـە خـودێكی نێرسیسیە: ئێمە بە دۆزینـەوەی ئـەم خاڵـە كـە (مـن)[21]

---

[20] Mirror stage

[21] I

له ڕێگای شتێکەوه یان کەسێك لە جیهانەوه بۆ لای ئێمه گەڕاوەتەوه، به شێوەیەکی دیکه ئەگەینەوه به (من). ئەم شته له هەمان کاتدا به جۆرێك بەشێکه له ئێمه و –ئێمه لەگەڵ ئەودا خۆمان ئەگونجێنین– بەشێکیش نییه بەڵکو بێگانەشه. بەمجۆره ئەو وێنەیەی منداڵی بچکۆله له ئاوێنەدا ئەیبینێت "لەخۆ بێگانه" بوونه: منداڵ، خۆی لەوێدا (بەهەڵە ئەناسێتەوه)، لەبەرئەوەی لە وێنەکەدا یەکەیەکی دڵخۆشکەره ئەبینێ کە لە ڕووی کردارەوه لە جەستەی خۆیدا هەستی پێ ناکات. لە دید و بۆچوونی لاکان خەیاڵبوون هەمان ئەو شاره پڕ لە وێنانەیه که لەوێدا هەڵدەستین به پرۆسەی وەکو ئەو بوون، بەڵام لە میانەی هەستانمان بەم پرۆسەیه ئەگەین به خۆناسین و خۆ درککردنێکی هەڵە دەربارەی خۆمان. منداڵ لەگەڵ گەشەکردنیدا بەردەوام ئەبێت ئەم وەکو ئەو بوونه خەیاڵییه لەگەڵ شتەکاندا جێبەجێ ئەکات، بەمجۆره بونیادنانی (خود)ی منداڵ دروست ئەبێت. (خود) له دیدی لاکان لەم پرۆسه نێرسیسیه زیاتر هیچی تر نییه که ئێمه لەم پرۆسەیەدا لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ شتێك لە

جیهـان کـە ئـەتوانین خۆمـانی لەگەڵـدا بگـونجێنین، ئەگەینە چەمکێکی ناواقعی یەکەی "خۆویستی".

لـە باسـکردنی قۆنـاغی پـێش ئۆدیبیـدا یـاخود قۆنـاغی خـەیاڵی ڕووبـەڕووی مەلـەفێك ئەبینـەوە لـەو مەلەفەدا لە دوو لایەن زیاتر لایەنی دیکەی تیادا نییە: ئەو دوو لایەنەش منداڵ و کەسێکی ترە، لەم قۆناغەدا لە بیری منداڵدا ئـەو کەسـەی کـە نوێنەرایـەتی واقیعـی دەرەکی ئەکات ئەو کەسە دایکە. وەك لـە باسـی گرێـی ئۆدیبیـــدا ئاماژەمـــان بـــۆی کـــرد ئـــەم بونیـــادە "دوولایـەن"[22]یـە بـە ناچـاری خـۆی ئـەدا بەدەسـت بونیادێکی سێ لایەنەوە، ئەمەش کاتێك ڕووئەدات کە باوك دێتە مەیدانەوەو ئەم هاوئاهەنگییە ئەشێوێنێ. بـاوك دەستنیشـانکەری ئـەو شـتەیە کـە لاکـان پێـی ئەڵێت (یاسا)[23] باوك بە پلەی یەکەم ڕێگرە لە بەردەم ئەنجامـدانی زینـا لەگـەڵ مەحرەمانـدا: منـداڵ لـە پەیوەندی لیبیدۆی لەگەڵ دایکدا ناڕەحەتـە و ئەشبێ لـە ڕوخساری باوکدا دەست بکات بـە درککردن بـەم داوایـە، کـە تـۆڕی خێزانـی و کۆمەڵایـەتی بـەرفراوانتر هەیـە ئـەویش (واتـە منـداڵ) بەشـێکە لـەو تـۆڕە. نـەك

[22] Dyadic

[23] Law

تـەنیا منـدالْ بەشـێکە لـەو تـۆڕە، بـەڵکو ئەشـبێت ئـەو ڕۆڵـە لـەو تـۆڕەدا جێبـەجێ بکـات کـە پێشـتر بـۆی دەستنیشان کـراوەو ئـەزموونی ئـەو کۆمەڵگایـەی ئـەو تیایدا لەدایك بووە بڕیاری ئـەوەیان داوە. دەرکـەوتنی بـاوك منـدالْ لـە جەسـتەی دایـك دائـەبڕێت، هـەروەك پێشـتریش بینیمـان حـەزی خـۆی بـەرەو ناهۆشمەنـدی بەڕێ ئەخات. بەم پێودانگە، یەکـەمین نیشـانەی یاسـا و پەیـــدابوونی حـــەزی ناهۆشمەنـــدی لـــەم بەشـــەدا ڕووئـەدات: منـدالْ هەرکـە زانیـاری دەربـارەی شـتە قەدەغـــەکراو و یاســـاغەکان دەســـتکەوت کـــە بـــاوك نوێنەرێتی ئەو حەزە گوناهکارەکانی ئەچەپێنێ، ئـەم حەزانـەش بـە تـەواوی ئـەو شـتەن کـە پێیـان ئـەوترێت ناهۆشمەندی.

بۆئـەوەی بـە تـەواوی گرێـی ئـۆدیبی بێتـە ئـاراوە، پێویستە منداڵ بگاتە زانیارییـەك دەربـارەی جیـاوازی سێکسی، ئەگەر زانیارییەکەش ئەوەندە ڕوون نـەبێت، هاتنی باوکە ئەم جیاوازییە ئاشکرا ئەکات. یـەکێك لـە زاراوەکـانی کلیلـی کـاری لاکـان کۆئەنـدامی زاوزێـی نێرینەیە کە جـەخت ئەکاتـە سـەر جیـاوازی سێکسـی. تـەنیا لـە ئـەنجامی قبـووڵکردنی پێویسـتی جیـاوازی سێکسی، هەروەها ڕۆڵە جیاوازەکـانی هـەردوو تـوخم،

کە منداڵ جاران ئەم جۆرە گرفتانەی نەدەزانی، ئەتوانێ ببێت بە کەسێکی کۆمەڵایەتی. بناغەی کاری لاکان لە دووبارە نووسینەوەی ئەم پرۆسەیە لە چەمکی زماندایە، هەروەك پێشتر لە ڕاپۆرتەکانی فرۆید لە بارەی گرێی ئۆدیبییەوە بەرچاومان کەوت. ئەتوانین وەك (دال)ێك بڕوانینە ئەو منداڵەی لە بەرامبەر ئاوێنەدا تەماشای خۆی ئەکات (شتێکە ئەتوانێ مانا ببەخشێت) ئەو وێنەیەی لە ئاوێنەدا ئەیبینێ وەك (مەدلولێك) دایبنێین. ئەو وێنەیەی منداڵەکە ئەیبینێ جۆرێك لە (مانا)ی خودی ئەو. لێرەدا دال و مەدلول بە ئەندازەی نیشانەیی سوسێری لە یەکەیەکی هاوئاهەنگدا بەرامبەر بە یەك وەستاونەتەوە. بە شێوازێکی تر ئەتوانین ئاوێنەکە وەك وەرگرتنێك دابنێین: لە لایەك (منداڵ)، شێوەی خۆی لە لاکەی تر (ڕەنگدانەوە) ئەدۆزێتەوە. لە دیدی لاکان ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەکی خەیاڵی گونجاوە. لە میانەی ئەم بوونەدا شتەکان لە مەدارێکی دۆستایەتیدا بە بێ وەستان بەردەوامن لە ڕەنگدانەوەی خۆیان، تا ئێرە هیچ جیاوازییەك یاخود دابەشبوونێکی واقیعی نابینرێت. بەبێ بوونی هیچ جۆرە ونبوون و بێبەشییەك لە هەر جۆرێك، جیهان

**جیهـانی کامڵبوونـه:** (دال)ی (منـداڵ) لـه وەسـتانیدا بەرامبـەر بـە ئاوێنـە لـە مـەدلوولی ڕەنگدانـەوەی خـۆی جۆرێك پڕی یاخود شوناسنامەیەکی تـەواو و ئاشکرا ئەبینێ. تا ئێستا هیچ درزێك نەکەوتووەتە نێوان دال و مەدلول، کەس و جیهانەوە. تا ئێستا خۆشبەختانە منداڵ نەکەوتووەتە ژێر فشاری مەسەلەکانی پاش – بونیادگـەری– لـەژێر فشـاری ئـەم بابەتـە کـە زمـان و واقیع وەك لەم هەلومەرجەدا دروست ئـەبن بـە ئاسـانی ناچنە نێو یەك زەمەنەوە.

بـە هـاتنی بـاوك بـۆ نێـو مەیدانەکـە، ئـەوا منـداڵ ئەکەوێتــە نێــو دڵــەڕاوکێی پــاش –بونیادگەریــەوە. ئـەبێت لـەو مەبەسـتەی سوسـێر بگـەین کـە ئـەڵێت: خودەکـان تـەنیا لـە ئـەنجامی جیاوازییەکانـەوە شـێوە ئەگرن –لایەنێك یان بابەتێك تەنیا بە لابردنی ئەوی تر ئـەبێت بـەو شـتەی کـە هەیـە. ئـەوەی جێگـای سـەرنجە دۆزینـەوەی جیـاوازی نێـوان توخمـەکان لـەلای منـداڵ هاوکات لەگەڵ زمانگرتنی منداڵدا ڕووئەدات. گریـانی منـداڵ نیشـانەیەکی زمانـەوانی نییـە بـەڵکو دەلالەتـە. گریـانی منـداڵ لـە ڕاسـتیدا جۆرێـك نییـە لـە نیشـانە بـەڵکو جـۆرە پەیامێکـە کـە دەلالەتـە بـۆ سـەرما یـان برسـێتی یـاخود شـتێك لـەو بابەتـە. کـاتی فێربـوونی

زمان، منداڵی بچووك ناهۆشمەندانە ئەوە فێر ئەبێت کە نیشانەیەك تەنیا لە ئەنجامی جیاوازی لەگەڵ نیشانەیەکی دیکەدا مانا پەیدا ئەکات، ئەوەش فێر ئەبێت کە نیشانە پێشتر ونبوونی ئەو شتە فەرز ئەکات کە ئاماژەی بۆ ئەکات. –زمانمان جێی شتەکان ئەگرنەوە: هەر زمانێك لەم ڕوەوە خۆی لە جێگای شتێکی بێ زمان و ڕاستەوخۆ دانێت ئەوە بە شێوازێك لە شێوازەکان مەجازییە. زمان لەو ناخۆشیانە ڕزگارمان ئەکات کە لاپوتانسی سوپانیون پێوەی ئەناڵان هەرچی شتە بە کوڵ کێشی ئەکەن بۆئەوەی لە کاتی گفتوگۆکردندا بەوپەڕی ئاسانی یەکەیەکەی شتەکان بە یەکتری نیشان بدەن بۆئەوەی لە یەکتری بگەن. بەڵام بە تەواوی لە هەمان ڕۆڵ ئەچێت کە منداڵ ناهۆشمەندانە ئەم وانانە لە قوتابخانەی زمان فێر ئەبێت، لە دنیای سێکسیشدا ناهۆشمەندانە فێری ئەو شتانە ئەبێت. هاتنە مەیدانی باوك وەك نوێنەری کۆئەندامی زاوزێی نێرینە منداڵ فێرئەکات لەنێو خێزاندا بۆ خۆی جێگایەك داگیر بکات، کە دەستنیشان کراوە لە ئەنجامی جیاوازی توخم و، بێبەشی و (ناتوانایی لە خۆشویستنی دایك و باوکی) و ونکردن (ئەبێ چاو بپۆشی لە پەیوەندییە

سەرەتاییەکانی لەگەڵ جەستەی دایک). درک بەوە ئەکات کە کەسایەتی خۆی وەك کەسێك دروست ئەبێت لە ئەنجامی هەلومەرجی لێکچوون و جیاوازی لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەریدان. منداڵ بە قبوڵکردنی هەموو ئەمانە هەروەك چۆن لاکان دیاری کردووە لە مەلەفی خەیاڵەوە دەست پیَ ئەکات و ئەچێتە نێو سیستەمی سیمبولێك Symbolic order ئەمەش بە واتای بونیادە پێش بە دەستەوەدانەکانی کۆمەڵایەتی و سێکسی و ئەو هەلومەرجانەی کە خێزان و کۆمەڵگا پێك ئەهێنن. بە پێی وتەی فرۆید منداڵ بە سەرکەوتوویی توێناویەتی سەرکەویَ بەسەر گوزەری پڕ دەرد و ئازاری گرێی ئۆدیبی.

بەڵێ لەم پرۆسەیەدا هەموو شتێك بە چاکی ناڕواتە پێش، هەروەك لە بۆچوونەکانی فرۆیددا بینیمان ئەو کەسەی لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دێتە ئاراوە کەسێکی "دووپارچەیە". بە تەواوی لە نێوان دوو ژیاندا دابەش بووە ژیانی هۆشمەندی "خود" و ناهۆشمەندی حەزە چەپێنراوەکان. هەمان چەپاندنی یەکەمین حەزە کە بەو جۆرەی هەین ئەمانخولقێنێ. ئەبێت ئێستا منداڵ ملکەچی ئەم واقیعە بێت کە هەرگیز بە ڕاستی ناتوانێت، بە تایبەتیش دەستی

بگاتە جەستە یاساغکراوەکەی دایکی. ئەو لەم بوونە خەیاڵییە (پڕە) دورخراوەتەوە بۆ دنیای (بەتاڵی) زمان. زمان بەتاڵە لەبەرئەوەی زمان بریتییە لە پرۆسەیەکی بێ کۆتایی لە جیاوازی و نەبوونی. ئەبێ ئێستا منداڵ لە جێی تەمەلوك زۆر بە ئاسانی دەست بە جوڵە بکات لە درێژەی زنجیرەیەك کاری زمانەوانی بێ کۆتایی. واتە لە دالێکەوە بۆ دالێکی تر. هەر دالێك گەیەنەری دالێکی ترە، ئەم دالەش درێژبوونەوەی دالێکی ترە، بەم جۆرە ئەم پرۆسەیە تا دوایی هەر بەردەوام ئەبێت. دنیای (مەجازی)ی ئاوێنە جێگای خۆی بەخشیوە بە دنیای (دورنیازی-میتۆنایمیك)ی زمان. بە درێژایی زنجیرەی دورنیازی دالەکان مانا و مەدلولەکان دەرئەکەون، بەلاَم هیچ کەس و هیچ شتێك بە تەواوی لە نێوەندی ئەم زنجیرەدا (ئامادەیی) تەواویان نابێت، هەروەك لە ڕاڤە و بۆچوونەکانی دریدادا بەرچاومان کەوت. ئەمەش کاریگەری دابەشکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو شوناسنامەکانە.

ئەم جێگۆڕکێیە توند و تیژ و بێ کۆتاییە لە دالێکەوە بۆ دالێکی دیکە تەواو هەمان ئەو شتەیە کە لاکان پێی ئەڵێت حەز و ئارەزوو. هەموو حەزێك لە

ونبوونـەوە سـەرهەڵئەدات، بەوپـەڕی توانـاوە هـەوڵ ئـەدات ئـەو ونبـووە بەدەسـت بێنێتـەوە، زمـانی مـرۆڤ لـەژێر کاریگـەری ئـەم ونبـووەدا کارئـەکات: ونکردنـی شتە واقعییەکان، کە نیشانەکان ئەوان دیاری ئەکەن، ئەمـەش واقیعێکـە کـە وشـەکان تـەنیا بـە ونبـوون و بێبەشـبوونی ماناکـانی تـر مانایـان ئـەبێت. بەرامبـەر بەمە چوونە نێو زمان واتە کەوتنە نێو داوی حەز و ئارەزووەکانـەوە. لاکـان ئـەڵێ: زمـان "ئـەو شـتەیە کـە بـوون لـە حـەز و ئـارەزوو بـەتاڵ ئەکاتـەوە"، زمـان تەواوی دنیای خـەیاڵ دابـەش و پارچەپارچە ئـەکات، چـیتر نـاتوانین بـێ دەنگـی لـە شـتێکی دابەشـکراودا ببیـنین، ئـەو مانـا کۆتاییـە کـە تێگەیشـتن بـۆ هـەموو شتەکانی دیکە دروست ئەکات. چوونە نێو زمانەوە، جیابوونەوەیە لەو شتەی کە لاکان ناوی (واقیعی) لێ ئەنێت، ئەو شوێنەی گەیشتن پێی مەحاڵە بەردەوام لە دەلالەتەوە دوورە، لە دەرەوەی سیستەمی ئاماژەکانە، بە تایبەت، ئێمە لە جەستەی دایك جیاکراوینەتەوە“ پـاش گرێـی ئۆدیبی توانـای ئـەوەمان نابێت هـەرگیز ئەم شتە بەنرخە بەدەست بهێنین، ئەگەر هاتوو هەموو تەمـەنی خۆشمـان بـۆ ئـەم مەبەسـتە تـەرخان بکـەین. بۆیـە لـە جێـی ئـەوە ئـەبێت دڵخۆشـی خۆمـان بـە لـە

جیاتی دانان بدەینەوە بەو شتەی کە لاکان پێی ئەڵێت (شتی a بچووك)، ئێمە بێهودە هەوڵ ئەدەین ئەو کەلێنە پڕ بکەینەوە کە کەوتۆتە نێو بونمانەوە. ئێمە لە نێو جێنشینەکانەوە بە دوای جێنشینەکان، (مەجازی مەجازییەکان) میتافۆریسی میتافۆریسەکان ئەجوڵێین و هەرگیز ناتوانین ئەو بوونە پاراوو (گەرچی خەیاڵیش بێت) کاملە کە لە خەیاڵدا ئاگادارین زیندووی بکەینەوە. هیچ مانایەك یان شتێکی (باڵا و مەزن transcendent) بوونی نییە تا بتوانێت ئەم ئارەزووە بێ کۆتاییانە بە مەبەست بگەیەنێ، ئەگەر ئەم جۆرە واقیعە باڵایەش هەبێت ئەوە هەمان ئەو کۆئەندامی نێرینەیە کە لاکان پێی ئەڵێت: (دالی باڵا و مەزن)، لە ڕاستیدا ئەم چەمکەش شتێك یا واقعێك نییە هەروەها ئەندامی نێرینەش واقعێ نییە، بەڵکو تەنیا جۆرێ نیشانەی بە تاڵی جیاوازە، نیشانەیەکە لە خەیاڵمان جیائەکاتەوە و ئەمانباتە جێی چارەنووس و لە نێوەندی سیستەمی هێماکان دیاری کراوە. هەروەك لە بارەی فرۆیدەوە بەرچاومان کەوت، لاکان بڕوای وایە ناهۆشمەندی بونیادێکی هەیە لە زمان ئەچێت. نەك لەبەرئەوەی کارئەکات لەگەڵ وەرگرتن و مەجازدا بەڵکو بەو

بەڵگەیەش وەك زمان لە دیدی پاش –بوونیادگەران، زیاتر لە دالەکان دروست بووە تا لە نیشانە و مانا جێگیرەکان. گەر بە ئەسپێکەوە خەون ببینی، بە ڕوونی ناتوانی بڵێیت ئەو ئەسپە دەلالەتە بۆچی: ڕەنگە زۆر مانای ناکۆتایی تێدابێت، یاخود بازنەیەك بێت لە زنجیرە دالەکان کە بە یەك ئەندازە چەندین مانای هەیە، ئەتوانین بڵێین وێنەی ئەسپ بە پێی بۆچوونی سوسێری نیشانەیەك نییە، (مانایەکی دیاریکراوی نییە ڕاستەوخۆ بە کلکی ئەوەوە چەسپ بووبێت) بەڵکو دالێکە ئەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ هەموو دالە جیاوازەکانی تر هەبێ و وە خۆشی هەڵگری پاشماوەی هەموو ئەو دالانە بێ کە دەورەیان داوە. (کاتێك ڕستەی سەرەوەم ئەنووسی ئاگاداری گەمەی وشەیی نەبووم لە نێوان (ئەسپ) و (کلك)، بەبێ مەبەست لە ناهۆشمەندیمدا، دالێك لەگەڵ دالێکی بەرامبەر کارلێکردنیان کرد). ناهۆشمەندی جووڵە و چالاکیەکی پەیوەستی ئەو دالانەیە کە مەدلولەکانیان هەمیشە بۆ من ئاسان نیە بە دەستیان بهێنم چونکە چەپێنراون. هەر بەم هۆیەشەوە لاکان کە باسی ناهۆشمەندی ئەکات وەك (خلیسکاندنی مەدلول بۆ ژێر دالەکان)، ڕەنگپەڕیوی و بە هەڵمبوونی

بـەردەوامی ماناکـان و دەقـی (نوێخـوازی) نـامۆ کـە هــەرگیز ناخوێنرێتــەوە و بــە یەقینــەوە هــەرگیز دوا نهێنی خۆی بە دەستەوە نادات.

ئەگەر ئەم لەبەر ڕۆیشتن و شاراوەیی بەردەوامی مانـا لـە ژیـانی ناهۆشمەندیـدا بەدیبهاتایـە، ئـەوا بـە یەقینــەوە هــەرگیز توانــای ئــەوەمان نــەدەبوو بــە گونجاندنـەوە گفتوگـۆ بکـەین. ئەگـەر هـەر لـە کـاتی قسەکردندا هەموو ئەو واژانەی پێویستمە لەبەردەستم بێت، ئـەوا بـە هـیچ جۆرێ نەمدەتوانی شتێك دابـەش بکەم، بەرامبەر بەمە (خود) یا ناهۆشمەندی تـەنیا بـە چــەپاندنی ئــەم چــالاکیە سەرکەشــە ئــەتوانێ بــۆ زەمــەنێکی کـاتی وشـەکان لەگـەڵ ماناکانـدا جـووت بکات. جارجارێ لە کاتی قسەکردندا نامەوێ وشەیەك بڵێم کەچی لـە ناهۆشمەندیـدا بـە سرکی خۆی بـەنێو قسـەکانمدا ئـەکات، ئەمـەش ئـەو هەڵـە و تەتەڵەکردنـە بەناوبانگەی زمانە کە فرۆید لـە زمانـدا باسـی ئـەکات. بەڵام لە دیدگای لاکانەوە ئەکرێ بە یەك چەمك بوترێ، تـەواوی زمـانی ئێمـە جۆرێکـە لـە تەتەڵـەکردنی زمـان: ئەگـەر تـا ئـەم سـنووره پرۆسـەی زمانـەوانی ئەوەنـدە ئـاڵۆز و پـڕ لـە تەتەڵـە بێـت ئـەوا هـیچ کاتێـك نـاتوانین ئـەوەی ئـەیڵێین بـە جـوانی لێـی بگـەین، هـەروەها بـە

تەواویش ناتوانین بۆچوونەکانی خۆمان بەیان بکەین. مانا هەمیشە نزیك کردنەوە و پێکانی خوارەی نیشانە و تا ئەندازەیەك جۆرێکە لە ناکامی کە تێنەگەیشتن و نەمانی پەیوەندی تێکەڵ بە چەمکی بوون و پەیوەندی ئەکات. بێگومان هەرگیز ناتوانین ڕاستی بە شێوەیەکی (پاراو) و بێ نێوەند بگەیەنین: مەبەست لە شێوەی تەواو ئیلهامبەخشی لاکان، واتە ئەو زمانەی کە ناهۆشمەندی تێدایە ئەوەیە کە هەر جۆرە هەوڵێك بە مەبەستی گواستنەوەی مانای کامڵ و ساغ لە وتن یان لە نووسین جۆرێکە لە وەهمی پێش فرۆیدی. لە ژیانی هۆشمەندیدا ئەگەینە تێگەیشتنێك لە بارەی خودەوە کە بە شێوەیەکی لۆجیکی تاك و گونجاوە، بەبێ ئەو تێگەیشتنەش کارکردن مەحاڵ نابێت. بەڵام هەموو ئەمانە تەواو لە سەرووی خەیاڵی (خود)ەوەن، ئەوەش بۆ شیکردنەوەی دەروونی لە لوتکەی شاخێکی بەفرینی جەستەی مرۆڤێك زیاتر هیچی تر نییە. ئەم (خود)ە پاشکۆیە یاخود پاشماوەی مرۆڤێکە هەمیشە پەراگەندەیە، هیچ کاتێك لەگەڵ خۆیدا یەکگرتوو نییە، بە درێژایی زنجیرەی ئەو وتارانە درێژ ئەبێتەوە کە ئەو ئەهێنێتە ئاراوە. درزێکی گەورە لە نێوان ئەم دوو ڕووەی بووندا هەیە

—درزێـک دیـارترین نوێنەرایـەتی خـۆی لـە ڕێگـای ڕاگەیاندنی ڕستەیەکدا پەیدا ئەکات لە ئەنجامی کاری گەڕانـەوەی بـۆ لای خـود. کاتێـک ئـەڵێم (مـن سـبەینێ چیمەنەکە ئـەبڕم) ئـەو (مـن)ەی لـە زمـانم دەرئەچێت ئاشکرا و ڕوونـە، خاڵێکی جێگیرە بۆ ئـەو ئاماژەیـەی کە بیرێکی هەڵە لە بارەی قووڵاییەکی تاریکی (من) بـە دەستەوە ئەدات ئەو منەی کە بـە کـاری وتـن و هێنانـە سـەر زار هەڵدەسـتێت. تیئـۆری زمانـەوانی (مـن)ی یەکـەم بـە (بکـەری بـەیانکردن)[24] یـاخود ناونیشـانێك دائـەنێت کـە ڕسـتەکەم ئـەوەی دەستنیشـان کـراوە. (من)ی دووەم، واتە ئەو کەسەی کە ڕستەکە ئەڵێتـەوە پێی ئەوترێت (بکەری بەیانکەر)[25] یـاخود ئـەژمێردرێ بە بکەری ڕاستەقینەی پرۆسەی قسەکردنەکە. واتە وا پـێ دەچێت ئـەم دوو (مـن)ی لـە پرۆسـەی نووسـین و وتندا گەیشتوونەتە جۆرێك لە یەکگرتن، بەڵام جۆرێك لـە یـەکگرتنی خـەیاڵی. "بکـەری بەیانکـەر"، بێـژەر یاخود نووسەری واقیعی هەرگیز ناتوانێت بە تـەواوی نوێنـەری خـۆی بێـت کـە ئـەیڵێت. ئـەتوانرێ بوترێـت هـیچ نیشـانەیەك نیـە بتوانـێ هـەموو بـوونی مـن لـە

[24] Subject of enuncition

[25] Subject of enunciating

خۆیـدا کۆبکاتـەوە. تـەنیا ئـەتوانم لـە زمانمـدا بـە ڕاناوێکی دیاریکراو بوونی خۆم دیاری بکەم ڕاناوی (من) هەمیشە لە جێی بکەرێکی بالآیە، کە هەمیشە بـەنێو تـۆڕی هـەر پارچـەیەکی زمـانی دیـاریکراودا تێئەپەڕێت، ئەم داوایەش لەگەڵ ئەوەدا یەکسانە کە بڵێین من ناتوانم لە یەك کاتدا هەم "مانا ببەخشم" و هەم "مانا"ش بم. لاکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە چاونەترسانە ڕستە بەناوبانگەکەی دیکارت (من بیر ئەکەمەوە کەواتە من هەم)ی دووبارە نووسییەوە: "من لەو شوێنە نیم کە بیر ئەکەمەوە، من بیر ئەکەمەوە لە شوێنێ کە نیم".

لێکچـواندنێکی گـرنگ هەیـە لـە نێـوان ئـەوەی باسمان کرد (کارەکانی بەیانکردن) و لە نێوان ئەو شتەی کە پرۆسەی قسەکردنە و بە ئەدەب ناسراوە. بـە تایبـەت لـە هەنـدێ بەرهەمـە ئەدەبییەکانـدا، بـە تایبەت چیرۆکە ڕیالیزمەکان، ئێمە وەکو خوێنەر ئەوە سـەرنجمان ڕاناکێشـێ کە چۆن کاری بەیانکردن یان چۆن هەندێ شت ئەوترێ و لە چ بارودۆخێك ئەوترێ و چ ئامانجێکی چاوەڕوانکراوی هەیە، بەڵام زۆر بە ئاسانی ئەوە سەرنجمان ڕائەکێشێت کە (وتراوە) واتە پرۆسەی بەیانکردنەکە سـەرنج ڕائەکێشـێت. وا پـێ

دەچێت هەر جۆرە وتنێکی سەرچاوە نەزانراوی لەم جۆرە، بۆ سەرنجڕاکێشانمان هێزێکی مەزنتری هەیە بۆئەوەی ڕازیمان بکات، زیاتر لەو هێزەی سەرنجمان ڕائەکێشێت دەربارەی ڕوودانی کرداری بەیانکردن.

زمان بەڵگەنامەیەکی یاساییە یاخود دەقێکی زانستییە، ڕەنگە بمانخاتە ژێر کاریگەرییەوە یاخود بمانترسێنێ، لە سەرەتادا نازانین ئەم زمانە چۆن گەیشتۆتە ئەوێ. دەق بواری خوێنەر نادات کە بزانێ چۆن ئەو واقیعانەی لە دەقەکەدا هەن داڕێژراون و چ شتێك لابراوە و چۆن ئەم ڕاستیانە بەم شێوەیە ڕێکخراون. ئەو دراوانە چین دەسەڵاتیان بەسەر ئەم پرۆسەیەدا ئەشکێت، چ شێوە کارێ لە بونیادنانی دەقەکەدا پەنابەر بوون، هەموو ئەمانەش چۆن ئەتوانن جیاوازبن؟ بەرامبەر بەمە هەندێك لە توانای ئەو دەقانە لە سەرکوتکردنی ئەو شتانەوە سەریانهەڵداوە کە ئەکرێ پێی بوترێ شێوەکانی دروست بوونی دەقی ناوبراو، بەو مانایەی ئەمانە چۆن بوون بەو دەقەی کە هەن. لەم ڕووەوە لێکچوونێکی سەیری هەیە لەگەڵ ژیانی (خود)ی مرۆڤ، پرۆسەی بونیادنانی خۆی لە ڕێگای چەپاندنەوە تەی ئەکات. لە ڕووی بەراوردکردنەوە، زۆر لە بەرهەمە ئەدەبیە نوێخوازەکان

(کـرداری گـوتن) یـا پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی خـود ئەگۆڕێتـەوە بـە بەشێك لـە (ناوەڕۆکی) واقیعی خـود. ئەمانە هەوڵ نادەن وەکو نیشانەی (سروشتی) بارت بەبێ چەن و چوون خۆیان نیشان بدەن، بەڵکو بە پێی گوتــەی فۆرمالیســتەکان (ســەرەتاکانی) داڕشــتنی خۆیان "ئاشکرا ئەکەن". ئەوان بەم مەبەستە بەم کارە هەڵئەستن کە کارەکەشیان وەك حەقیقەتی موتڵەق و پێچەوانە وەرگیرێ –بـە جـۆرێ خوێنـەر جورئـەتی ئــەوەی هــەبێت پەرچــدانەوەیەکی ڕەخنەگرانــەی بەرامبەر بە شێوە تایبەتەکان و لایەنگرەکان هەبێت ئەوانەی کە خود لە ڕاستی لائەدەن، لەوەش بگات کە چۆن هـەموو ڕووداوەکـان ئـەتوانن بـە شێوەیەکی تر ڕووبدەن. ڕەنگە باشترین نموونەکانی ئەم جۆرە کارە ئەدەبیانـە، کـارە نمایشـیەکانی برتۆلـد بریشـت بێـت، بەڵام لە هونەری نوێدا، بە تایبەت لە فیلمدا، ئەتوانین هێجگار نموونەی دیکە نیشان بدەین، با بیر لە فیلمێك لە فیلمەکانی هۆلیود بکەینەوە لەم جۆرە فیلمانەدا کامێرا وەك دەرگایەك یان چاوی دووەم بەکاردێت، لە پشتەوەی ئەو دەرگایە بینەر تەماشای واقیع ئەکات. کامێرا بە بێ جووڵە دائەنرێت تا ئەوەی کە ڕووئەدات تۆماری بکات، لە کاتی بینینی ئەم جۆرە فیلمانەدا،

**بۆئـەوە ئەچـین ئـەو شـتە لـە بـیری خۆمـان بەرینـەوە "ئەوەی کە ڕووئەدات" لە ڕاستیدا ئەوە نیە کە "لە واقیعدا ڕووئەدات" بەڵکو ساختمانێکی ئاڵۆز و کار و بیردۆزی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بەخۆوە گرتووە. لـە لایـەکی تـرەوە بـیر لـە سکانسـێکی سـینەمایی بکەرەوە کە تیایدا کامێرا بە تووڕەیی و بە بێ وەستان لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر ئەچێت، لە هەر چرکەیەکدا وێنەیـەکی تایبـەت ئەخاتـە نێـو لێنزەکەیـەوە، پـێش ئەوەی پاشماوەی ئەو وێنەیە لابچێت یەکسەر دەست بە لێکۆڵینـەوەی بـنج و بنـاوانی ئـەو وێنەیـە ئـەکات، هـەموو ئەمانـە ئەوەنـدە سەرسـوڕهێنەرن کـە ئـەڵێی ئەیەوێت شتێکی دیکە نیشان بدات. ئەم جۆرە کارانە شـێوازێکە بـەڵام شـێوازێکی پێشـەنگ نیـە. بـەڵام چـالاکی کـامێرا و شـێوەی مۆنتـاژکردنی پارچـە فیلمـەکان، بـە جـۆرێ ئەخرێتـە بەرچـاوی بینـەر، نـاتوانین بـە ئاسـانی وەك بینـەرێ بـەردەوام بـین لـەم چالاکیانەی کامێرا و ئەو وردەکاریانەی لەگەڵ خودی شـتەکان ئـەنجامی ئـەدات[3]. ئـەکرێت وەك بەرهـەمی کۆمـەڵێ شـێوازی تـەکنیکی دیـاریکراو لـە نـاوەڕۆك و نـاواخنی زنجیرەیـەك سکان یـاخود دیمـەنی بە دوای یەکـداهاتوودا بگـەین، ئەمـەش لایـەنێك لـە چـیرۆکی**

سینەمایی پێکدێنێت، نەك وەك ئەوەی کە واقعێکی سروشتییە یان واقعێکی بابەتییە کە لەسەر کامێرا ئەوەیە تەنیا وێنەی بگرێت. وەك (مەدلول) یا (مانای سکانس) بەرهەمی (دال) و (هونەری سینەمایی)یە شتێك نییە کە پێشی بکەوێت.

بە مەبەستی زیاتر چوون بە دووی پەیامەکانی ئەندێشەی لاکان دەربارەی کەسایەتی مرۆڤ، پێویستە چاوێك بە وتارە بەناوبانگەکەی فەیلەسوفی مارکسیست لویس ئەلتۆسێر بخشێنین کە لەژێر کاریگەری لاکاندا نووسیویەتی. ئەلتۆسێر لە وتاری "ئایدیۆلۆژیا و دەزگاکانی ئایدیۆلۆژی دەوڵەت" لە کتێبی "لینین و فەلسەفە.. 1971)[26]دا بڵاوکراوەتەوە. لەو وتارەدا ئەلتۆسێر هەوڵ ئەدات بە سوود وەرگرتن لە تیئۆری دەروونی لاکان.. کاریگەری ئایدیۆلۆژیا بەسەر کۆمەڵدا ڕوون بکاتەوە. وتاری ناوبراو بەم پرسیارە دەست پێ ئەکات: چۆنە کەوا زۆربەی مرۆڤەکان ملکەچن بۆ ئایدیۆلۆژییە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای خۆیان –ئەو ئایدیۆلۆژیانە ئەلتۆسێر بە گرنگی ئەزانێت بۆ مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی چینی دەسەڵاتدار؟ ئایا بونیاد و کاریگەری ڕوودانی ئەم

---

[26] Lenin and philosophy

پرۆسەیە چییە؟ هەندێ جار ئەلتۆسێر بە "بونیادگەریێکی" مارکسی لە قەڵەم دراوە، بە پێی بۆچوونی ئەو مرۆڤ بەرهەمی بڕێکی زۆر لە سەرکوتکردنە کۆمەڵایەتییە ناچونییەکانە. بۆیە خاوەنی یەك پایە نیە. تا ئەو جێگایەی کە سۆسیۆلۆژی مرۆڤایەتی نیشانی ئەدات.

ئەکرێ ئەم جۆرە کەسانە وەك کارلێکەری ئەم بونیادە یاخود ئەو بونیادە بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە. وەك پلەوپایەی ئەوان لە شێوەکانی بەرهەمهێنان، یاخود ئەندامێتیان لەنێو چینە کۆمەڵایەتیەکان و.. هتد. بەڵام وەك ئاشکرایە ئێمە لە کرداردا بە هیچ ڕوویەك بەم شێوەیە خود تاقی ناکەینەوە. ئارەزووەکانمان لەوە زیاترە کە تەنیا خۆمان بە کەسانێکی ئازاد و یەکگرتوو ئۆتۆنۆم و خۆبەرهەمهێنەری کەسایەتی ببینین. بەبێ ئەم دیدگایە توانامان نابێت ڕۆڵی خۆمان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ببینین. لە ڕوانینی ئالتۆسێرەوە ئەوەی ئەم توانایەمان پێ ئەبەخشێت ئەم جۆرە ڕوانینەمان لە بارەی خۆمانەوە هەبێت ئایدیۆلۆژیایە. چۆن ئەکرێت لەم داوایە بگەین؟

تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە، وەك کەسێك ئەکرێت من بدرێم وەلاوە. لەبەرئەوەی فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگ ئەگێڕێت لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیە، بێگومان ئەبێت کەسێکی تر هەبێت ئەو کارەی من ئەیکەم ئەو ئەنجامی بدات (نووسین و وانە وتنەوە، وتارخوێندن و هتد)، بەلاّم هیچ بەڵگەیەکی تایبەت نیە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە مەبەستە منم. یەکێك لەو بەڵگانەی ئەبنە هۆی ئەوەی من حەزکەم ببمە ئەندام لە سێرکێك یاخود زیاد لە پێویست ماددە گێژکەرەکانە نەخۆم ئەوەیە کە من شوناسنامەی خۆم بەم شێوەیە ناخەمە ژێر ئەزموونەوە و بەم شێوەیەش ژیانی خۆم ناپارێزم. هەرگیز هەست ناکەم پاشکۆی بونیادێکی کۆمەڵایەتی بم کە بەبێ منیش بەردەوامی بە بزوتنەوەی خود بدات –گەرچی هەندێ جار کە دەست ئەدەمە شیکردنەوە و پارچەپارچەکردنی بارودۆخ بە تەواوی ئەم داوایە دێتە دی– بەڵکو خۆم بە کەسێ ئەزانم پەیوەندییەکی گرنگم لەگەڵ کۆمەڵگا و جیهاندا هەیە، پەیوەندییەك ئەوەندە هەستی مانا و نرخم پێ ئەبەخشێ تا بتوانم بە شێوەیەکی خاوەن ئامانج کار بکەم. وەك بڵێی کۆمەڵگا لای من

بونیادێکی ناکەسی نییە، بەڵکو وەکو کەسێکە بانگم ئەکات– (بە ڕەسمیم ئەناسێنێ و پێم ئەڵێت تۆ کەسێکی بەنرخی، لە ڕێگای ئەم ناسینەوە ئەمکا بە کەسێکی ئازاد و سەربەخۆ. من بە تەواوی ئەو هەستەم نییە کە جیهان بە تەنیا بۆ منە. بەڵکو ئەو هەستەم هەیە کە جیهان تا ڕادەیەك بە دەوری مندا "چەقی بەستووە" منیش بە پێوانەیەکی زۆر ورد بە دەوری جیهاندا (چەقم بەستووە". بە پێی دیدی ئەلتۆسێر ئایدیۆلۆژیا کۆمەڵێ باوەڕ و کردارە کە ئەم کاری چەق بەستنە ئەنجام ئەدات. ئایدیۆلۆژیا زیرەکتر و گونجاوتر و ناهۆشمەندترە لەو کۆمەڵە تاقیکردنەوە ئاشکرایانە. ئایدیۆلۆژیا ئەو ڕووبەرەیە کە تیایدا پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵدا دروست ئەکەم، دنیای ئەو نیشانە و ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکانی بە بونیادە کۆمەڵایەتیەکانمانەوە ئەبەستێتەوە، ئەوەشم بۆ دروست ئەکات تا هەست بەو ئامانجە گرنگ و لێکچوونە خودییە بکەم. بەم پێودانگە ئەکرێ ئایدیۆلۆژیا بریتی بێت لە ڕۆیشتن بۆ کڵێسا و بەشداریکردن بێت لە ڕیفراندۆم و چاودێریکردنی ئافرەتان لە چوون و هاتنە دەرەوەدا" ئەکرێ ئایدیۆلۆژیا نەك تەنیا حەز و ئارەزووەکانی

هۆشمەندی بێت وەك وەفاداری قووڵم بۆ دەسەڵاتدار، بەڵکو ئەکرێ تەنانەت شێوەی جل و پۆشین و مۆدێلی ئۆتۆمبیل و هەموو ئەو تێگەیشتنە ناهۆشمەندانەش بگرێتەوە لە بارەی کەسانی تر و خۆشمەوە.

بە واتایەکی تر ئەو کارەی ئەلتۆسێر ئەیکات، دووبارە بیرکردنەوەیە لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا بە پێی تێگەیشتنی لاکان لە زاراوەی (خەیاڵ)ی بوون، لەبەرئەوەی لە تیئۆری ئەلتۆسێردا پەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە بە شێوەیەکی گشتی لەو پەیوەندیە ئەچێت کە لە تیئۆری لاکاندا هاتووە، ئەویش پەیوەندی منداڵی بچووکە لەگەڵ ئەو وێنەیەی خۆی کە لە ئاوێنەدا ئەیبینێ. لە هەردوو ڕووەوە تاکەکەس لە ڕاگوزەری لێکچواندن لەگەڵ شتێکدا کە وێنەکەی لە بازنەیەکی داخراو و خۆویستندا بۆ ئەو ئەگەڕێتەوە، ئەگاتە وێنەیەکی تاك و ڕازیکەری خۆی. سەرەڕای ئەوەش لە هەردوو حاڵەکەدا ئەم وێنەیە جۆرێك لە ناسینەوەی نادروستی تێدایە، لەبەرئەوەی بارودۆخی واقیعی تاك ئەکا بە ئامانجێ. منداڵ ئەوەندەی وێنەی لە ئاوێنەدا نیشان ئەدرێت ئەوەندە یەکپارچە نییە" لە ڕاستیدا لە زەمینەی ئایدیۆلۆژیادا ئەوەندەی بۆ دەچم بوونەوەرێکی تونـدوتۆڵ و سـەربەخۆ و

خۆبەرهەمهێنەری کەسایەتی نیم. بەڵکو بەشێکم لە کەسێکی ناجێگیر و لە چەندین هۆکاری دیاریکەری کۆمەڵایەتی. لە ڕاستیدا من کە ئەسیری ئەو وێنە دۆزراوانەی خۆمم، خۆمی تەسلیم ئەکەم، لە ڕێگای ئەم خۆبەدەستەوەدانەیە ئەبم بە کەسێ.

ئێستا زۆربەی شیکەرەوەکان ڕایان لە بارەی ئەوەوە وایە کە وتارەکەی ئەلتۆسێر بە تەواوی ناتەواوە هەر بۆ نموونە وا پێدەچێت لەسەر ئەو بونیادە دانرابێت کە ئایدیۆلۆژیا شتێکە زیاد لە پێویست هێزێکی سەرکوتکەرە و ئەمانچەوسێنێتەوە، بێ ئەوەی هیچ جێگایەك بۆ ڕاستیەکانی ململانێی ئایدیۆلۆژی بەجێبهێڵێت. هەروەها پڕە لە ڕاڤەی نادروست لە بارەی تیئۆری لاکانەوە. بەڵام ئەم هەوڵانە کۆششێکە پەیوەندی تیئۆری لاکان بەو مەسەلانە نیشان ئەدات کە باڵاترن لە ژووری تاقیکردنەوە" هەروەها بە ڕاستیش ئەوە نیشان ئەدات کە کاری لاکان لە سەرووی شیکردنەوەی دەروونی پەیامی ڕەگدارتری هەیە لە بەشە جۆرجۆرەکانی تردا. لە ڕاستیدا لاکان بە پێشکەشکردنی ڕاڤەیەکی نوێ بۆ فرۆیدیزم لە بواری زماندا، کە بە ڕای ئەو جۆرێکە لە چالاکی کۆمەڵایەتی تێروپڕ، بەم کارەی زەمینەی

ئـەوەمان بـۆ خـۆش ئـەکات تـا بتـوانین دەسـت بـە لێکۆڵینــەوە لــە نێــوان ناهۆشمەنــدی و کۆمــەڵگای مرۆڤایەتی بکەین. لە باسکردنی ئەم بابەتەدا ئەتوانین بڵـێین ئـەوەمان بـۆ ڕوون ئەکاتـەوە کـە ناهۆشمەنـدی شـــوێنەوارێکی ئـــاڵۆز و پـــڕ واژەواژ نییـــە لـــە دەروونمانـــدا، بـــەڵکو یەکێکـــە لـــە هۆکارەکـــانی پەیوەنـدیمان بـە یەکتریـەوە. بـە پێـی ئـەم بۆچـوونە ناهۆشمەندی لە (دەرەوە)ی ئێمەیە تا لە (دەروونمان) —یـان بـە شـێوەیەکی باشـتر ئـەتوانین بڵـێین لـە نێوانماندایە وەکو ئەو هەلومەرجەی پێکەوە هەمانە. زیـاتر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە کـەوا ئـەو تووشـی سەرسـوڕمان بـووە نـەك لەبەرئـەوەی لـە عەقڵمانـدا نێـژراوە، لەبەرئـەوەی بریتیـە لـە تۆڕێـك پەنجـەرەی ڕسـتراو بـە دەورمانـدا خـۆی ئەچـنێت، بـە هـیچ جـۆرێکیش ناتوانێـت لـە خاڵێکـدا جـێگیری بکـات. باشترین نموونـەش لـە بارەی ئەو تۆڕەوە بریتیـە لـە زمان زمانیش شتێکە کە لە سەرووی ئێمەوەیە و ئەو ماددەیەشە کە ئێمەی لیّ دروست بووین، لە ڕاستیدا بە بڕوای لاکان ناهۆشمەندی بەرهەمی تایبەتی زمانە، پرۆسەی حەز و ئارەزووەکانە کە لە ڕێگای جیاوازی و جیاکردنەوەوە ئەکەوێتە جووڵە. کاتێك بەرەو ناخی

(سیستەمی ئاماژە) ئەڕۆین، مانای وایە گەیشتووین بە زمان، بەڵام لاکان یش هەروەك بوونیادگەران بڕوای بەو شتە هەیە کە ئەم زمانە بە تەواوی نەکەوتوەتە ژێـر چـاودێری تاکـەوە. بـە پێچـەوانەوە، هـەروەك بینیمـان زمـان ئـەو شـتەیە لـە دەروونـەوە دابـەشمان ئـەکات، شـێوازێك نیـە کـە بتـوانین بـە دڵنیاییـەوە بیخەینـە ژێـر ڕکێفـی خۆمانـەوە. زمان هەمیشە پێش ئێمـە بـوونی هـەبووە: هەمیشـە پێشـتر "لـە جێگـای خۆیدا" جێگای گرتووە وە چاوەڕوانە تا لـە دەروونـی خۆیـدا شـوێنی ئێمـە دیـاری بکـات. زمـان، وەکـو باوانمان لە چاوەڕوانیماندان" ئێمە هەرگیز ناتوانین بە تەواوی بەسەر ئەودا زاڵ بین یاخود بۆ مەبەستەکانی خۆمـان بـەکاری بێـنین. هـەروەك چـۆن نـاتوانین دەسەڵاتی باوانمان لە شێوەی پەروەردەکردنمان کەم بکەینـەوە. زمـان، ناهۆشمەنـدی، دایـك و بـاوك، سیسـتەمی ئاماژەکـان، ئەمانـە کۆمـەڵێ زاراوەن لـە دیـدی لاکـان ئەوەنـدە هاومانـا نـین –بـەڵکو پەیوەندییـەکی نزیکیـان پێکـەوە هەیـە. هەنـدێ جار لاکان بـەم زاراوەیـە ئـەڵێت (ئـەوی تـر)، شـتێکە وەك زمـان هەمیشـە لـە پێشـەوەی ئێمەیـە و لـە دەسـتمان هەڵدێ، شتێکە لە یەکەم چرکەدا وەك کەسێ بوونمان

پیَ ئەبەخشیَ، بەڵام هەمیشە لە دەستمان دەرئەچێت. پـێش ئەمـە بینیبوومـان بـە بـڕوای لاکـان ئـارەزووی ناهۆشمەندیمان ڕوویـان لـەم (دیکـە)یـە، بـە مەبەسـتی شێوەبەخشین بـە جۆرێکی دڵخۆشـکەرانەی تـەواو کـە ئێمـە هـەرگیز نـاتوانین پێـی بگـەین، بـەڵام لـە لایـەکی دیکەشـەوە ئـەم ئـارەزووەش بـەردەوام لـەم (دیکـە)یـە چـێژی وەرگرتـووە. ئێمـە حـەزمان لـەو شـتانەیە کـە کەسـانی تـر –وەك دایـك و باوکمـان– ناهۆشمەندانـە حـەز ئەکـەن ئێمـە هـەمانبێت" حـەز تـەنیا لـەو کاتـەدا دەرئەکـەوێت کـە ئێمـە لـە نێـو پەیوەندیـەکانی زمـانو سـێکس و کۆمەڵایـەتی و تـەواوی ئـەو بەشـانەی لـە (دیکە)وە بەدەرئەکەوێت پلە و پایەمان هەبێت.

لاکان ئەوەندە گرنگی  بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و تیۆرییـــەکان نـــادا، ئەوەنـــدەش گرنگـــی نـــادا بـــە چارەســـەرکردنی پەیوەنـــدی نێـــوان کۆمـــەڵگا و ناهۆشمەنـدی. بـەڵام فرۆیـدیزم بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەو بوارەی بۆ نەڕەخسانین تاکو ئەم پرسیارە بکـەین، منیش ئێسـتا خـەریکی ئەوەم بۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم بابەتە سوود لە بابەتێکی ئەدەبی ناسراو وەرگرم ئـەو بابەتـەش بریتیـە لـە (کـوڕان و عاشـقان)[27]ی د. هـ.

---

[27] Sons and Lovers

لارنس. تەنانەت ڕەخنەگرە پارێزگەرەكان ئەوانەی هەندێ زاراوەی وەك (گرێی ئۆدیبی) بە زاراوەیەكی بەدگومان و ئاڵۆز و بێگانە لە قەڵەم ئەدەن، هەندێ جار ئەوەیان قبووڵە هەندێ شت لەم دەقەدا كە ڕووئەدات تا ڕادەیەك لە شانۆنامە بەناوبانگەكەی فرۆید ئەچێت (جێگای سەرنجە هەندێ لەو ڕەخنەگرانەی خاوەن عەقڵێكی قاڵبدارن ڕازین هەندێ زاراوەی ئاڵۆزی وەك "سیمبول"، "نمایشی جۆری گاڵتەجاڕی"[28]، "بونیادی چڕوپڕ"[29] بەكاربێنن، كەچی بەرامبەر بە زاراوەكانی وەك "دال" و "چەق نەبەستن" بەرگری نیشان ئەدەن. تا ئەو جێگایەی ئاگادار بین د. ه. لارنس كاتی نووسینی ڕۆمانی (كوڕان و عاشقان) ناڕاستەوخۆ زانیاری لە هاوسەرە ئەڵمانیەكەی فریدا لە بارەی كارەكانی فرۆیدەوە چنگ كەوتووە. بەڵام هیچ بەڵگەیەكی دروست نییە لە بارەی ئەو ڕاستیە ئایا خودی لارنس هیچ زانیاریەكی ڕاستەوخۆ و وردی هەبووە لە بارەی تیئۆری فرۆیدیەوە. ئەم ڕاستییەش ئەكرێ وا بوترێ كە پێداگرتنێكی ڕاستەوخۆیە لە بارەی بۆچوونی

---

[28] **Dramatic irony**

[29] **Densely textured**

دەربارەی تیئۆری فرۆیدی. گومانی تێدا نیە ڕۆمانی (کوڕان و عاشقان) سەرەڕای بێئاگاییبوونی لە بارەی تیئۆری فرۆیدیەوە ئەکرێ بە تەواوی بوترێت ڕۆمانێکی ئۆدیبیی قوڵە. (پەولْ مۆریل)ی لاو کاتێك لەسەر نوێنەکەی دایکی خۆی ئەنوێ، وەك عاشقێك زۆر بە ناسکی مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات، بەڵام بەرامبەر بە باوکی هەست بە دژایەتیکردنێکی بێ وێنە ئەکات، کاتێ کە گەورە ئەبێت و ئەبێ بە پیاو، ناتوانێ لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا پەیوەندی دروست بکات، لە کۆتاییدا لە پێناوی کاری ڕزگارکردن و عەشقی ئاڵۆز و تۆڵەسەندنەوە و خۆئازادکردن لەم بارودۆخە پەنا ئەباتە بەر کوشتنی دایکی، لەو لاشەوە (خاتو مۆریل) ئیرەیی بەو پەیوەندییە ئەبات کە لە نێوان —پۆل و میریام—دا هەیە، مۆریل وەك عاشقێکی ڕەقیب ڕەفتاری لەگەڵدا ئەکات، پۆل لە پێناوی دایکیدا میریام دەرئەکات، بەڵام بەدەرکردنی میریام دایکی خۆشی ناهۆشمەندانە لە کەسایەتی میریامدا دەرئەکات، ئەویش بە هەستکردنی بەو سروشتی بۆ خۆبوونە ڕوحیە خنکێنەرەی میریام.

نەشونماکردنی دەروونناسی پۆل لە خۆیەوە بە ئەنجام ناگات، باوکی واڵتەر موریل کابرایەکە لە کانە

مەعدەنـەکان کـار ئـەکات، کەچـی دایکـی سـەر بـە چینێکی کۆمەڵایەتی باڵاترە. خاتوو مۆریل بەردەوام چاودێری کوڕەکەی ئەکات، نەك دوای باوکی بکەوێت بەرەو چاڵ، بەڵکو ئەیەوێ کوڕەکەی لە جیاتی ئەو کـارە کـارێکی پـاکتر بکـات. خـاتوو مۆریـل ژنێکـی خانەدانـە: پێکهاتـەی خێزانـی مۆریـل بەشـێکە لـەو شتەی کە ناسراوە بە (دابەشکردنی سێکسی کار). ئەم دابەشکردنی کارە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بـەمجۆرە دەرئەکـەوێت، بـاوك وەك هێـزی کـار لـە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ئەرکی کارکردنە، لەولاشەوە دایـك هێـزی مـاددی و سـۆزداری و بەرهەمهێنـەری (منداڵ) پێکدێنێ. نامۆبوونی مۆریلی باوك بەرامبەر بە ژیانە چڕوپڕ و پڕ سۆزداریەی نێو خێزان بۆ ئەو دابەشـــکردنە ئەگەڕێتـــەوە، ئـــەم دابەشـــکردنە کۆمەڵایەتیـە. دابەشـکردنێك وا لـە مۆریـل ئـەکات منداڵـەکانی خـۆی نەناسـێتەوە و منداڵـەکانیش بـە پەیوەندییـــەکی ســـۆزداری تـــەنك بـــە دایکـــەوە ئەبەستێتەوە. ئەگەر کاری باوك، هەروەك کاری واڵتەر مۆریل، بە تایبەت کارێکی ماندووکەر و زاڵمانە بێت، ئەگەریش هەیە کەوا نەخشەی ئەو لەنێو خێزاندا کەم بکاتـەوە" مۆریـل لەگـەڵ ئەنجامـدانی کـاری ڕۆژانەیـدا

ناتوانێ لە ماڵەکەیدا پەیوەندییەکی مرۆڤانە لەگەڵ منداڵەکانیدا ببەستێتەوە. هەروەها نەخوێندەواریش وا ئەکات نەتوانێ بە ئاسانی هەستەکانی خۆی بگەیەنێ، ئەمەش ڕاستیەکە کە ئەو و خێزانەکەی زیاتر لە یەکتری دوورئەخاتەوە. سەختی و توندوتیژی کار لە لایەن ئەوەوە لەنێو ڕووبەری ماڵدا ئەبێتە هۆی بەکارهێنانی هەندێ ڕەفتاری توندوتیژ و تورەکەر، کە ئەمەش وا لە منداڵەکان ئەکات زیاتر بەرەو باوەشی دایکیان بڕۆن، ئەم کارەش ئاگری تەمەلوکی ئیرەییانەی دایک بۆ منداڵەکانی زیاتر توندوتیژ ئەکات. باوك بۆئەوەی ئەو پلەوپایەی لە کاردا لە دەستی داوە لە ماڵەوە بە چنگی بێنێت ئەوا هەڵدەستێ بە خۆ جێگیرکردن لە ماڵدا، بەمەش بێگانەبوونی منداڵان بەرامبەر بە خۆی زیاتر ئەکات و منداڵانیش زیاتر لێی دوور ئەکەونەوە.

لە بارەی خێزانی مۆریل، ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتیانە بە هۆی ئەو کەلێنە چینایەتیەی لە نێوانیاندایە ئاڵۆزتریش ئەبێت، وەك لە ڕۆمانەکەدا دەرئەکەوێت مۆریل کابرایەکی کرێکارە ناتوانێ بە ڕوونی فیکری خۆی بسەلمێنێ، بۆیە هەڵچوون و هێزی لەش بەکارئەهێنێت: ڕۆمانی کوڕان و عاشقان

وەك بوونـــەوەرێکی ژێـــرزەمین وێنـــەی کرێکـــاری کانەبەردەکان ئەکێشێت کە ژیان زیاتر لە لەشیانە نەك لە بیریان. نیشاندانی ئەم شێوەیە جێی سەرسوڕمانە لەبەرئەوەی ساڵی 1912، واتە ئەو ساڵەی کە لارنس لە نووسینی ئەم پەرتووکە بووەوە، کرێکاری کانـەکان لە بەریتانیا گەورەترین خۆپیشاندانیان ڕێکخست کە تا ئەو کاتە لە بەریتانیادا ڕاپەڕینی وا ڕوینەدابوو. دوای ســاڵێك، واتــە ئـەو ســاڵەی کـە ئـەم ڕۆمانــە بڵاوکرایـەوە خـراپترین کارەسـات لـەو کانەبەردانـەدا ڕوویاندا بە هۆی سەدەیەك لە پشتگوێخستنی دارایی ترسناك کە ئەمەش بە سزادانێکی هیچ و پووچ سزا درا. (سـزای دراوی.. وەرگێـڕ) ئەمـەش بـوو بـە هـۆی ئــەوەی کــە کــەش و هــەوای چــینایەتی بەســـەر سەرانسەری کانە بەردەکانی بەریتانیا باڵ بکێشێت. ئــەم پێشــکەوتنانە، هاوکـات لەگـەڵ ئـەو هـەموو هۆشـیاری سیاسـی قـووڵ و ڕێکخراوەیـی تونـدوتۆڵ، هەروا لە خۆیـە دەرئـەنجامی جەستەی بێ ئەندێشانە نەبوو. خاتوو مۆریل (ڕەنگە گرنگ بێت گەر ئێمە حەز نەکـەین نـاوی بچـووککراوەی ئـەو بهێـنین)، سـەر بـە چـینی ناوەنـدە، خوێنـەواریی هەیـە، زمـان پـاراو و ئـافرەتێکی خـاوەن بڕیـارە. بەرامبـەر بەمـەش خـاتوو

مۆریل نیشانەی ئەو شتەیە کە پۆڵ لاو و هەستیاری هونەرمەند هیوائەخوازێت پێی بگات. هەڵگەڕانەوەی سۆزداری ئەو لە باوکەوە بەرەو لای دایك شتێکە جیانابێتەوە لە پشتکردنی لە دنیای هەژاری و چەوساندنەوەی کانەبەردینەکان و ڕووکردنە ژیانی هۆشمەندی و سەربەستی. ئەو دڵەڕاوکێ شاراوە تراژیدیەی کە (پەولْ) خۆی تێدا بە بەندکراوی و ماندووبوون ئەبینێ، لەو ڕاستیەوە هەڵدەقوڵێت کە دایکی –هەمان سەرچاوەی هێزە کە پاڵی پێوە ئەنێت بۆ زیاتر دەرچوون لە سنووری خێزانی و خۆپاراستن لە کەوتنە نێو چاڵەوە– لە هەمان کاتدا ئەو هێزە سۆزداریەیە کە بۆ دواوەی ڕائەکێشێت.

بۆیە مەرج نییە خوێندنەوەی ڕۆمان لەسەر نەهجی شیکردنەوەی دەروونی ئەڵتەرناتیڤێك بێت بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، بەڵکو زیاتر لە دوو ڕووەوە یان لە دوو لایەنەوە باسی یەك بارودۆخی مرۆیی ئەکەین. ئەتوانین لە دوو ڕووەوە لە دیدی گرێی ئۆدیبییەوە و لە دیدی چینایەتیەوە باسی وێنەی سستی باوکی (پەولْ)و وێنەی بەهێزی دایکی بکەین ئەتوانین ببینین کە چ جۆرە پەیوەندیەکی مرۆیی هەیە لە نێوان باوکی توندوتیژ و نائامادە، لە

نێـوان دایکـی چاوچـنۆك و لـە ڕووی سـۆزدارییەوە تینوو هەروەها لە نێوان منداڵی هەستیار، هـەموو ئـەم پەیوەندیانــە ئــەکرێ لێــی بگــەین لــە لایــەك لەبــەر ڕۆشــنایی پرۆســەکانی عــەقڵی ناهۆشمەنــدی و لــە لایــەکی تــرەوە لەبــەر ڕۆشــنایی هێــز و پەیوەندیــە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان. (بە دڵنیاییەوە هەندێ لـە ڕەخنەگران هیچ یـەك لـەم دوو ڕێگایـە قبـوولْ ناکـەن و لـە جێـی ئـەو خوێندنەوەیـە خوێندنـەوەی مرۆڤانـەی ڕۆمانەکە هەڵدەبژێرن. ئاسان نییـە بزانرێت مەبەست لـەم مرۆڤایەتییـە چییە کـە هەلومـەرجی ڕاستەقینەی کەســـان و کـــار و مێـــژوو نـــاوەڕۆکی قـــوڵتری شوناســـــنامەکان و پەیوەندییـــە کۆمەڵایـــەتی و سێکسییەکان و گشت تایبەتمەندیەکان ئەخاتە لاوە).

بـەڵێ هـەموو ئەمانـە پەیوەسـتن بـەو شـتەی کـە پێـی ئەوترێت (شیکردنەوەی ناوەڕۆك)" گرنگی ئـەدات بـەو شتەی کە ئەوترێت نەك ئەو شتەی کە چۆن ئـەوترێت، واتـە گرنگی ئـەدات بـە (بابـەت) نـەك بـە (فۆرم). بـەڵام ئـــەتوانین ئـــەم تێبینیانـــەش بـــۆ خـــودی فـــۆرم بگوێزینـەوە- هـەروەك لـە مەسـەلەکانی وەك (چـۆن ڕۆمـــان بەســـەرهاتەکەی خـــۆی ئەخاتـــەڕوو، چـــۆن شـــێوەیان پـــێ ئەبەخشـــێت، چـــۆن کەســـایەتیەکان

دەرئـەخات، چ دیدگایـەکی چـیرۆك ئامێزانـە بونیـاد ئەنێت. بۆ نموونە، شتێکی ئاسایی دێتە بەرچاو کەوا ئـەم دەقـە، نـەك بـە تـەواوی بـەڵام تـا ڕادەیـەکی زۆر، خۆی لەگەڵ دیدی پـەوڵ هاوئاهـەنگ ئەکات و لەسـەر ڕوانینەکانی ڕازی ئەبێت: لـەو کاتـەوەی کە ڕۆمانەکە لـە چـاوی ئـەوەوە ئـەبینرێت، کەواتـە لـەو زیـاتر هـیچ سەرچـاوەیەك یـان بەڵگەیـەکی واقیعـی ترمـان نیـە. کاتێك پەوڵ بەرەو پێشەوەی ڕووداوەکە ئەجوڵێتـەوە، ئـەوا بـاوکی ئەچـێتە دواوە. بـە شـێوەیەکی گشـتی مامەڵـەی ڕۆمانەکـە لەگـەڵ خـاتوو مۆریـل "نـاوەڕۆك" تـرە لـە مامەڵەکردنیـدا لەگـەڵ مێردەکـەی، ئـەتوانین بڵێین ئەم مامەڵەکردنە بە جۆرێك ڕێکخراوە کە خـاتوو مۆریـل بەرجەسـتە ئـەکا و ئاغـای مۆریـل بـە ونکـراوی بەجێـدێڵێت. ئەمـــەش هەڵوێســـتێکی ناســـراوە بـــۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی پاڵەوان. بە شێوەیەکی تر ئەو ڕێگایـەی کـە چـیرۆکەکەی پـێ بونیـاد ئـەنرێت تـا ڕادەیەك بە دەستی ناهۆشمەندی پەوڵ ڕووئەدات. بۆ نموونـە نـازانین ئـەو میریامـەی لـە ڕۆمانەکـەدا بـە پێـی بۆچوونی تایبەتی پەوڵ خراوەتە ڕوو ئایا لە ڕاستیدا شایستەی ئەوەیە ئەم بێ سـەبری و تووڕەییـەی تیـادا بجوڵێنـێ. زۆربـەی خوێنـەران، هەسـت بـەم بێزاریـە

ئەکـەن کـە ڕۆمانەکـە تـا ڕادەیـەك بەرامبـەر بـەو دادپەروەرانـە نـەبووە. (جێسـی چـامپەرس Jessie Chambers) لـە نووسـینێکدا بـە ناونیشـانی –ژیـانی واقیعی میریام– زۆر بە گـەرمی بـەرگری لـەم بۆچوونە ئەکات، بەڵام چۆن ئەتوانین ئەم چەمکی نادادپەروەریە بسـەلمێنین لـە کاتێکدا بۆچوونی پـەوڵ هەمیشـە وەك سەرچـاوەیەك بـۆ دڵنیـایی ئێمـە ئەخرێتـە ڕوو؟ لـە لایەکی ترەوە لە ڕۆمانەکەدا هەندێ لایەنی تـر هـەن وا پێدەچێت لـە بەرامبـەر بـەم (دیدگایـە) بـە پێچـەوانەی ئـــەم بازنـــە گۆشـــەکراوە ئەســـوڕێتەوە. هـــەروەك H.M.Daleski زۆر بە وردی ئەڵێت "کێشی ئەو توانجە پڕقینانـەی کـە لارنـس لـە مـۆریلی ئـەگرێت هاوتایـە لەگەڵ ئەو هاودەردییە ناهۆشمەندییەی کە لـە زانینە غەمئەنگێزەکانی ئەودا دەرئەکەون" کەچی بەرامبەر بە سـەرکەوتنی خـاتوو مۆریـل توندوتیـژی دائـەنێت لـە هەڵسوکەوت و کارئەکتەریدا"[(4)].

لەسـەر بناغـەی ئـەو دەسـتەواژانەی کـە لـە بـارەی لاکانـەوە بـەکارمان هێنـا، ڕۆمـان ناتوانـێ بـە تـەواوی ڕای خـۆی بخاتـە ڕوو یـاخود کاتێـك کـە ئەیگەیـەنێ هـــەمان مانـــای خـــۆی هـــەبێت، تـــا ئەندازەیـــەك ئـــەم بۆچـــوونە لـــە بـــواری شـــیکردنەوەی تێرمـــە

دەروونیەکانیش ئەتوانرێ بەکاربهێنرێت: پەیوەندی ئۆدیبی کوڕ لەگەڵ باوکدا پەیوەندیەکی ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی بە هەمان جۆر کوڕ ناهۆشمەندانە ئەڕوانێتە باوك وەکو ڕەقیبێكو جێی قین لێبوونەوەی کوڕە، لە هەمان کاتدا سۆزی ئەو بۆ لای خۆی کێش ئەکات، کوڕیش بەرامبەر بە ئەو ئەیەوێ لەو دەست وەشاندنە ناهۆشمەندییەی باوك خۆی بپارێزێ، کاتێك ئەیەوێ دژی ئەو ئەنجامی بدات. بەڵێ، یەکێك لە بەڵگەکانی تری ئەم ئاڵۆزیە ئەوەیە، ڕۆمانەکە بە چاکی ئەوە نیشان ئەدات، گەرچی پەولْ ئەبێ دنیای سنوردار و توندوتیژی کانەبەردەکان نەفی بکات بۆئەوەی بتوانێ پێ بنێتە نێو مەیدانی هۆشمەندی چینی ناوەند، بەلاّم ئەم هۆشمەندیە بەبێ هیچ ڕوویەك یەکسەر ستایشئامێز نییە. هەروەك لە کەسایەتی خاتوو مۆریل دەرئەکەوێ لەم هۆشمەندیەدا و لە کەنار ڕەگەزە بەنرخەکانەوە، کۆمەڵێ لایەنی دەسەلاّتدارو قبووڵنەکەری زۆریش لە ژیاندا هەیە. تا ئەو جێگایەی کە دەقەکە ئەڵێت: (واڵتەر مۆریل)ە کەوا لە خودی خۆیدا (ئینکاری بوونی خوای کرد). بەلاّم خودی ڕۆمانەکە کە ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە پێچەوانەی ئەوە نیشان ئەدات. بۆ

نموونـە ئـەو شـێوازانەمان پیشـان ئـەدات کـە تیایـدا هێشـتا واڵتـەر مۆریـل زینـدووە" هەڵسـوڕان لـەوەوە بـەرەو لای کوڕەکـەی نیشـانەی ئەوەیـە ونبـوونی ئـەو پەیوەندیـەکی نزیکـی بـە ڕێکخراوەیـی ڕۆمانەکـەوە هەیـە" ڕۆمانەکە بە مەبەستی پێشینەو بێ مەبەست ئەوەمان نیشان ئەدات، گەر "مۆریل لە ناخی خۆیدا خـوای کوشـتبێت" گوناهەکـە هـی ئـەو نییـە، بـەڵکو گوناهەکە هی ئەو ڕژێمە سەرمایەدارییەیە کە سوود لـەو وەرئـەگرێت وەك ددانێـك لـەنێو ئامێرەکـانی بەرهەمهێناندا. خودی پـەوڵ کـە خۆی بڕیاری ئەوەی داوە لە جیهانی باوك دووربێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانـێ ڕووبـەڕووی ئـەم ڕاسـتیانە بێتـەوە، ڕۆمانەکـەش بـە ئاشـکرا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا ناکات" لارنس لە ڕۆمانی کوڕان و عاشقان تەنیا باس لە چینی کرێکاران ناکات، بەڵکو لە بارەی دەرچوون لەو ڕێگایەوە نووسیوێتی But writing his way out of it بەڵام لە گێڕانـەوەی ڕووداوێکـی وەك یەکگرتنـەوەی کۆتـایی باکسـترداوز (کـە لـە ڕووی ڕوخسـاریەوە وەك مۆریلـە) لەگـەڵ هاوسـەرە دوورخراوەکـەی estranged wife کلارا، ڕۆمانەکە (ناهۆشمەندانە) بە نرخاندنێکی گەورە "پەوڵ" "ئەم ڕووداوەش پەوڵ ئەخاتە بارێکی

سلبیی ترەوە" لەسەر حیسابی باوکی ئەنرخێنێ. دوا قەرەبوونیش کە لارنس بە (پەوڵ)ی پێشکەش ئەکات بریتیە لە (میلورز) ئەمیش کەسایەتیەکی پیاوانەی بەهێزە بەڵام لە هەمان کاتدا کەسێتیەکی ژنانەی رۆمانی (دۆستەکەی خاتوو چارلی"[30] یە. رۆمانەکە هەرگیز رێگا نادات بە پەوڵ توونـدترین رەخنە ئاراستەی سروشتی ئەو حەز بە زەوتکردنە بکات کە لە دایکیا بوونی هەیە. وا پێدەچێت هەندێ سیفەتی مەوزوعی بە سەریا دەسەڵاتدار بێت، بەڵام ئەو رێگایەی کە لە میانەیدا وێنەی پەیوەندی نێوان دایک و کوڕ کێشراوە رێگای ئەوەمان پێ ئەدات ئەوە ببینین کە ئەم پەیوەندییە بۆچی ئەبێت وا بێت.

لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ (کوڕان و عاشقان) لەگەڵ تەماشاکردنی ئەم لایەنانەی رۆمانەکە، لە راستیدا دەست ئەکەین بە دروستکردنی جۆرێك لە (لقە–دەق) –ئەو دەقەی لە دەروونی دەقە بنچینەکەدا ئەجوڵێتەوە، لە چەند بەشێکی دیاریکراودا ئاڵۆزی و بازدان و جەخت کردن زیاد لە پێویست ئەکرێ ببینرێت، ئەگەر تەنانەت رۆمانەکەش خۆی نەیەوێ ئەوە ببینێت، ئەوا ئێمە وەك خوێنەر توانای ئەوەمان

---

[30] Lady Chatterley's Lovers

هەیە ئەو شتانە "بنووسینەوە". هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکان بریتین لە یەك یان چەند لقە –دەقێك، لە لایەکی ترەوە ئەتوانین بەو لقە – دەقانە بڵێین بەرهەمی ناهۆشمەندی. دەرونبینیەکانی ئەم بەرهەمە و هەر نووسینێکی تر پەیوەستە بە خاڵە کوێرەکانی ئەوەوە: ئەو شتەی ئەو لە بارەیەوە هیچ ناڵێت، چۆن نایڵێت، ئەکرێت بە ئەندازەی ئەوەی کە ئەوترێت نرخی هەبێت. ئەو شتەی کە بەرهەمە ئەیخاتە لاوە و، ئەیخاتە پەراوێزەوە، یاخود دوودڵیەکی لە ناخدایە دەربارەی، ڕەنگە ڕێنوێنیەکی زۆر جیدی بێت بۆ مانای ئەو شتە. هەر بۆ نموونە، ئێمە ئەوەی کە ڕۆمانەکە ئەیڵێت هەروا بە ئاسانی لاینابەین و نایگۆڕین تەنیا لەبەرئەوەی مۆریل پاڵەوانێکی واقعیە و هاوسەرەکەی کەسێکی سلبیە. هەروەها ناشکرێ هەروا بە ئاسانی هیچ نرخێك بۆ بۆچوونەکانی پەوڵ دانەنێین: دایکی ئەو لە ڕاستیدا لە چاو باوکی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی بێوێنەیە لە سۆزداری ویژدان. ئێمە زیاتر لەو شتانە ورد ئەبینەوە کە ئەم جۆرە ڕەگەزانە بە ناچاری وایان لێ ئەکات بێدەنگ بن و بچەپێن" دەست ئەکەین بە شیکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە ڕۆمانەکە تیایدا لەگەڵ خۆیدا

یەکناگرێتـــەوە. بـــە دەربڕینێکـــی تـــر ڕەخنـــەی شـــیکردنەوەی دەروونـــی زیـــاتر لـــە گرنگیـــدان بـــە هێماکانی کۆئەندامی زاوزێی نێرینە بە کاری دیکەوە خـەریك ئـەبێت: ئـەم ڕەخنەیـە ئـەتوانێ لـەم بارەیـەوە کۆمەڵێ شتمان پێ بڵێت کە دەقە ئەدەبیەکان لە ڕووی کـردارەوە چـۆن شـێوە ئـەگرن و هەنـدێ لـە مانـای لایەنەکانی ئەم شێوە گرتنەشمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە.

ڕەخنـــەی ئـــەدەبی شـــیکردنەوەی دەروونـــی، لـــە بارەی ئەو شتەی کە گرنگی پێ ئەدا، ئەکرێ بەسەر چوار بەشدا دابەش بکرێت: ئەم ڕەخنەیە ئەتوانێ تایبەت بێت بە نووسەر، ناوەڕۆك، بونیادی شێوەیی، یـــا خوێنـــەر، زۆربـــەی ڕەخنـــەی شـــیکردنەوە دەروونییـەکان لـە جـۆری یەکـەم و دووەم بـوون، ئـەم دوانـــەش لـــە هـــەمووی زیـــاتر جێـــی گومـــانن و سنورداریشـــن. شـــیکردنەوەی دەروونـــی نووســـەر کـاریێکی تیئۆریـە و بـەو مەسـەلانە دێتـە دی کـە لـە باسـکردنی پەیوەنـدی نێـوان مەبەسـتی نووسـەر و بەرهەمی ئەدەبیدا بینرا. گرنگیدان بە شیکردنەوەی دەروونـــی نـــاوەڕۆك –واتـــە لێکۆڵینـــەوە لـــە بـــارەی ئەنگێزەی ناهۆشمەندی کەسەکان، یاخود گرنگیدان بە شیکردنەوەی دەروونی شتەکان یان ڕووداوەکانی

دەق–بەهایـەکی دیـاریکراوی هەیـە، بـەڵام هەمیشـە کـارێکی تاکیـە بـە مەبەسـتی گـەڕانێکی ئاشـکرا بـۆ هێمـای کۆئەنـدامی زاوزێـی نێرینـە. لێکۆڵینـەوە پەڕاگەندەکانی خودی فرۆید لە بواری هونەر و ئەدەب بە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە قاڵبی ئـەم دوو شـێوەیەدا بوون. فرۆید لێکۆڵینەوەیەکی سەیر و یەك لایەنەی لـە بـارەی لیۆنـاردۆ دافینشـی و وتـارێکی دەربـارەی پەیکـەری موسـای مایکـا ئـەنجیلۆ نووسـی، هـەروەها هەنـدێ بەرهـەمی ئـەدەبی (ویلـهالم یەنسـن)ی ئـەڵمانی شـیکردەوە لەوانـە کورتـە ڕۆمـانی (گرادیفـا)[31]. ئـەم وتارانـە یـان ئـەوەتا بـریتین لـە گوزارشـتێکی شیکردنەوەی دەروونی دەربارەی خودی نووسـەر کـە خـۆی لـە بەرهەمەکـەدا بـەو شـێوە ئـەنوێنێت یـاخود هەنـدێ نیشـانەی ناهۆشمەنـدی لـە جیهـانی هونـەردا شی ئەکەنەوە –هەروەك چۆن ئـەم نیشـانانە لـە ژیانـدا شـی ئەکرێنـەوە. لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا (ماتـەریالی) بەرهەمـە هونەریەکـە و بونیـادە وێنەییـە تایبەتیـەکانی پشتگوێ ئەخرێت.

بڕوا لـە بیرنەچووەکانی فرۆیـد دەربـارەی هونـەرو شـوبهاندنی بـە عەسـاب بـە هـەمان ئەنـدازە کـارێکی

---

[31] Gradiva

ناتــەواوە[5]. فرۆیــد بــڕوای وابــوو هونەرمەنــد وەك کەسێکی تووشبوو بە (عەساب) بە هۆی پێویستییە غەریزیـە بەهێزەکانـەوە تووشـی غـەم و ئـازار ئـەبێت، بۆیـــە پـــەنا ئەباتـــە بـــەر خـــەیاڵ و لـــە واقیـــع دوورئەکەوێتـەوە. بـەڵام هونەرمەنـد بـە پێچـەوانەی خەیاڵخوازەکانی دیکە، ئەزانێ چۆن زیندەخەوەکانی خـۆی پـەروەردە بکـات و شـێوەیان پێببەخشـێت و خۆشـی بکـات بـە جۆرێـك لای کەسـانی تـر جێگـای قبووڵکردن بێت. –لەبەرئەوەی ئێمە بە پێی بۆچوونی فرۆیـد بـریتین لـە کۆمـەڵێ بوونـەوەری خۆپەرسـت و حەسوود ئـەوا بێـزارین لـە زیندەخەونـەکانی کەسـانی تـــر. ئـــەوەی لـــەم پرۆســـەی شێوەبەخشـــین و خۆشکردنەدا گرنگـی هەیـە هێـزی شـێوەی هونەرییـە، ئەمەش بە پێی بۆچوونی فرۆید "چێژی لەپێشینە" ئەبەخشـێتە خوێنـەر یـان بینـەر، بەرگرییـەکانی خـۆی بەرامبەر بە حەزی کەسانی تر کەم ئەکاتـەوە هـەروەها ئەو توانایەشی پێ ئەبەخشێت کە بۆ ماوەیەکی کورت چـەپاندنی خـۆی بنێتـە لاوە، ئـەو کاتـە لـە پرۆسـە ناهۆشمەندییـــەکانی خـــۆی چـــێژی یاســـاغ کـــراو وەرئەگرێت. هەمان شتیش لە بارەی تیئـۆری فرۆیـدی بۆ نوکتـەکان لـە کتێبـی "نوکتـەکان و پەیوەندییان بـە

ناهۆشمەندیـــەوە.."1905[32] تـــا ڕادەیـــەك ڕاســـتە: نوکتەکان هەندێ لە پاڵپێوەنەرە هێرشبەرەکان و یان پاڵپێوەنەرە سێکسیەکان ڕوون ئەکەنەوە، بەڵام لایەنی خۆشـــی و گەمـــەی زمانـــەوانی ئـــەم ئەنگێزەیـــە، لـــە ئـــەنجامی قاڵـــب گـــرتن لـــە نێـــو نوکتـــەدا، لـــە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جەماوەری پەیدا کردووە.

لـــە ڕوانینـــەکانی فرۆیـــد دەربـــارەی هونـــەر، ئـــەو مەســـەلانەش ئامـــادەن کـــە پەیوەنـــدیان بـــە قـــاڵبی هونەرییـــەوە هەیـــە. بـــەڵام وێنـــەی هونەرمەنـــد وەك کەســـێکی ئـــالوودە بـــە نەخۆشـــی عەســـاب لەوپـــەڕی ئاسانیدایە. هەروەها وێنەکێشانی کەسێکی ڕۆمانسی شێت و وێتیش. بەڵام ئەوەی فرۆید لە شاکارەکەیدا "خـــەون نامـــە"دا دەربـــارەی گرنگێتـــی خـــەون شـــیکردۆتەوە زۆر ئیلـــهام بـــەخش تـــرە بـــۆ تیئـــۆری ئەدەبی شیکردنەوەی دەروونی.

ئەڵبەتـــە بەرهەمـــە ئەدەبیـــەکان پـــڕن لـــە هـــەوڵی ئاگایانە و هۆشمەندانە کەچی خەو بە پێچەوانەوە وا نییـــە، لـــەم بۆچـــوونەوە بەرهـــەمی ئـــەدەبی زیـــاتر لـــە نووکتە ئەچێت تا لە خـەون. لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونە، ئـەوەی فرۆیـد لـەم کتێبـەدا ئەیخاتـەڕوو

---

[32] Jokes and Their Relation to the Unconscious

گەڵ گرنگە. مادده سەرەتاییەکانی پێکهاتنی خەون یان بە پێی وتەی فرۆید "ناوەڕۆکی شاراوە) بریتین لە ئارەزووەکانی ناهۆشمەندی، بزوێنەرەکانی جەستە لە کاتی نووستندا ئەو ئەزموونانەی ڕۆژی پێشووتر گەیشتوون. بەڵام خودی خەون بریتیە لە تووندترین گۆڕانی ئەم ماددانە ئەمەش پێی ئەوترێ "کاری خەون"[33]. پێشتر دروستبوون و میکانیزمی خەونمان بینی: بریتین لە تەکنیکەکانی ناهۆشمەندی یاخود بریتین لە جێگۆڕکێ کردنی مادده سەرەتاییەکان، هاوڕێ لەگەڵ دۆزینەوەی شێوازی هەستپێکراو بۆ خستنە ڕووی ئەو خەونانە. ئەو خەونانەی کە لە ئەنجامی ئەمەدا دروست ئەبن، واتە ئەو خەونانەی لە یادمان ئەمێنن، فرۆید بەو خەونانە ئەڵێت "ناوەڕۆکی ئاشکرا"[34] بەڵام خەون بە تەواوی بەیانکردن یان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ناهۆشمەندی نییە، لە نێوان ناهۆشمەندی و خەوندا پرۆسەیەکی (بەرهەمهێنان) یان گۆڕان هەیە. بە پێی بۆچوونی فرۆید "ناوەڕۆکی" خەون ماددەی سەرەتایی یان (ناوەڕۆکی شاراوە) نییە بەڵکو بریتییە لەو –کاری

[33] Dream- work

[34] Manifest content

خـەون) و (کـرداره)ی کـە بابـەتی شـیکردنەوەی ئـەو پێکدێنێ. یەکێك لە قۆناغەکانی کاری خەون، کە پێی ئەوترێت "پیاچوونەوەی مامناوەندی"[35] بریتییـە لـە تازەکردنـەوەی ڕێکخسـتنی خـەون و پێشکەشـکردنی لە قاڵبی گێڕانەوەیەکی گونجاو و تووندوتۆڵ و ڕوون. پیاچـوونەوەی مامناوەنـدی ڕێکخسـتن ئەبەخشـێتە خــەون و کەلێنــەکانی پــڕ ئەکاتــەوە و ڕەگــەزە پەڕاگەنــدەکانی لــە قــاڵبی چــیرۆکێکی گونجــاودا دائەڕێژێ.

تـا ئێسـتا ئـەو تیـۆره ئەدەبیانـەی لـەم کتێبـەدا خستمانە ژێر لێکۆڵینەوە ئەکرێ دانرێت بە جۆرێك لە "پێداچـوونەوەی مامناوەنـدی" دەقـی ئـەدەبی. ئـەم جـــۆره تیۆرانـــە لـــە گـــەڕانی بەردەوامـــدان بـــۆ بەدەســـتهێنانی "هاوئاهـــەنگی"، "گونجانـــدن"، "بونیــادی قــوولْ" یــاخود "مانــای بنچــینەیی" کەلێنــەکان پڕئەکاتــەوە و ناکۆکیــەکان لــەناو ئــەباو لایەنـە ناتوخمـەکانی هـاوجۆر ئـەکا و دژایـەتیان بـە پەڕاگەندەیی زیاد ئەکات. ئەم هـەموو کاره بۆ ئەوەیـە تێگەیشتنی دەقەکان ئاسانتر بێت (بە جۆرێ ڕێگا لـە بـەردەم ئـەو خوێنـەره تـەخت بیْ کـە نایـەوێ تووشـی

[35] Secondary revision

ئەو ماندووبوون و بێزاریە بێت). زۆربەی نووسینە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی تایبەت لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەدان، بە پەلە چارەسەری ئاڵۆزیەکان و ناڕێکیەکان ئەکات بۆئەوەی خوێنەر بەبێ گرفت لێی وردبێتەوە. نموونەیەکی تری تووندڕەو لە جۆری "پێداچوونەوەی مامناوەندی" لەهەر ڕوویەکەوە بە نموونەی ئاشکرای شیکردنەوە ڕەخنەییەکان دائەنرێت، ئەو نموونەیەش (وێرانەخاکی.. ت. س. ئیلیۆت"ە ئەم چیرۆکە شیعرییە باسی کچۆڵەیەك ئەکات، لەگەڵ ئارکیدۆمی مامی ئەچێتە سواری گالیسکە، چەند جارێ لە لەندەن ڕەگەزنامەی خۆی ئەگۆڕێ و بە دوای کاسی پیرۆزدا ئەگەڕێ، سەرەنجام سۆراغی خۆی بە دڵتەنگی لە ڕۆخی دەشتێکی دەیمدا ئەبینێتەوە، پارچە جۆراوجۆر و ماددە بنەڕەتییەکانی شیعرەکەی ئەلیۆت لە قاڵبی چیرۆکێکی ڕێکوپێکدا داڕێژراون. کەسە پەڕاگەندە مرۆییەکانی لەنێو ئەو شیعرەدا یەکیان گرتۆتەوە.

زۆربەی ئەو تیۆرە ئەدەبیانەی تا ئێستا باسمان کرد بە جۆرێك لە ئەدەبی (باسکردن) یا (ڕەنگدانەوەی) واقیع دائەنرێت. بەرهەمی ئەدەبی

نمایشی ئەزموونەکانی مرۆڤە، بەرجەستەکردنی ڕاکانی نووسەرە یاخود بونیادی کارە ئەدەبیەکان دووبارە بونیادی عەقڵی مرۆیی بەرهەم ئەهێنێ,. بەڵام ڕاڤەکردنی فرۆید بۆ خەون ئەم توانایە فەراهەم ئەکات کە بەرهەمی ئەدەبی بریتییە لە جۆرێك لە بەرهەمهێنان نەك جۆرێك ڕەنگدانەوە, بەڵکو جۆرێك لە بەرهەمهێنان بەرهەمی ئەدەبیش وەکو خەو بە بەکارهێنانی هەندێ ماتەریالی سەرەتایی وەك –زمان، تێکستە ئەدەبیەکانی دیکە، شێوازەکانی تێگەیشتن لە جیهان– هەروەها بە سوودوەرگرتن لە هەندێ لە هونەرە جیاوازەکان ئەو ماتەریالانە ئەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی نوێ. ئەو هونەرانەی ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانە بە ئەنجام ئەگەیەنن. بریتین لە کۆمەڵێ شێوازی جۆراوجۆر کە پێیان ئەوترێت (فۆرمی ئەدەبی). تێکستی ئەدەبی لە میانەی مامەڵەکردنی لەگەڵ ماتەریالە کاڵەکانی خۆی حەزی لێیە ئەم ماددانە بە شێوازە تایبەتیەکانی (پێداچوونەوەی مامناوەندی) خود دەربخات، تەنیا ئەگەر هات و بەرهەمەکە بەرهەمێکی شۆڕشگێڕانە بێ وەك (ڕاپەڕینی فینیگانس)[36] تەنانەت ئەگەر دەقە

[36] Finnegans Wake

ئەدەبیەکەش وەك کوڕان و عاشقان هەمیشە سەرکەوتوو نەبێت ئەوا هەوڵ ئەدات کە ڕووداوەکان بە شێوازێکی پێکەوەبەستراوی ماقوڵ و تێگەیشتووانە ڕێکبخات. بەڵام بەرهەمی ئەدەبیش ئەکرێ تەواو وەکو دەقی خەو بە شێوەیەك لە شێوەکان شیبکرێتەوە و مانای شتەکان ئاشکرا بکات و هەڵبوەشێنرێتەوە تا ئەو ئەندازەی کە پرۆسەی ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە ئەمەی پێ دروست ئەکرێت. خوێندنەوەی (خاو)ی بەرهەمێکی ئەدەبی بە تەواوی لە ئاستی دەقی بەرهەمهاتوودا ڕاناوەستێ، هەروەك گوێگرتن لە گوزارشی کاریگەری خەونێك بێ هەوڵدان و تاوتوێکردنێکی زۆر ناتوانی بگەیتە تەعبیرێکی ڕاستی ئەو خەونە. یان بە شێوازێکی تر بە پێی بۆچوونی یەکێك لە خەوناسەکان، شیکردنەوەی دەروونی جۆرێکە لە (ڕاڤەناسی گومانئامێز)ی دەورونی تەنیا گرنگی بە خوێندنەوەی دەقی ناهۆشمەندی نادات، بەڵکو ئەو پرۆسە و کارەی خەونانە ئاشکرا ئەکات، کە دەقیان هێناوەتە ئاراوە. بۆ ئەنجامی ئەم کارەش بە تایبەت گرنگی بە "نیشانەکانی نەخۆشی" ئەدا لە دەقە خەونەکان – وەك لادانەکان، ئاڵۆزی و ونبوون و ئەو لابردنانەی کە

ئەمانە هەموو شێوازێکی گرنگ فەراهەم ئەکەن بۆ گەیشتن بە "ناوەڕۆکی شاراوە" یان ئەو پاڵپێوەنەرە ناهۆشمەندانەی لە پێکهاتنیدا بەشدارن. ڕەخنەی ئەدەبیش وەك لە ڕۆمانەکەی لارنس تێبینیمان کرد ئەتوانێ ئەم جۆرە کارانەش ئەنجام بدات. وەك گرنگیدان بەو شتانەی لە ڕاکردن و ئاوێتەبوونی دژەکان و بارەکانی دڵنیایی ئەچن –ئەو وشانەی کە ناوترێنو هەندێکیش بە دووبارەکردنەوەیەکی نائاسایی ئەوترێن هەروەها دووبارەکردنەوەکان و تەتەڵەکردنەکانی زمان –هەڵدەستێ بە قووڵبوونەوەیەك لە چینەکانی پیاداچوونەوەی مامناوەندی و ئەو (لقە دەقانەش) تا ڕادەیەك ئەخاتە بەرچاو کە هەندێ جار بەرهەمەکە وەك ئارەزووەکانی ناهۆشمەندی ئەشارێتەوە و هەندێ جاریش ئاشکرای ئەکات. یان بە شێوازێکی تر تەنیا گرنگی بەوە نادات کە دەقەکە ئەیڵێت بەڵکو گرنگی بە چۆنیەتی کارکردنی ئەدات[6].

هەندێك لە پەیڕەوانی ئەدەبی فرۆیدی تا ڕادەیەك پەیڕەوی ئەم پڕۆژەیان کردووە. ڕەخنەگری ئەمریکایی "نۆرمان. ئان. هۆلاند) لە کتێبی

(داینامیکیەتی وەڵامی ئەدەبی.. 1968)[37] کە شوێن پێـی فرۆیـدی هـەڵگرتووە ئـەم نووسـەرە بەرهەمـە ئەدەبییـەکان بـە هۆکـارێ دائـەنێت بـۆ بزواندنی باری دوولایەنـــەی خەیاڵـــەکانی ناهۆشمەنـــدی لـــە لای خوێنەر. لەبەر ئەم هۆیـەش بەرهەمەکە لەزەتبەخشە، لەبەرئـەوەی بەسـوودوەرگرتن لـە شـێوازەکانی وێنـەی لەدەرچـوو، قـووڵترین نیگـەرانی و ئارەزووەکانمـان ئەگۆڕێت بۆ مانـای کۆمەڵایـەتی مـاقوولْ. ئەگـەر کـاری ئـەدەبی نـەتوانێ بـە سـوود وەرگـرتن لـە چوارچێوە و زمـان ئـەم ئارەزووانـە نـەرم و ناسـك بکـات و هـەروەها ڕێگامـان بـۆ خـۆش نـەکا تـا دەسـەڵات و هێـز بەسـەر بەرهەمەکەدا پەیدا بکەین، ئەوا ئەو بەرهەمە جێگـای ڕازیبـوون نابێـت. ئەگـەر تـەنیا بەرگریـەکانی ئێمـەش بەهێز بکات ئەوا دیسان جێگای ڕازیبوون نابێت. لە ڕاسـتیدا ئەمـەش تـۆزێ زیـاتر لـە دووبـارە وتنـەوەی بەسـەرهاتەکەی فرۆیـد ئەچـێت دەربـارەی دژایـەتی ڕۆمانسی لە نێوان ناوەڕۆکی توونـدوتیـژی نـاجێگیر و شـێوەی هاوئاهـەنگ. ڕەخنـەگری ئـەمریکی، سـیمۆن لەسـەر[38] لـە (چـیرۆك و ناهۆشمەنـدی.. 1957)[39]

---

[37] The Dynamics of Literary Response

[38] Simon Lesser

فۆرمی ئەدەبی بە "کارلێکردنی دڵنیاییکەر" دائەنێت، ململانێ لەگەڵ دوودڵیدا ئەکات و دەستخۆشی لەو پەیمانە ئەکات کە ئێمە بەرامبەر بە ژیان، عەشق، ڕێکی، هەمانە. بە بڕوای لەسەر Lesser بەم ڕێگایە دەنگی خۆمان ئەدەین بە (منی باڵا). ئەتوانین چی بڵێین بەرامبەر بە چوارچێوەکانی نوێگەری کاتێ ڕێکوپێکی ئەشێوێنێ و ماناکان هەڵئەگەڕێتەوە و پشت بە خۆبەستنمان تێکئەشکێنێ؟ ئایا ئەدەب جۆرە دەرمانێکە؟ لە بەرهەمەکانی دیکەیدا هۆلاند ڕاستی ئەم بۆچوونە ئەسەلمێنێ. هۆلاند لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (خوێندنەوەی پێنج خوێنەر)[40] هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی پەرچدانەوەکانی ناهۆشمەندی خوێنەران بەرامبەر بە دەقی ئەدەبی تا بزانێ خوێنەران چۆن لە پرۆسەی ڕاڤەکردندا شوناسنامەی خۆیان ئەگونجێنن. لە هەمان کاتدا و لە هەمان ڕێگاوە دووبارە لە خودی خۆیاندا یەکەیەکی دڵنیاییکەر ئەدۆزنەوە. بڕوای هۆلاند ئەوەیە ئەکرێ لە ژیانی مرۆڤ جەوهەرێکی جێگیر لە شوناسنامەی تاکەکەسی جیابکرێتەوە، ئەمەش کارەکەی ئەو لەو

---

[39] Fiction and the unconscious

[40] Five Readers Reading

شـتە جیائەکاتـەوە کـە پێـی ئـەوترێت "سۆسـیۆلۆژی خود"[41]ی ئەمریکایی" سایکۆلۆژی خـود، بەشێکە لـە فرۆیدیزمی ماڵی یان دەستەمۆکراو کە لە (کەسایەتی دووبـەش بـوو)ی شـیکردنەوەی دەروونـی کلاسـیکی ڕوو وەرئـەگێڕێت و لـە جێگـای ئـەو یـەکبوونی خـود دائەنێت. ئەم سایکۆلۆژییە دەست ئەکات بە چۆنیەتی جووتبـــوونی (خـــود) لەگـــەڵ ژیـــانی کۆمەڵایـــەتی، تاکەکەس بە سوودوەرگرتن لـە هونـەری دەرماننـاسی ئامادە ئەبێت بۆ ڕۆڵ بینینێکی ساغ و سروشـتی وەك کەسێکی ئارەزوومەند و کەسێکی خاوەن بونیادێکی شێوە ماشینی، هـەروەها ئەشبێ هـەموو ئـەو سیفەتە کەسایەتیە ناجێگیرە (چارەسەر) بکات کە ئەبنە هـۆی لادان لـــەم ڕێچـــکەیە. بـــە کـــامڵبوونی ئـــەم بەشـــەی ســـایکۆلۆژی، فرۆیـــدیزم کـــە جـــاران وەك نـــەهجێکی ڕیسـوا و بـێ ڕێـز لـە لایـەن کۆمـەڵگای چینی ناوەنـد تەماشـا ئـەکرا بـووە بـە هۆکارێـك بـۆ نووسـینەوە و پاڵپشتی بەهاکانی ئەوان.

دوو ڕەخنـــەگری گەلـــەك جیـــاوازی ئـــەمریکایی هـــەردووکیان قـــەرزارباری فرۆیـــدن یـــەکێکیان کیـــنس

---

[41] Ego- Psychiogy

بورک[42] ئەوی تریان هارۆڵد بلوم[43]. بورک بە مەبەستی پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوونەکانی دەربارەی بەرهەمی ئەدەبی وەك ئەوەی کە شێوەیەکە لە ڕەفتاری سیمبولی بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی فرۆید و مارکس و زمانەوانی پێکەوە ئەبەستێتەوە. هارۆڵد بلۆم بە بەکارهێنانی کارەکانی فرۆید چاونەترسترین تیئۆرە ئەدەبیە ڕەسەنەکانی دەهەمی ڕابردووی هێنایەکایەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی بلۆم ئەنجامیدا دووبارە نووسینەوەی مێژووی ئەدەب بوو لەسەر بناغەی گرێی ئۆدیبی. شاعیران وەك ئەو کوڕانەن کەوا لە لایەن باوکەکانیانەوە سەرکووت ئەکرێن بە نیگەرانیەوە لەژێر سایەی شاعیرێکی (بەهێز)دا ئەژین کە لەوان پێشووتر بوون" ئەکرێ هەر شیعرێ بۆ خۆی هەوڵێ بێت بە مەبەستی ڕزگاربوون لە (کاریگەری ئەم دڵەڕاوکێیە) ئەویش بە دووبارە ڕێکخستنەوە و تازەکردنەوە و وتنەوەی یەکێك لە شیعرەکانی پێشوو. شاعیر لەنێو تیۆری سانسۆری ئۆدیبی و بە (پێشڕەوی) چەپاندنی خۆی لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە هەڵکۆڵین و جێگۆڕکێکردن و دووبارە داڕشتنەوەو

[42] Kenneth Burk

[43] Harold Bloom

**چاوخشاندن بە شیعری شاعیرانی پێشوو ئەم هێزە بە توانایە لە چەك داماڵێ. بۆیە ئەتوانین بڵێین هەموو شیعرێ دووبارە نووسینەوەی (خراپ خوێندنەوەیە) یان (خراپ تێگەیشتن)ی شیعرەكانی ترە. كۆششە بە مەبەستی بەرگریكردن لە بەرامبەر ئەو هێزە گەورەی ئەوان بە جۆرێك شاعیر بتوانێت بۆ ڕەسەنایەتی خەیاڵی خۆی دەوروبەرێك بخوڵقێنێ، هەر شیعرێ (درەنگ گەیشتوو) و دوایین شیعری ئادەتی خۆیەتی" شاعیری بە توانا كەسێكە بەوپەڕی توانا و چاونەترسی بڕوا بەم درەنگ گەیشتوانە ئەهێنێت و دەست ئەكات بە لەناوبردنی توانای شاعیری پێشڕەو. لە ڕاستیدا هیچ شیعرێ لەم لەنێوبردنە زیاتر هیچی تر نییە بریتییە لە كۆمەڵێ شێواز ئەكرێ دابنرێت بە كۆمەڵێ ستراتیژی زمانەوانی و كۆمەڵێ میكانیكی بەرگریكردنی شیكردنەوەی دەروونی بۆ بەتاڵكردنەوەی شیعرێكی دیكە و سەركەوتن بە سەریا. مانای هەر شیعرێك شیعرێكی دیكەیە.**

**تیئۆری ئەدەبی بلۆم نوێنەری گەڕانەوەیەكی سەرسەختانە و گەرم و گوڕە بۆ لای هەڵسوكەوتی ڕۆمانتیكی پرۆتستانتی لە ئیسپنەر و میلتۆنەوە تا بلەك و شیللی و یەتس و، ئەو تەقالیدانەی كە لە**

لایەن دەستەی ئانگلۆ – کاسۆلیکە پارێزگارانەوە (دان، هربرت پۆپ، جانسۆن و هاپکیتر) وەلاوە نراوە و لە لایەن ئەلیوت و لیویزو لایەنگرەکانیانەوە بە وردی ڕێکخرایەوە. بلۆمی پەیامبەری خەیاڵی خوڵقێنەری سەردەمی نوێیە، مێژووی ئەدەب وا ئەخوێنیتەوە کە بریتییە لە جەنگی پاڵەوانانەی زل جەستەکان یاخود بریتییە لە شانۆگەریەکی مەزنی دەروونی وابەستەیە بە (توانای بەیانکردنی) شاعیری بەتواناوە لە خەباتکردنی لە پێناوی ڕێکخستنەوەی خود. ئەم تاکڕەویە دلێرانەی ڕۆمانسی تەواو ململانێیە توندوتیژە لەگەڵ ڕۆحی نامرۆیی گومانئامێزی سەردەمی بونیادشکەنی، لە ڕاستیدا بلۆم بە بەرگریکردن لە گرنگی دەنگی گەشاوەی شاعیرە تاکڕەو و بلیمەتەکان دژی هاوکارە دریداییەکانی لە قوتابخانەی یەل yale (هارتمان، دومان، هیلیس میللەر) وەستاوەتەوە. بلۆم ئاواتەخوازە مرۆڤخوازی (هیۆمانیزمی) ڕۆمانتیکی کە جێگیرکەری پایەی نووسەر و مەبەست و توانای خەیاڵە لەژێر کەڵبەی ڕەخنەی بونیادشکەنیدا ڕزگاری بێت کە لە چەند ڕوویەکەوە ڕێزیشی هەیە بۆی. ئەم هیۆمانیزمی (مرۆڤخوازی)یە جەنگێك بەرپا ئەکات دژ

بە "نەهلیزمی (هیچێتی) زمانەوانی پاراو" کە بلۆم ئەمە بە جوانی لە بیری زۆربەی پەیڕەوانی بونیادشکەنی ئەمریکایدا دەستنیشان ئەکات، لە جێی بەتاڵکردنەوەی هەمیشەیی مانای دیاریکراو داوای جۆرێک لە ڕوانینی شیعری وەك توانا و گەواهی مرۆیی ئەکات. شێوازی زۆربەی نووسینە تووندوتیژ و پتەو و بینیارەکانی لەگەڵ بەرهەمە نامەئلوفەکانی بەڵگەن لەسەر دژواری و بە ئاکام نەگەیەشتنی ئەم ئامانجە. ڕەخنەی بلۆم زۆر بە ڕوونی سەرسوڕمانی هەردوو ڕێگاکە ئەخاتە ڕوو ڕێگای لیبرالیەتی هاوچەرخ و هیۆمانیزمی ڕۆمانسی– لە ڕاستیدا پاش مارکس و فرۆید و پاش بونیادگەرەکان گەڕانەوە بۆ لای ئەو بیروباوەڕە مرۆییەی کە پڕ لە ئارامی و خۆشبەختیە کارێکی مەحاڵە. لە لایەکی ترەوە هەر هیۆمانیزمێ وەك بلۆم، فشارەکانی ئەم ئەزموونە ئازاراویانەی لە مێشکدا بێ، ئەوا ناچارە لە گەڵیاندا سازش بکا و پێکبێت. جەنگە داستانئامێزەکان و دێوئاساکانی شیعری بلۆم، لە خۆیاندا شکۆی دەروونی سەردەمی پێش فرۆیدیان پاراستووە، بەڵام پاکیزەیی خۆیان لەدەست داوە. ئەم نەبەردانە بوون بە کۆمەڵێ جەنگی خێزانی و،

مەیدانـــەکانی گونـــاه و چاوچـــنۆکی و ئـــاڵۆزی و دەستدرێژی. هەر تیۆرێکی ئەدەبی هیۆمانیزمی ئەم جۆرە ڕاستیانە لەبەرچاو نەگرێ، بە هیچ جۆرێ ناتوانێ وەك تیۆرێکی ئەدەبی هاوچەرخ و بەنرخ خۆی دەربخات" لە لایەکی ترەوە هەر تیۆرێکی ئەدەبی گەر هاتوو ئەم ڕاستیانە لەبەرچاوە نەگرێ، بە هیچ جۆرێك ناتوانێ خۆی وەك تیۆرێکی ئەدەبی (نوێ) و خاوەن ڕێز بخاتەڕوو. بەڵام هەر تیۆرێکی لەم جۆرە کە ئەم ڕاستیانە قبووڵ ئەکات ئەوا هەر ئەبێت لـــە ڕووی ئیجـــابی و ســـلبیەوە بکەوێتـــە ژێـــر کاریگەریەوە. بلۆم لە ڕێگەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری بونیادشکەنی ئەمریکاییەوە بە پێی پێویست دێتە پێشێ بۆئەوەی بتوانێت لە ڕێگای خەیاڵی تاکەکەسی نیتشـــەیی (حـــەزکردن بـــە هێـــز)و (حـــەزکردن بـــە ڕازیکردن)[44] بگەڕێتەوە بۆ هیۆمانیزمی قارەمان، ئەم خەیاڵەش هەر شتێکە وەك هێمایی و دڵخواستەیی ئەمێنێتەوە. بە دنیای تایبەت بە باوك سالاری یان تایبـــەت بـــە کـــوڕان و باوکـــان هـــەموو شـــتێك چـــەق

---

[44] لە ڕاستیدا نووسەر لە تێکستە ئینگلزیەکەی وشەی Willی بەکارهێناوە بە مانای (حەز، ئارەزوو، ئیرادە،.. هتد.. وەرگێڕ)

ئەبەستێت لە دەوری زیادبوونی توونددوتیژی زانستی ڕەوانبێژی هێز و، خەباتکردن و هێزی ئیرادە. ڕەخنە لە دیدی بلۆمەوە بە هەمان شێوە شێوەیەکە لە شیعر، شیعر خۆی بە ڕەخنەی ئەدەبی ناوکۆیی شیعرەکانی دیکە ئەژمێرێ. لە کۆتاییدا سەرکەوتنی هەر ڕەخنەیەك پەیوەست نییە بە نرخی حەقیقەتی ئەو دەقەوە، بەڵکو پەیوەستە بە هێزی تەعبیرکردنی خودی ڕەخنەگرەکەوە. ئەم دیدگایە لەوپەڕیدا بزووتنەوەیەکی هیۆمانیزمییە پشت بە هیچ نابەستێت تەنیا ئەو بڕوا پتەوەی کە پێی خۆی قایم کردووە لە نێوان جۆرێك عەقلانی نابڕوا لە لایەك و لە لایەکی ترەوە جۆرێك لە گومانگەرایی کە جێی تەحەمولکردن نیە.

ڕۆژێکیان فرۆید تەماشای کوڕەزاکەی خۆی ئەکات، لەنێو گالیسکەکەی دانیشتووە و خەریکی یاریکردنە، منداڵەکە شتومەکەکانی یاریکردن لەنێو گالیسکەکەوە فڕێ ئەداتە دەرەوە و هاوار ئەکا و ئەڵێت (ڕۆیشت)[45] لە دواییدا بە هۆی پەتێکی باریك ئەو یاریانە بۆ لای خۆی ڕائەکێشێت و ئەڵێت

[45] Fort

(هات)[46]! فرۆید لە کتێبی (لە سەرووی پرنسیپی خۆشی)[47] لە ساڵی 1920 چاپی کردووە بەو جۆرە ڕاڤەی ئەم یارییە بەناوبانگەی هاتن و ڕۆیشتنەکەی کرد کە گوایە ئەمە تێگەیشتنی منداڵە بە شێوەیەکی هێمایی بۆ ئامادەنەبوونی دایکی" بەڵام ئەتوانین ئەمە بە یەکەمین سەرەتاکانی چیرۆکی دابنێین، ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕۆیشت- هات کورترین چیرۆکێ بێت کە بکرێ بیری لێ بکرێتەوە: شتێك ون ئەبێت و دووبارە ئەدۆزرێتەوە. تەنانەت ئاڵۆزترین ڕۆمانیش ڕەنگە هەر نموونەیەك بێت لەم جۆرە: شێوەی چیرۆکی کلاسیکیش هەر بەم شێوەیە، بارودۆخی سەرەتایی لەناو ئەڕوا و سەرەنجام دووبارە بەرقەرار ئەبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، چیرۆك بریتییە لە سەرچاوەی دڵدانەوە: شتە ونبووەکان هۆکاری دڵەڕاوکێی ئێمەن و، ڕەمزن بۆ هەندێ لە شتە لە دەستچووەکانی ناهۆشمەندی قوڵتر (لەدایکبوون، سیماکان، دایك)، دۆزینەوەشیان و بەوەی کە بە شێوەیەکی ئاساییش جێی خۆیان بگرنەوە ئەم کارە شتێکی چێژبەخشە. بە پێی تیئۆری لاکانی ئەم شتە

---

[46] Da

[47] Beyond the Pleasure Principle

ونبـووه بنەچـەیە –جەسـتەی دایکـە– کـە چـیرۆکی ژیانی ئێمە بەرەو پێشەوە ئەبات و ناچارمان ئەکات لە میانـەی بزووتنێکـی مـەجازی ئـارەزووی بـێ کۆتـایی، بگەڕێین بە دوای جێنشینێك بۆ ئەم بەهەشتە ونبووە. بە پێی بۆچوونی فرۆیدی ئەوەی ئەمانخاتە حاڵـەتێك بـۆ هـەوڵێکی بـەردەوام لـە پێشـڕەویماندا، هەوڵـە بـۆ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە ئازاری تێدا نیە" ئـەویش بـــوونێکی نازینـــدووە لـــە پـــێش هـــەموو ژیـــانی هۆشمەندیماندایـــە. بێزاریـــە حیجزکراوەکانمـــان (ئـیرۆس) کۆیلـەی پاڵپێوەنـەری مـەرگی (تانـاتۆس)ە. لەهەر چیرۆکێکدا ئـەبێ شتێك ون بێت یاخود ئامادە نـەبێت بۆئـەوەی لـە دواییـدا ئاشـکرا بێـت. گـەر هـەر شـتێك لـە شـوێنی خۆیـدا بێـت، ئـەوا چـیرۆکێك نامێنێتەوە بۆئەوەی بووترێ. ئەم ونبوونە ئازاراویـە لە هەمان کاتدا کاریگـەرە. ئـەو ئـارەزووە ئـەوروژێنێت کـە نـاتوانین هـەمان بێـت، ئەمـەش یەکێکـە لـە سەرچاوەکانی ڕازیکردنی چیرۆك. گەر هاتوو هـەرگیز نـەمانتوانی شتە ونبووەکان بەدەست بێنین ئەوکاتـە هەڵچـوونەکانمان تەحـەمول ناکرێـت و ئـەبێت بـە بێـزاری" بـەڵام ئـەبێ ئـەوەش بزانین لـە ئەنجامـدا ئـەو شتە هەر بۆ ئێمە ئەگەڕێتەوە، واتە "تۆم جۆنس" هەر

بۆ تالاری بەهەشت ئەگەڕێتەوە تا دوای (هێرکلی پۆیروت)[48]ی پیاوکوژ بکەوێت. بە شێوەیەکی ڕازیکەر هەڵچوونەکانمان بەتاڵ ئەبنەوە. وزەکانمان تەنیا پەیوەست ئەبێت بە دووبارەکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی چیرۆکەکەوەو لەبەرئەمە وەك ئامادەبوونێکە بۆ کۆتاییەکی دڵخۆشکەر[7]. تەنیا لەبەرئەوە توانیومانە لە بەردەم شتێکدا ئارام بین، چونکە هەمیشە وەك چاوەڕوانیەکی بێهوودە چاومان لە کۆتایی بووە کە سەرنجی ڕاکێشاوین و بڕواشمان بەوە هەبووە کە شتی ونبوو سەرەنجام ئەگەڕێتەوە بۆ لای خودی خۆمان. ڕۆیشتن تەنیا لەگەڵ هاتندا مانای ئەبێت.

ئەڵبەتە پێچەوانەش هەر ڕاستە. کاتێك لەنێو سیستەمی سیمبولدا شوێنێك داگیر ئەکەین ناتوانین بیر لە شتێك بکەینەوە یاخود ببین بە خاوەنی شتێك بێ ئەوەی لە ناهۆشمەندیدا لەبەر ڕۆشنایی توانای ونبوونیدا ببینین، یاخود ئامادەبوونیشی بە جۆرێك وەرگرین کە جۆرێکە لە چۆنایەتی و کاتی. کاتێك دایکمان بەجێمان دێڵێت ئەمە خۆی پێشەکییەکە بۆ گەڕانەوەی، کە لە پاڵیشماندا ئەبێت ناتوانین ئەو

---

[48] Poirot

ڕاستییە فەرامۆش بکەین کە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە بڕوا و ڕەنگە هەرگیز نەگەڕێتەوە. چیرۆکی کلاسیکی بە شێوەیەکی گشتی لە جۆری ڕیالیزمی و لە جۆری "پارێزگاران"ە، دوودڵیمان لە کاتی ئامادەنەبووندا وا لیّ ئەکات بخزێتە ژێر نیشانەیەکی ئارامبەخش بۆ ئامادەبوون" زۆر لە دەقە نوێخوازەکان لە بابەتی بەرهەمەکانی بریشت و بیکیت ئەوەیان ئەخەنەوە یاد ئەوەی کە ئەیبینین ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ڕووداوە یان بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر ڕوویدابێت یاخود هەر ڕووی نەدابێت. بە پێی شیکردنەوەی دەروونی ئەگەر نموونەی بناغەیی هەر ئامادەنەبوونێك "خەساندن" بێت –ترسی کوڕە منداڵێکی بچووك لە لەدەستدانی کۆئەندامی سێکسی خۆی، یان نائومێدی کچێکی منداڵ لە بەرامبەر ئەوەی ئەم ئەندامەی لەدەست داوە– ئەوکاتە ئەم جۆرە تێکستانە هەروەك پاش بونیادگەری لە بارەیانەوە ئەڵێت واقیعی خەساندن و دەربازنەبوون لە زیان و ونبوون و جیاوازی لە ژیانی مرۆڤیان قبووڵ کردووە. ئێمەش بە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعانە ئەکەین، سستبوونی پەیوەندیمان لەگەڵ (خەیاڵ) ئەنرخێنین کە لەوێدا

ونبـوون و جیـاوازی مانایـەكی نییـە و وا پێدەچـێت جیهـان بـۆ ئێمـە دروسـت بـووە و ئێمـەش بـۆ ئـەو دروسـت بـووین. لـە جیهـانی خەیاڵـدا مـردن نییـە، لەبەرئـەوەی بـەردەوامی جیهـان و ژیـانی مـن بـە یـەك ئەندازە وابەستەن بە یەكەوە" تەنیا بە داخڵبـوون بۆ نێـو سیسـتەمی سـیمبولەكان ڕەنگـە لەگـەڵ ئـەم ڕاسـتییەدا ڕووبـەڕوو ئەبینـەوە كـە ئەوەیـە ئێمـە ئـەمرین، لەبەرئـەوەی چیتر بـوونی جیهـان بـە بـوونی منـەوە وابەسـتە نییـە. تـا ئەوكاتـەی كـە ئـەتوانین لـە مەملەكەتی خـەیاڵی بووندا بمێنینـەوە، ئـەوا بـە هەڵـە شوناسـنامەی خۆمـان دەستنیشـان ئەكـەین، وا تەماشای شوناسنامەمان ئەكەین كە جێگیر و تـەواوە، هـەروەها بـە هەڵـەش واقیـع دەستنیشـان ئەكـەین بـەو پێیەی شتێكی نەگۆڕە. بە پێی وتـەی (ئەلتۆسێر) بە ئەسـیری لـە چـنگی ئایـدیۆلۆژیا ئەمێنینـەوە، مامەڵەكردنمان لەگەڵ واقعییەتی كۆمەڵایەتیدا زیاتر وەك كـارێكی (سروشـتییە) تـا لێوردبوونەوەیـەكی ڕەخنەگرانە لە بارەی چەند و چۆنی دروستبوونی ئەو واقیعـە و دروسـتبوونی خۆشمـان و هـەروەها چۆنییەتی گۆڕینی.

لە کاتی لێکۆڵینەوەمان دەربارەی بۆچوونەکانی (رۆلان بارت) بینیمان کە ئەدەب چۆن لە ڕێگای شێوەی دەربڕین پیلان دائەنێت، تا بتوانێ پیلانی ئەم جۆرە لێبوردنە ڕەخنەییانە پووچەڵ بکاتەوە. نیشانە (چاپ بووەکانی) بارت یەکسانە لەگەڵ نیشانەی (خەیاڵ ی بوون). لەم دوو حاڵەتەدا یەك شوناسنامەی کەسایەتی لە خۆبێگانەبوون بە ڕێگای دنیای حەتمی و (سەپێنراو) جێگیر ئەبێت. ئەم وتەیەش بەو مانایە نییە کە ئەو ئەدەبیاتانەی بەم شێوەیە ئەنووسرێنەوە ئەبێ هەر بە زەرورەت پارێزگەرانە بێ لەو شتەی کە ئەیڵێت، بەڵام ڕادیکالیزمی ناوەڕۆکەکانی ڕەنگە بە شێوازی پێشکەشکردنەکان بتەقێنرێتەوە کە زاراوەکانی لەسەر بوونیادئەنرێت. ڕایمۆند ویلیامز ئاماژەی بەو دژایەتیە سەرنجڕاکێشە کردووە کە بوونی هەیە لە نێوان ڕادیکالیزمی کۆمەڵایەتی زۆربەی شانۆ سروشتگەراییەکانی وەکو (برناردشۆ) و شێوازەکانی شێوەکاری ئەم شانۆگەریانە. ڕەنگە دایەلۆگی شانۆنامە هاندەرێ بێت بۆ گۆڕان، ڕەخنە، یاخود شۆڕش، بەڵام چوارچێوەکانی نمایشی (دیاریکردنی بەش بەشی شێوازەکان و ئامانج بە مەبەستی زیاتر لە

واقیع چوون itemize the furniture and aim for an exact verisimilitude) بەناچاری هەستێکی بەستووی نەگۆڕی سەتاسەری ئەم جیهانە کۆمەڵایەتییە تەنانەت تا ڕەنگی گۆرەوی بەکارهاتووشمان بەسەردا ئەسەپێنن[8]. بۆئەوەی شانۆنامە بتوانێ لەم جۆرە ڕوانینە ڕزگاری بێت. ئەبێ یەکسەر ڕووبکاتە پشت سروشتگەرایی و بەرەو ڕووی شێوەیەکی تری ئەزموونگەری ببزوێ –هەمان ئەو کارەی کە لە دواییدا ئیبسن و ستریندبیرگ کردیان. ئەم جۆرە فۆرمە ڕووگۆڕانە، لەنێو دڵنیایی جیاکردنەوەدا ڕەنگە تەماشاکەر تووشی شۆك بکەن و هەروەها نائومێدییان لا دروست بکەن– لەبەرئەوەی ئەو زامنە خودییە لە تەئەمولکردن لە جیهانی مەئلوفەوە سەرچاوە ئەگرێت لە ڕامانمان بەرامبەر بە جیهانی ئاسایی. لەم زەمینەدا ئەتوانین برناردشۆ لەگەڵ برتۆلد بریشت بەراورد بکەین. بریشت بەسوودوەرگرتن لە هەندێ هونەری نواندن (ئەوەی کە پێی ئەوترێت "کاریگەری نامۆبوونم estrangement effect" دیارترین لایەنەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی نامۆ ئەخاتە ڕوو بەمجۆرەش ئاگایی ڕەخنەیی نوێ لەلای گوێگر ئەبزوێنێ. بریشت

هەروەك خۆی ئەڵێ نەك تەنیا لە هەوڵی بەهێزکردنی هەستەکانی دڵنیابوون لای خوێنەر نیە، بەڵکو ئەیەوێ (لە دەورونیاندا ناکۆکییەك بخوڵقێنێ)، بیروباوەڕەکانیان بهێنێتە لەرزین، شوناسنامە جێگیرەکانیان داماڵێ و دووبارە نوێیان کاتەوە هەروەها ئەوەش بخاتە ڕوو کە یەکێتی ئەم تاکایەتییە تەنیا وەهمێکی ئایدیۆلۆژییە.

ئەتوانین لە کارەکانی جۆلیا کریستیفای فێمینیست[49] و فەیلەسوف خاڵێکی تری بەیەکگەیشتنی دیکەی نێوان تیۆرە سیاسی و شیکردنەوە دەروونییەکان بەدی بکەین. جۆلیا کریستیفا بە تەواوی بۆچوونەکانی لەژێر کاریگەری لاکانە، بۆ کەسێك لایەنگری یەکسانی ئافرەتان بێت گرفتێکە گەر بکەوێتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی لاکانەوە. ئەو سیستەمە سیمبولانەی کە لاکان گفتوگۆی لەسەر ئەکات لە ڕاستیدا هەمان باوك سالاری و هەمان ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە کە تایبەتە بە کۆمەڵگای چینی نوێ، کە بە دەوری

[49] فیمینیست ئەو کەسەی کە بڕوای بە یەکسانی نێوان هەردوو توخمەکەیە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە –وەرگێڕ–

(مەدلولی بالا)ی کۆئەندامی نێرینەدا شێوەی گرتووە، لەژێر چەپۆکی یاسایەکە که باوك بەرجەستە ئەکات. بەلام هیچ ڕێگایەك نییە بۆ کەسێك کە بڕوای بە یەکسانی ئافرەتان هەبێ و بەرگری لەم قوتابخانەیە بکات، بە بێ ڕەخنە پێشوازی سیستەمە سیمبولیەکان بکات لەسەر حیسابی خەیاڵ. بە پێچەوانەوە ئامانجی ڕەخنەگرانێ کە بڕوایان بە یەکسانی ئافرەت هەیە بریتییە لە تاوتوێکردنی سەرکوتکردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتییە ڕاستەقینەکان و پەیوەندییە سێکسییەکانی ئەم جۆرە ڕژێمە. لەم ڕووەوە کریستیفا لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (شۆڕش لە زمانی شیعریدا.. 1974)[50] دژایەتی سیمبولێك ئەکات بەلام نەك بەو ڕادەیەی کە دژایەتی خەیالی ئەکات هەر بەوەش ئەلێ : (نیشانەیی)[51]. مەبەستی ئەو شێوەیەکە لە شێوەکانی هێز یان مانۆرێ کە ئەتوانین لەنێو دەروونی زماندا بیدۆزینەوە و نیشانەی جۆرە پاشماوەیەکی قۆناغی پێش ئۆدیبییە. لە قۆناغی پێش ئۆدیبی منداڵ هێشتا

---

[50] La Revolution du Language Poetique

[51] Semiotic

زمانی نەگرتووە (اینفانت)[52] واتە توانای ئاخاوتنی نییە، بەڵام ئەتوانین وای دانێین گیانی ئەو منداڵە لەگەڵ کۆمەڵێ پاڵپێوەنەر و بزوێنەر تێکەڵ بووە، بەڵام ئەمانە تا ڕادەیەك لەم قۆناغەدا ناڕێکن. ئەتوانین ئەم نموونە هاوئاهەنگە سەرەڕای ئەوەی ئێستا هیچ مانایەکی نیە بە شێوەیەك لە شێوەکانی زمان ببینین. بۆئەوەی زمان بەو شێوەیەی کە هەیە دەرکەوێت، ئەبێ ئەو شەپۆلی پڕ لە گۆڕانی سیفەتە بڕێت بۆئەوەی لەنێو تێرمێکی هاوسەنگدا بە جوانوڕێکوپێکی دایڕێژێتەوە، بە جۆرێك پرۆسەی نیشانەکان کاتێك ئەچنە نێو سیستەمی سیمبولەکانەوە بچەپێنرێن. هەرچەندە چەپاندنەکە کامڵ نییە، ئەکرێت (نیشانەیی) وەك ئەوەی شێوەیەکە لە پاڵەپەستۆی پاڵپێوەنەر Pulsional Pressure لەنێو خودی زمان ئەویش تۆن و ڕیتم و سیفەتە جەستەیی و ماتەریالیەکانی زمان، هەروەها لە ناکۆکی و بێمانایی و بڕین و بێدەنگی و نائامادەیی. نیشانە ڕوویەکی (تری) زمانە)، بۆیە بە پەیوەندییەکی بەهێز بەستراوە پێوەی. لەبەرئەوەی لە قۆناغی پێش ئۆدیبی سەرچاوە ئەگرێت کەواتە

[52] Infant

پەیوەستە بە پەیوەندی منداڵ لەگەڵ جەستەی دایکدا، بەڵام وەك تێبینیمان کرد سیستەمی سیمبولی بەندە بە یاساکانی باوکەوە. بەم جۆرە نیشانە لەگەڵ مێینەدا پەیوەندیەکی پتەوی هەیە، بەڵام بە هیچ جۆرێ زمانێ نییە تایبەت بە ژنان لەبەرئەوەی لە قۆناغی پێش ئۆدیبییەوە سەرچاوە ئەگرێ کە لەو قۆناغەشدا جیاوازی سێکسی بوونی نییە. کریستیفا تەماشای ئەم (زمان)ی سیمبولە ئەکات وەك شێوازێك بۆ شیکردنەوەی سیستەمی سیمبولەکان. لە نووسینەکانی هەندێ لە شاعیرانی سیمبولیستی فەرەنسی و زۆربەی نووسەرە پێشڕەوەکان، مانا جێگیرەکانی زمانی ئاسایی لەژێر کوتەکی ئەم برە دەلالەتانەدا تێك ئەشکێنرێن و پەکیان ئەخرێت، ڕووداوێك کە نیشانەی زمانەوانی تا سنوورەکانی کۆتایی ئەخاتە ژێر پاڵەپەستۆوە، تایبەتمەندییەکانی تۆن و ڕیتم و سیفەتە ماددییەکانیی بەرجەستە ئەکات و جۆرێك لە گەمەی پاڵپێوەنەرە ناهۆشمەندەکانی ئەخاتە نێو دەقەکەوە، ئەمەش هەڕەشە لە پارچەپارچەبوونی مانا جێگیربووە کۆمەڵایەتییەکان ئەکات. نیشانە بە خوڕ و فرەیە، جۆرێکە لە داهێنانی فرە دڵخۆشکەرانە دەربارەی مانای ورد و درشت، کە

به لەناوبردن و یاخود نەفیکردنی ئەم جۆرە نیشانانە لەزەتێکی سادیستیانە ئەبینێ. لەگەڵ هەموو دەلالەتە جێگیر و باڵاکان تووشی ڕووبەڕووبوونەوە ئەبێت. بۆیە ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگای باوك سالاری و هاوچەرخ بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی پەنا ئەباتە بەر نیشانە جێگیرەکانی وەك (خوا، باوك، دەوڵەت، یاسا، موڵکایەتی و..) ئەم جۆرە ئەدەبیاتانەش لە بواری زماندا وەك شۆڕشن لە بواری سیاسەتدا. خوێنەری ئەم جۆرە دەقانە لە ئەنجامی ئەم فشارە زمانەوانییە لە یەکتری جیائەبێتەوە و یاخود (ناچەقی) ئەبێت و، ئەکەوێتە نێو ناکۆکییەوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم بەرهەمە فرە شێوەییە تەنانەت توانای ئەوەی نییە کە جێگای شتێکی سادەش بگرێتەوە. نیشانە تەواوی ئەو جیاوازیە دیارانەی لە نێوان نێر و مێدا هەیە تێکەڵیان ئەکات، (شێوەیەکە لە نووسینی نێرەموکانە)، هەموو ئەو دژە دوولایەنانەی کە کۆمەڵگاکان و کۆمەڵگای ئێمە پێی ئەژی تێکی ئەشکێنێت ئەو دوولایەنانەش وەك گونجاو/ ناگونجاو، ئادات/ لادان، ساغ/ شێت، هی من/ هی تۆ، دەسەڵات/ گوێڕایەڵی. نووسەری ئینگلیز زمان جیمیس جۆیس باشترین نووسەرێکە

توانیویــــەتی تیۆرەکــــانی کریســــتیڤا بــــە جــــوانی بەرجەستە بکات(9).

هــەروەها هەنــدێ لــەم ئەندێشــانە ئــەتوانین لــە نووسینەکانی فیرجینا وڵف بەدییان بکەین" فیرجینیا بە شێوازی ڕەوانبێژی وردبینی و هەستیاری بەرگری نیشان ئەدات بەرامبەر بە دنیای میتافیزیکی نێرانە، کــە فەیلەســوفی بــەڕێز (ڕامســەی Mr. Ramsay) لــە (بەرەو فانۆسی دەریا)ی ئاماژەیەکە بۆ ئەمە. جیهانی ڕامســەی بــە ڕاســتییە ئەبســتراکتەکان، و جیاوازیــە دیارەکان و، کرۆکە جێگیرەکان کارئەکات، ئەم جیهانە جیهانی باوک سالارییە، لەبەرئەوەی کێر نیشانەیەکی دڵنیــاو ڕاســتەقینەیە لەگــەڵ خــودا یەکــە و نابێــت ڕووبەڕووی ببینەوە. ئەتوانین بڵێین، بە پێی بۆچوونی پاش بوونیادگەران کۆمەڵگای هاوچەرخ کۆمەڵگایەکی (کێــر ســــەنتەری)[53] یــە" هــەروەك ئــەزانین (مانــا سەنتەریش logo centric)یش هەیە، ئەمیش پێی وایە کە وتووێژ ئەتوانێ یەکسەر بمانگەیەنێتە حەقیقەتی تەواو و بوونی شتەکان. جاك درێدا بە جووتکردنی

---

[53] یان ئەتوانین بڵێین (کێر بونیاد) واتە قۆناغێکە هەموو شتێك بە دەوری کێردایە بە ئینگلیزیەکەی (Phallo centric)

ئەم دوو زاراوەیە، زاراوەی (کێری مانا سەنتەری)[54]ی خولْقاند کە ئەتوانین وەریگێڕین بۆ زاراوەی (زیاد لە پێویست دلْنیایە)[55]. چیرۆکی (نیشانەیی) فیرجینیا وۆلْف ئەکرێ وەلاّمێك بێت بۆ هەمان ئەم زۆر لەخۆ دلْنیابوونە کە ئامێرێکە بەدەست ئەوانەی بە دەسەلاّت پەیداکردن بەسەر هێزی سێکسی و کۆمەلاّیەتی پایەگەی خۆیان ئەپارێزن. ئەم مەسەلەیە پرسیارێکی ئازاراوی ئەخاتەڕوو کە لەنێو تیئۆری ئەدەبی فیمینیستدا زۆر گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەویش ئەوەیە ئایا شێوازێکی دیاریکراو هەیە بۆ نووسینی ژنانە؟ وەك بینیمان (نیشانەکانی) کریستیفا بە هیچ جۆرێك ژنانە نین: لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو نووسەرە شۆڕشگێڕانەی کریستیفا گفتوگۆی لەسەر کردون پیاون. هەروەها ئەکرێ چاوەڕوان بکرێت ئەم نووسینانە بە شێوەیەکی گشتی تایبەت بە ژنان بێت ئەویش بەو بەلْگەیەی کەوا ئەم نووسینانە لەگەلْ جەستەی دایکدا پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، هەروەها بەو پێوەرە شیکردنەوە دەروونییە ئالْۆزانەی کە بە هۆیانەوە ژنان لە پیاوان

---

[54] Phallogocentric

[55] cocksure

زیـاتر لەگـەڵ جەسـتەی دایکـدا پەیوەنـدیان هەیـە. هەندێ لە لایەنگرانی فیمینیست ئەم تیۆرەیان ڕەت کـردەوە، لـە ترسـی ئـەوەی نـەوەك ئـەم تیـۆرە جەوهەرێکی ئافرەتانە لە جۆری ناڕۆشنبیری دروست بکات، یاخود ڕەنگە گومانی لەوەش هەبێت کە ئەم تیـۆرە ڕەنگـە تـەعبیرێکی زیـاتر بێـت لـە تـەعبیری هـەردوو توخمەکـە دەربـارەی زۆربلێیـی ئـافرەت. بـە بـڕوای مـن تیئـۆری کریسـتیفا هـیچ یـەك لـەم دوو تیۆرەی مەبەست نییە. زانینی ئەم داوایە زۆر گرنگە، کـە نیشـانە لـە بەرامبـەر سیسـتەمی سـیمبولیدا ئەڵتەرناتیفێ یاخود زمانێ نییە کە بتوانرێت لە جێی وتنی (ئاسایی) بەکاربهێنرێت. زیاتر پرۆسەیەکە لە دەروونی سیستەمی نیشانە تەقلیدییەکانی ئێمەدایە، کـە گومـان لـە سـنوورەکانی سیسـتەمی نیشـانەیی ئەکات و بەسەریا زاڵ ئەبێت. لە تیئۆری لاکانیدا هەر کەسـێ نـەتوانێ بچـێتە نێـو دەروونـی سیسـتەمی نیشـانەکانەوە، واتـە ئـەزموونی خـۆی لـە ڕێگـای زمانـەوە نیشـانەدار نـەکات ئـەوا دەروون پەرێشـان ئـەبێت. ئـەکرێ نیشـانە وەك جۆرێـك لـە سـنوورداری دەروونـی یـاوەکو سیسـتەمی نیشـانەکان وەربگـیرێ، هەروەها تەماشای ژنان بکرێت وەکو کەسانێك کەوا

لەسەر ئەم سنووره ئەژین. لەبەرئەوەی ڕەگەزی مێ وەکو هەر ڕەگەزێکی تر لە دەروونی سیستەمی نیشانەکانەوه دروست بووه، بەڵام خراوەته پەراوێزی ئەو سیستەمەوه، وەك بێهێزێ لە بەرامبەر نێردا تەماشا کراون. ژن هاوکات لە (دەرەوه) و (ناوەوه)ی کۆمەڵگای پیاوان ئەژی، ژن لە لایەك ڕەگەزێکە خاوەن بەهایەکی سۆزدارییە لە لایەکی ترەوه قوربانییەکی نەناسراوه. هەندێ جار ئافرەت ستاندێکە لە نێوان پیاو و ئاژاوەدا هەندێ جاریش بەرجەستەکردنی خودی ئاژاوەیە. لەبەر ئەم هۆیە نیگەرانە لەو وتە ڕێکپۆش و جوانانەی ئەم جۆره ڕژێمەو سنووره تەواو هەڵوەشاوەکانی تاریك و ئاڵۆز ئەکات. لە کۆمەڵگای باوك سالاریدا ژنان بە نیشانە و وێنە و مانای جێگیر نیشان ئەدرێن، لەبەرئەوەی ئافرەت نوێنەری ڕووی نەگەتیڤی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە و هەمیشە شتێك لەواندا هەیە کە پشتگوێ خراوه و زیادەیەو قابیلی نیشاندان نییە، بۆیە نایەوێ لەوێدا وێنەی بکێشرێ لەسەر بناغەی ئەم دیدگایە مێیەتی – ڕوویەکە لە بوون و وتن ئەمەش مەرج نیە لەگەڵ ئافرەتاندا یەك بێت –ئاماژەیە بۆ هێزێك لەناو ئەو کۆمەڵگایەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵیا،

پەیامە سیاسییە ئاشکراکانی ئەم بارودۆخە لە بزووتنەوەی ئافرەتاندا دەرئەکەوێت. پەیوەندی سیاسی تیۆرەکانی خودی کریستیفا پێکەوەش – بوونی هێزی نیشانەیی کە هەموو مانا جێگیر و دەزگاکان و پەیمانگاکان ئەشێوێنێ– جۆرێکە لە ئاژاوەچێتی. ئەگەر ئەم شێوە وێرانکردنەی هەموو بونیادە جێگیرەکان وەڵامدانەوەیەکی ڕازیکەر نەبێت لە بواری سیاسەتدا ئەوا لە بواری تیئۆریشدا هەروایە، بەو فەرزەی کە ئەو دەقە ئەدەبیەی کە ماناکان شی ئەکاتەوە خود بە خود دەقێکی (شۆڕشگێڕانەیە). ڕەنگە ئەو دەقە لەژێر پەردەی جۆرێك لە عەقڵانیەتی راستڕەوانە یاخود بێ هیچ مەبەستێکی باڵا ئەم کارە ئەنجام ئەدات. بەڵگەکانی کریستیفا بە شێوەیەکی ترسناك فۆرمالیستە و بە ئاسانیش قابیلیەتی لەڕێلادانی هەیە. ئایا بە خوێندنەوەی مالارمیە ئەکرێت دەوڵەتی بۆرژوازی لەناوببرێت؟ ئەڵبەتە کریستیفا دان بەمەدا نانێت و بەڵام گرنگییەکی کەم ئەدات بە تەماشاکردنی ناوەرۆکی سیاسی دەقەکە، واتە ئەو هەلومەرجە مێژووییانەی کە تیایدا مەدلولەکان هەڵئەگێڕدرێنەوە هەروەها ئەو هەلومەرجە مێژوویانەی کە هەموو

ئەمانــــە ڕاڤــــە ئــــەکرێن و بەکارئــــەهێنرێن. بۆیــــە هەڵوەشاندنەوەی بابـەتێکی یـەکگرتووش لـە خۆیـدا بزووتنەوەیـەکی شۆڕشـگێڕانە نییـە. کریسـتیفا بـە دروستی درك بەوە ئەکات کە تاکڕەوی بۆرژوازی ئەو کاتـە ڕەونـەق پەیـدا ئـەکات کاتـێ کـە پشـت بـەم بتـە ئەبەستێت، بەڵام کارەکانی ئەو حەز ئەکەن لەو خاڵەدا بوەسـتنەوە کـە تیایـدا تاکەکـەس ژێـر پـێ خـراوە و خراوەتـە نێـو نـاواخنی ناکۆکییەکانـەوە. هـەروەك بەراوردکاریـەك، بـە پێـی بۆچوونی بریشـت دامـاڵینی شوناسنامەی پێشینەی ئێمـە لـە ڕێگـای هونەرەوەیە، لـە دەرکـەوتنی مرۆڤـی نوێ جیاناکرێتـەوە کـە نیـازی وایە نەك تەنیا درك بە چەند پارچەیی دەروونی بکات بەڵکو هەستی بە خەباتی سیاسی دژ بە نادادوەریش. ئاژاوەچـێتی نـاوەکی، یـاخود هەڵبـژاردەیی تیـۆرە جوڵێنەرەکانی کریستیفا تـەنیا جۆرە سیاسـەتێك نیـە کە لە ناسینی ئەوەوە –بەو پێیـەی کـە ژنـان و هەنـدێ لــە بەرهــەمی ئــەدەبی (شۆڕشـگێڕانە) مەسـەلەیەکی تووندڕەو ئەخەنـە بـەردەم کۆمـەڵگای هاوچـەرخ –بـە ئەنجام بگات. هەر لەبەرئەو بەڵگەیەشە کە ئەم تیۆرانە سنوورێك دیاری ئەکەن ئەویش جورئەتی ئەوە ناکات بەرەو ئەو سنوورە هەنگاو بنێت.

پەیوەندییەکی ئاشکراو سادە هەیە لە نێوان شیکردنەوەی دەروونی و ئەدەبدا بۆیە لە ئەنجامدا جێی خۆیەتی ئاماژەی بۆ بکرێت. ڕاستبێت یاخود هەڵە، تیئۆری فرۆیدی پاڵپێوەنەرە فوندەمەنتێلەکانی هەموو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دائەنێت بە ڕێگایەك بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازار و خۆشی دەستکەوتن: ئەمەش لەو جۆرەیە لە بواری فەلسەفەدا پێی ئەوترێت (hedonism)[56]. ئەو هۆیەی وا لە ژمارەیەکی زۆر ئەکات کە حەز بە خوێندنەوەی شیعر و ڕۆمان و شانۆنامە بکەن چونکە ئەو شتانە چێژیان پێ ئەبەخشێت. ئەم ڕاستییە ئەوەندە ئاشکرایە زۆرجار لە زۆربەی دانشگاکانیشدا باس ناکرێت. لە زۆربەی دانشگاکاندا تەواو دژوارە گەر مرۆڤێ چەند ساڵێ لە تەمەنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەب تەرخان بکات دوایی بگاتە ئەوەی کە ئێستا چێژی لەم کارە دیوە. لە زۆربەی دانشگاکان بە جۆرێك وانەکانی بەشی ئەدەب دانراوە کە ڕێگرە لە بەردەم ڕوودانی ئەم چێژە، ئەوانەشی پاش تەواوکردنی ئەم بەشە بتوانن

---

[56] بە واتا (چێژویستن) یان ڕێچکەی چێژ، مەبەستی دەسکەوتنی چێژە لە شتێك/ جا ئیتر هەرچیەك بێت (وەرگێڕ).

چـێژ لـە بەرهـەمی ئـەدەبی ببیـنن ئـەو کەسـانە یـا قارەمانن یا گومڕان. هەروەك لە سەرەتای ئەم کتێبـەدا بەرچـاومان کـەوت ئـەو ڕاسـتییەی کـە خوێندنـەوەی بەرهەمی ئەدەبی ڕاستییەکە چێژبەخش، ئەمە خۆی گرفتێکی بۆ ئەوانە دروست کرد کە لـە سـەرەتادا وەك "ڕشـتەیەکی" ئـەکادیمی دایانڕشـت. گـەر قـەرار بـوو (ئەدەبیاتی ئینگلیزی) لە پلەوپایەی ئامۆزادا جێگای ڕێزی کلاسیکیەکان بێت، بۆیە پێویست بوو ئەم کارە قاڵبێکی ترسناکتر و دڵتەنگتر بە خۆیەوە بگرێت، لـەم میانـەدا لـە جیهـانی دەرەوە، خـەڵکی زیـاتر سـەرقاڵی گرنگیـدان بـوون بـە ڕۆمـانی عاشـقانە و کتێبـە سەرنجڕاکێش و ڕۆمانە مێژوویەکان، بە بێ ئەوەی بە مێشـکیاندا بێـت کـەوا ئـەم دڵەڕاوکێیەیـە هۆڵـەکانی خوێندنەوەی دانشگاکانی بێزارتر کرد و ئابڵوقەی دا.

لـە ئـەنجامی ئـەم بارودۆخـە سەیروسـەمەرەیەیە کەوا زاراوەی "چێژ" دەنگدانەوەیەکی هیچ و پووچی هەیە، ئەم وشەیە لە ڕاستیدا وشـەیەکی کـەمتر جیدیـە لە وشـەی (جیـدی) خـۆی. دەربڕینـی ڕایـەك دەربـارەی قــوڵایی ڕەوشــتی شــیعرێك وەك مامەڵــەکردنێکی ڕەخنـەیی تـا ڕادەیـەك جێگـای قبـووڵ تـرە لـەوەی کـە بوترێ ئەو شیعرە شیعرێکی گەلـەك چێژبەخشـە. زۆر

**گرانە گەر هەست بەوە نەکەین کۆمیدی کاریگەری زیاتر ڕووکەشییە لە تراژیدی. لە نێوان پاکداوێنانی کیمبردج ئەوانەی بە دەنگێکی ترسناک باسی (جیدییەتی ڕەوشت) ئەکەن و خاوەن پلەکانی ئۆکسفورد ئەوانەی ڕایان وایە (جۆرج ئەلیوت) نووسەرێکی (سەرگەرم) کەرە، جێگایەکی زۆر کەم هەیە بۆ تیۆرێکی شایستە بە چێژ. بەڵام شیکردنەوەی دەروونی سەرەڕای ئەو شتانەی تر کە هەیەتی هەر بە تەواوی هەمان شتە. چەکی فیکری تووندوتیژی شیکردنەوەی فیکری گرنگی بە دۆزینەوەی ئەم بابەتگەلە گرنگانەی لەم جۆرە ئەدات کە مرۆڤ چ شتێکیان لا خراپە و چۆن ئەو شتە ئەتوانێ ئەوان لە چنگی ئازارەکانیان ڕزگار بکات و خۆشبەخت تریان بکات. ئەگەر فرۆیدیزم زانستێك بێت گرنگی بە شیکردنەوەی ناکەسایەتی هێزە دەروونییەکان بدات لە هەمان کاتدا زانستێکە بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئازادکردنی بوونی مرۆڤ لەو شتانەی ئەبنە هۆی تێکشکاندنی حەز و ئارەزوو شادییەکانی. تیۆرێکە لە خزمەتی کارە گۆڕانکارییەکانە بۆیە هاوتای تیۆرێکی سیاسی ڕادیکاڵە. پێ لەسەر ئەوە دائەگرێت کە دڵخۆشی و**

دڵتـــەنگی بڕێــك زاراوەی زۆر ئــاڵۆزن، لـــەم بـــوارەدا خاوەنی کۆمەڵێ بیروباوەڕی زۆر جیاوازە کە ناگونجێ لەگەڵ بیروباوەڕی ڕەخنـەگرە ئەدەبییـە تەقلیدییـەکان، کـە زاراوەکـانی وەك حـەز و ڕق لێبوونـەوە تـەنیا بـە کۆمـــەڵێ بۆچـــوونی (ســـەلیقەی) دائـــەنێت، لەمـــە زیاتریش شیکردنەوە هەڵناگرێت. لە دید و بۆچوونی ئەم جۆرە ڕەخنەگرەوە وتنی ئەو وتەیەی کە چێژت لە شـیعرێك بینیـوە ئـەوە پنتـی کۆتـایی باسـەکەیە, بـۆ جـۆرێکی تـر لـە ڕەخنـەگران، سـەرەتای دەسـتپێکردن لەم خاڵەوەیە.

ئەمەش مانـای ئـەوە نییـە خستنەڕوویەك بێت کە شـیکردنەوەی دەروونـی بـە تـەنیا ئـەتوانێت کلیلـی چارەسەرکردنی بابەتەکانی بەهای ئەدەبیو چێژ بدات بـــە دەســـتەوە. هـــۆی حـــەزلێکردنمان یـــاخود حەزلێنـەکردنمان لـە بەشـێکی دیـاریکراوی زمـان، بـە تـەواوی گەمەیـەکی ناهۆشمەنـدی پاڵپێوەنـەرەکانمان نیە کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکە دروست ئەبێ بەڵکو هەندێ پەیمان و ئارەزووی هۆشمەندیش تیایدا بەشدارن. کارلێکردنێکی هاوسەنگ و دژوار لـە نێوان ئـەم دوو بەشـەدا هەیـە، ئـەبێ لـە شـیکردنەوەی وردی هـــەر دەقێکـــی ئـــەدەبی دیـــاریکراودا نیشـــان

بدرێت[10]. وا پێدەچێت مەسەلەکانی بەهای ئەدەبی و چێژ جێگایەکی داگیر کردووە لە نێوەندی بوارەکانی شیکردنەوەی دەروونی، زمانەوانی، ئایدیۆلۆژیادا داگیر کردووە، لەم بوارەدا تا ئێستا ئەوەندە شت پێشکەش نەکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوە باش ئەزانین بە پێی ڕەخنەی ئەدەبی تەقلیدی ئەوەندە توانامان لەبەر دەست نییە تا بزانین هۆی چییە مرۆڤ لە ڕێکخستنی هەندێ وشەی دیاریکراودا چێژ ئەبینێ. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر لە ڕێگای تێگەیشتنی تەواومان لە بارەی چێژوەرگرتن و چێژوەرنەگرتن کە خوێنەر لە ئەدەبەوە چنگی ئەکەوێت، ئەتوانرێ تیشکێکی هەرچەند کەمیش بێت بەڵام گرنگ بخرێتە سەر هەندێ لە گرفتەکانی پێویست بۆ خۆشبەختی و بەدبەختی. یەکێك لە دەوڵەمەندترین ئەو تەقلیدانەی کە لە نووسینەکانی فرۆید دەرکەوت ئەوەیە کە زۆر دوورە لە گرنگیپێدانەکانی لاکانەوە. ئەو تەقلیدەش جۆرێکە لە کاری سیاسی –شیکردنەوەی دەروونی گرنگی بە مەسەلەی خۆشحاڵی ئەدات لەبەرئەوەی ئەمەش کار ئەکاتە سەر هەموو کۆمەڵگا. لەو کۆمەڵە کارە بەرجەستانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە ئەتوانین

ئامـاژه بـه کارەکـانی دەروونناسـی ئـەڵمانی ولهـیلم ڕایــش Wilhelm Reich و نووســینەکانی هربــرت مــارکیوز Herbert Marcuse بکــەین و هــەروەها ئەندامـەکانی تـریش ئەوانـەی کـە پێیـان ئـەوترێت قوتابخانــــەی فرانکفــۆرت بـــۆ لێکۆڵینــــەوەی کۆمەڵایەتی(11). ئێمە لـە کۆمەڵگایـەك ئـەژین لە لایەك ئەمانخاتـە ژێـر فشـاری گـەڕان بـە دوای ڕازیکردنـی دەســت و بـرد و لـە لایـەکی تریشـەوە جۆرێـك لـە دواخستنی بێ کۆتایی ڕەزامەندیەکانمان ئەخاتە سەر شانی تـەواوی بەشـەکانی کۆمـەڵ. مەیانـەکانی ژیـانی ئـابووری، سیاسـیی، ڕۆشـنبیری پـڕ ئـەبێت لـە کـاری شەهوەتئامێز و کالاٌ هەڵخەڵەتێنەرەکان و وێنەی پڕ لە بریــق و بـــاق، کەچـــی لەولاشـــەوە پەیوەندیــە سێکسـیەکانی نێـوان پیـاوان و ژنـان زیـاتر تووشـی نەخۆشی و بێ کەڵکی ئەبن. لەم شێوە کۆمەڵگایانـەدا دەسـتدرێژی تـەنیا پەیوەسـت نابێـت بـە مەسـەلەی پاســەوانیکردنی نێـوان خوشـکان و برایـان، بـەڵکو ئەبێتـە ئەگـەرێکی گـەورە بـۆ خـود –وێرانکردنێکـی ئــەتۆمی، واتـە پاڵپێوەنـەری مـەرگ وەك سـتراتیژی ســەربازی مەشـروعیەتی خــۆی پەیــدا کــردووە. تێرکردنــی خۆئازارانــەی (ســادیزمی) دەســەڵات

ڕووبەڕوو ئەبێتەوە لەگەڵ ملكەچكردنی ماسۆشی (ئەوی تر ئازاردانی) ئەوانەی كە دەسەڵاتیان نییە. لەم هەلومەرجەدا ناونیشانی كتێبەكەی فرۆید (سایكۆپاسەلۆگی ژیانی ڕۆژانە)[57] مانایەكی نوێ پەیدا ئەكات، یەكێك لەو هۆیانەی وامان لێ ئەكات بۆ ئەو هێزە بگەڕێین كە هێزی خۆشی و ناخۆشی ئەجوڵێنێ ئەوەیە ئەمانەوێ بڕی ئەو چەپین و سەركوتكردنە بزانین كە كۆمەڵگا ئەتوانێ تەحەمولی بكات، هەروەها چۆن ئارەزووەكانی خاوەن مەبەستی بەنرخ ئەگۆڕدرێت بۆ ئامانج و ئارەزوویەك كە بێ نرخ بن و هیچ بەهایەكیان نەبێت، چۆن ئەو پرۆسەیە دروست ئەبێت كە هەندێ جار پیاوان و ژنان ئامادە ئەكات بۆ بەرگەگرتن لە بەردەم سەركوتكردن و بێ ڕێزی، هەروەها ئەم خۆبەدەستەوەدانەش تا كوێ بەردەوام ئەبێت. ئەتوانین لە ڕێگای تیئۆری شیكردنەوەی دەروونییەوە لێكۆڵینەوەی زیاتر لە بارەی ئەوە بكەین كە بۆچی زۆر كەس جۆن كیتس John Keats بە باشتر دائەنێت لە لای هانت[58] هەروەها

---

[57] Psychopathology of Every Life (دەروونناسی نەخۆشی ژیانی ڕۆژانە.. وەرگێڕ).

[58] Leigh Hunt

ئەشتوانین زۆر شت فێربین دەربارەی گرنگێتی ئەو مەدەنیەتەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی خۆی بە ناڕازیبوون بەجێدێڵێت و پاڵیشیان پێوە ئەنێت بەرەو یاخیبوون (.......)، ئەم جۆرە مەدەنیەتەش نە خاوەنی بنەمایەکی پتەوە بۆ مانەوە نە شایستەی ئەوەشە.

## پەراوێز:

1-See for example, Kate Millett, Sexual Politics (London, 1971); but see also, for a feminist defence of Freud, Juliet Mitchell, Psychoanalysis and feminism (Harmondsworth, 1975 f).

2-See her Love, Guilt and Reparation and Other Works, 1921-1945 (London, 1975).

3-See the film journal Screen, published in London by the Society for Education in Film and Television, for some valuable analysis of this kind. See also Christian Metz, Psychoanalysis and Cinema (London, 1982).

4-The Forked flam: A Study of D.H. Lawrence (London, 1968). P. 43.

5-See Freud's assay "Creative Writers and Day- Dreaming', in James Strachey (ed.), The Standard Edition of the Complete Psycholgical Works of Sigmund Freud (London,1953- 1973), vol. IX.

6-For a Marxist application of Freudian dream theory to the Literary text, see Pierre Macherey, A Theory of Literary Production (London, 1978), pp. 150- 1, and Terry Eagleton, Critcism and Ideology (London, 1976). Pp. 90-2.

7-See Peter Brooks, "Freud's Masterplot: Questions of Narrative', in Shoshana Felman (ed.), Literature and Psychoanalysis (Baltimore, 1982).

8-See Raymond Williams, Drama from Ibsen to Brecht (London, 1968), Conclusion.

9-See Colin MacCabe, James Joyce and the Revolution of the Word (London, 1978).

10-See my essay 'Poetry, Pleasure and Politics: Yeats's "Easter 1916" 'In the Journal Formations (London forthcoming).

**11-See Wilhelm Reich, The Mass Psychology of Fascism (Harmonsworth, 1975): Herbert Marcuse, Eros and Civilization (London, 1956), and One-Dimensional Man (London, 1958).**
**See also Theodor Adorno et al., The Authoritarian Personality (New York, 1950), and for accounts of Adorno and the Frankfurt School, Martin Jay, The Dialectial Imagination (Boston, 1973), Gillian Rose, The Melancholy Science: An Introduction to the Thought of Theordor A dorno (London, 1978), and Susan Buck- Morss, The Origin of Negative Dialectic (Hassocks, 1977).**

## سەرچاوەکان:

**Sigmund Freud: see the volumes in the pelicen Freud Library (Harmondsworth, 1973), esp. Introductory Lectures on Psychoanalysis, The Interpretation of Dreams, On Sexuailty and the Case Histories (2 vols) Richard Wollheim, Freud, London, 1971.**
**J. Laplanche and J.-B. Jpontalis, The language of Psycho- Analysis, London, 1980**
**Herbert Marcuse, Eros and Civilization, London, 1956.**
**Paul Ricoeur, Freud and philosophy, New Haven, 1970**
**Jacques Lacan, Ecrits: A Selection, London, 1977**
**The Four Fundamental Concepts of Psycho-Analysis, London 1977**
**A.C. Wildens, the Language ot the self, Baltimore, 1968**
**Anika Lemaire, Jacqlukes Lacan, London, 1977**
**Elizabeth Wright, 'Modern Psychoanalyic Criticism', in Ann Jefferson and David Robey, Modern Literary**
**Theory: A Comparative Introduction, London, 1982.**
**Simon Lesser, Fiction and the Unconscious, Boston, 1957**
**Norman N. Holland, The Dynamics of Literary Response, Oxford, 1968.**
**Five Readers Reading, New Haven, Conn, 1975**
**Ernst Kris, Psychoanalytic Explorations in Art, New York, 1952**
**Kenneth Burke, Philosophy of Literary Form, Baton Rouge, 1941**
**Harold Bloom, The Anxiety of Influence, London, 1975**

**A Map of Misreading, London, 1975**
**Poetry and Repression, New Haven, Conn. 1975**
**Colin Mac Cabe, James Joyce and the Revolution of the Word, London, 1978**
**Shoshana Felman (ed.), Literature and Psychoanalysis, Baltimore, 1982**
**Cer, Trey Hartman (ed.). Psychoanalysis and the Question of the Text. Baltimore, 1978**